
# ئەناهیتا پێغەمبەرێك لەهێزی ئاو



نووسینی: پیر لوقمان

## ئەناهیتا پێغەمبەرێك لەهێزی ئاو

ئەی ئەهورا مەزدا، تەواوی پرسیارەکانم لەو ڕووەوەیە، تابزانم، ئاوەدانکارێك، کە بەکرداری درووست و بەخاکەساری، گەیشتۆتە ئاوەز( ئەقڵ) ی سازندە و بۆ خەڵك، وەك ڕێبەرێکی دادگەر ناسراوە، چۆن دەتوانێت لە تیشکی ڕاستیدا، ئەم جیهانە پێش بخات و ئاوەدانی بکاتەوە؟ ( زەرەثۆشترای پێغەمبەری کورد نەژاد( ١) یەسنا، هایتی ٥١، بڕگەی ٥)

١- ( یاداشتهای گاثاها) نووسینی: ئیبراهیم پورداود ( لاپەڕە ٣٩٦ و ٣٩٧)

پورداود، نووسیویەتی: زەردەشت، لە ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستا، لەدایك بووە. هەر لەوێش، وەك زەردەشت باسی کردووە، پادشایەك سەرهەڵدەدات، چەوسانەوە و بێدادی لەناو دەبات، لەناو مادەکاندا کە نەتەوەکەی زەردەشت بوو، پادشایەك پەیدابوو بەناوی دیاکۆ. دووایە، کەیخەسرەو، شاهەنشای مادەکان، پاش ئەو، گەورەترین دەوڵەتی دروست کرد و هێرشی کردە سەر نەینەوا، پایتەختی ئاشووریەکان و دەستی سامیەکانی لەو ناوچانە بڕی. ( بەمێژووی شارستانیەتی مرۆڤ، بێجگە لەکوردیش هیچ نەتەوەیەکی دیکە لەو ناوچانە نەژیاوە. بۆیە ئەم پێغەمبەرە لەناو کوردەکاندا سەریهەڵداوە و لەگەڵ دەستکردن بەبڵاوکردنەوەی ئاینەکەی، لەلایەن دەسەلاَت و پیاوانی ئاینییەوە کە بە ( کەرپن و کاوی) ناوی بردوون، پەلامار دەدرێت و ئەویش جێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ناوچەکانی هەورامانی ئێستا).

**سەرووتار**

ئەناهیتا، پێغەمبەرێك لەهێزی ئاو، سەرەتای دەرخستنی ئەو گرێ کوێرەیە کە کۆمەڵگەی جیهان لەجیهانبینی و بیروباوەڕەکانیدا وەك شێرپەنجەیەك لەگەردنی ئاڵاوە و بەئازارەکانیەوە دەناڵێنێت. ئەناهیتاش وەك ژنە پێغەمبەرێك و ژنێکی موغ، دەرخەری هێزی سروشت و وزەی ئاوە لەسەرەتای بوونەوە تاکو ئێستا و نموونەی نییە. ئەو، تاقانە شۆڕەسواری مەیدان بووە و زانستێکی پێشکەش کردووە کەهەرگیز مرۆڤایەتی نەیتوانیوە پێی بگات. هەر بۆیە زەرەثۆشترای پێغەمبەریش کەدووای ئەو هاتووە بەشێك لەهۆشمەندی و پەیامەکەی خۆی لەسەر ڕەگی جیهانبینیەکانی ئەو ژنە پێغەمبەرە هەڵچنیوە. هەرچەندە ( ئەناهیتا) لەئەفسانەکانی میژرادا وەك خوداوەندی ئاو دەرکەوتووە بەڵام ئەو ئەفسانە نەبووە بەڵکو ڕاستی بووە. ئەو پێغەمبەرێکی سەردەمەکەی خۆی بووە

کەلەگەڵ کۆتاییەکانی شارستانیەتی سۆمێریدا و لەسەر کەلاوەکانی ڕۆشنبیری و جیهانبینیی ئەوان لەدایك بووە. هەرچەندە ئەو لەکرماشانی ئێستا ژیاوە، بەڵام لەسەر بنچینەی جیهانبینیی شارستانیەتی سەر تەختاییەکانی نێوان دووچڵە و فرەهات( دیجلە و فورات) جیهانبینییەکانی خۆی داڕشتووە و لەناو سروشتی دڵڕفێنی کوردەواریی ئەودەمەدا سەریهەڵداوە.

ئاو، لەلای ئەناهیتای پێغەمبەر بریتییە لە هێزێکی جاویدانی کە لەتوانایدایە ژیان بەرهەم بهێنێت و بەبێ ئەو وزە جادووییەش بوون مانای نامێنێت و هەرگیز لەگێتیدا بەرهەم نایەت. ئەناهیتا، دەبێژێت( ئاو، هۆکاری کۆتاییە بۆ بەرئەنجام و لەدایکبوونی ژیان. چونکە، ئورڤان( ڕەوان، ڕۆح) لەناو دەزگای جەستەدا بۆ ژیانی خرەتۆم( مێشك)، بەرهەمی کارلێکی ئاوە لەگەڵ ئەوانیتردا). کەواتە ئەناهیتا یەکەم چەکەرەی ڕۆحی دۆزیوەتەوە و لەوێوە موغەکان زانستی خۆیان لەسەر هەڵچنیوە. وێڕای ئەوەی ئەم ڕیشەیە زۆر ئاڵۆزە، بەڵام تابلێی سادەیە و ئاسانە بۆ تێگەیشتن چونکە مرۆڤ دەرهاویشتەی سرووشتە و بوونەوەرێکی زیرەکی ئەم بوونەیە و هۆشمەندییەکەی وایکردووە بگاتە ڕیشاڵۆکە لول و پێچاوپێچەکانی نهێنییەکانی بوون. هەر لەسەر بنچینەی ئەم زانستە لێرەدا و لەم پەرتوکەدا( ئەناهیتا پێغەمبەرێك لەهێزی ئاو) پرسی ڕۆح ( ئورڤان، ڕەوان) لەئەفسانە و خەیاڵاتی درۆ و هەڵبەستراوەکانی بیری بتپەرستی دەکەمەوە و دەیدەینەوە دەستی خاوەنە ڕاستەقینەکەی خۆی کە ئەناهیتای ژنە پێغەمبەری کوردانە. ئەم پەرتوکەش هەرچەندە بێکەموکوڕی نییە و چاوەڕوانی سوپاسگوزاری و دەستخۆشی نیم، بەڵکو ئومێد دەکەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تێیدا شۆڕببنەوە و ئەمدیو و ئەودیوی بکەن، بەتایبەت ئەوەی ڕۆژێك دەست دەکات بەخوێندنەوەی ئەو هەستەی لەلا دروست بێت کە ڕاستەوخۆ ئەوە منم قسەی بۆدەکەم و ئەم جیهانی پڕلەڕیشاڵۆکە نهێنییانەی ڕۆحگەراییی بۆ شیدەکەمەوە کە لەهەر دێڕێکدا سورمەیەکی ئەفسوناویی ئەوبەلەمەی لەسەرە کەبەسەر شەپۆلەکانی دەریای پڕلەتۆفانی تاریك و قوڵی جیهانبینییەکانی منی لەخۆگرتووە.

پیر لوقمان

## ئەناهیتا پێغەمبەرێك لەهێزی ئاو

لەپەرتوکی ( بەهەشتی ئەهورایی) دا وەك سەرەتایەك بەرۆچوون بەناو ئەندێشە و زانستی موغەکاندا و بیروباوەڕەکانی میثرا و پەیامە ئالۆزەکانی زەرەتۆشترای پێغەمبەردا لەجیهانە عەقڵگەراییەکەیدا کە پێی وایە هۆشمەندی لەسەروو هەمووشتێکەوەیە و هەستیمەندی بریتییە لەبوونی ئاوەزمەندیی مێشك کە باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشاوە، بەووردی شیکردنەوەم بۆ ( ئورڤان، ڕەوان، ڕۆح) نەکردبوو. چونکە، پێم وابوو هێشتا زووە بابەتگەلێکی پڕ لەڕیشاڵۆکەی لولپێچراوی نەبیستراوی ئاوا قورس و سەنگین بخرێتە بەردەم کۆمەڵگەی کوردی کە بە جیهانی ڕۆحداری تەلبەند کراون و تەوقی ڕۆحگەرایی لەگەردنیان ئاڵاوە. هەرچەندە نوسینگەل و جیهانبینیگەلێکی زانستیی بێگانە کەبەرهەمی سروشتی و جیهانبینیی ئاوەزی کورد خۆی نییە لەناو کێڵگەی خوێندەواریی کوردیدا هەن لێ ئەوانە نەیانتوانیوە بەهەستێکی خۆماڵیانەی خودویستانە ببنە بەشێك لەئەندێشە و جیهانبینیی خەڵکی کورد. بەڵام، ئەم پەرتوکە( ئەناهیتا پێغەمبەرێك لەهێزی ئاو) زانست و جیهانبینیەکی خۆماڵیانەی کوردییە و کەرەستەکانی لەناو چاڵەکانی مێژووی خەڵکی کوردەوە چەکەرەی کردووە و لەناو خۆیاندا سەریهەڵداوە و خاوەندارێتیی خۆکردە. بۆیە ئاسانە ئێمەش وەك کۆمەڵگەکانیتر جیهانبینی و زانستی خۆمان هەبێت و بڵاویشی بکەینەوە.

لەسەرەتای لاوێتیمدا زۆر لەژێر کاریگەریی خوێندنەوەی چیرۆك و ڕۆماندا بووم. هەرچییەکم دەست بکەوتایە جا چ بەکوردی و چ بەعەرەبی و هەندێك جاریش بەفارسی، بەبێ جیاوازی دەمخوێندەوە. چونکە، پێم وابوو هەر نووسەرە و بەتامێکی جیاوازەوە ژیان و ئەزموونەکانی دەنووسێتەوە. پێم وابوو هەریەکە و خودایەکی جودای لەناو بیرکردنەوەکانیدا شاردۆتەوە منیش بۆ دۆزینەوەی خوداجیاوازەکان بەردەوام لەکۆششدابووم تاکو نهێنیی ئەو خوداگەلە بزانم لەناوئاخنی مرۆڤەکاندا هەیە. ئیدی وایلێهاتبوو کتێبخانەکەم پڕ ببوون لەڕۆما، کە هەریەکە و لەلایەن خودایەکەوە ووزەی لێوەرگیرابوو.

بۆ دۆزینەوەی خوداکان، بەناو تەفسیرەکانی قورئاندا دەگەڕام. لەووشە بەووشەی قورئان ڕادەمام. ئەحادیسەکانم تاوتوێ دەکردن. لەمزگەوت لەدووای هەمووانەوە دەوەستام و لەکۆتاییدا وەك هەمیشە بەپرسیارە ئاڵۆز و تاقەتپڕوکێنەکانمەوە لەبەردەم مامۆستای مزگەوتدا دەوەستام و بەدووای ئەو خودایەدا دەگەڕام کەلەپشت ئەفسانەی ئیسلامەوەیە.

کۆڵم نەدەدا. هەمیشە لەدەوری بەتەمەنەکانەوە بووم. ئەزموون و بەسەرهاتەکانیانم گوێ لێدەگرت. ئەوان بەجودا لەمەلا و لەپەرتوکە نووسراوەکان و لەتەفسیرەکان خوداگەلێکی دیکەیان هەبوو. ووزەیان لەسرووشتی خوداکەی خۆیانەوە دەبردەوە ناو هەناسەیان و پەنگیان پێ دەخواردەوە. لەکەمدووییدا دەیانخنکاند و جاریواش هەبوو لەئازاری شکست و مایەپوچیاندا لەژیان، دەریان دەپەڕاند. ئیدی بۆمن دەبووە هەوێنی بیرکردنەوەیەکی ئاڵۆز ... تابڵێی ئاڵۆز. ئەم ئاڵۆزیانەم دەبردە بەردەم مامۆستاکانی قوتابخانەم. ئەوان، شتگەلێکی تر بوون. گرنگ نەبوو بەلایانەوە خوێندکارێکی لادێیی وەك من، چۆن ئەڕوانێتە ژیان. ئەوان تەنها ئەوەیان لەلا گرنگ بوو کەخۆیان لەدووتوێی پەرتوکەکانی خوێندندا بەئێمەیان دەگوتەوە. زۆرینەیان خوداکانی ناخیان تەنها لەو بڕەپارەیە ڕادەمان کە سەری مانگ وەریاندەگرت. ئەوەندەی گرنگییان بەبەرگتێگرتنی پەرتوکی وانەکەی خۆیان دەدا گرنگییان بەهەست و بیرکردنەوەی خوێندکارەکانیان نەدەدا. من تەواوی مامۆستاکانی خۆمم دەناسی بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی تاکە خوێندکارێکی خۆیان بناسن. بۆیە سودگەلێکی ئەوتۆیان لەسەر ڕەوتی بیرکردنەوەکانی من نەبوو تەنانەت هەندێکیان لەو مامۆستایانەی من هەمبوو لە قوتابخانە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیر و بگرە سیاسیش بوون. بەڵام، ئەوان، زیاتر بەکرێکارێکی خوێندەوار دەچوون کە پسپۆڕییان لەکارەکەیاندا هێناوە و ببوونە ئەندازیار. بۆیە، زیاتر ئازاربەخش بوون نەك پەناگەیەك بۆ زانست و بۆ بیرکردنەوە.

لەنووسەرەکاندا ( ابن خلدون)، ( ابن سینا)، ( عبدلڕەحمان مونیف)، ( عەلی وەردی)، ( یەشار کەمال)، ( جان جاك ڕۆسۆ)، ( جاك لەندەن)، (دیکارت)، ( فیردەوسی)، ( هێمن)، ( هەژار)، ( شەرەفخان)، ( سوقرات)، ( ئەفلاتۆن) و ( زۆری تریش...هتد) کە لەژمارە نەدەهاتن پەرتوك و نووسراوەکانیان لەناو ئەوچاڵەدا دەمشاردنەوە کەباوکم ( فرەوەهری لەبەرزەخدا بێت) لەناو گەوری مانگاکانماندا بۆی هەڵکەندبووم و بەشێوەیەکی زۆر وەستایانە ڕێکی خستبوو بەبێ ئەوەی شێ بکەن یان تێکبچن. کەبەداخەوە لەپرۆسە بەدناوەکەی ئەنفالدا کە کوردی تێدا کۆمەڵکوژ کرا، پەرتوکەکانی منیش تێداچوون و تاکەیەك دانەم بۆ دەرنەچوو و سەربازە عەرەبە داگیرکەرەکان هەموویان سووتاند. ئەو پەرتوکانە پڕ بوون لەخودا. خوداگەلێك کەهەریەکە و بەشێوەیەك لەئێمە و جیهانیان دەڕوانی. ووزەیان دەدا بە ئەندێشە و ئاویان بۆ ژیان و بوون بەرهەم دەهانی. وێڕای ئەوەی پەرتوکی پیرۆزی ( ئەوێستا) کەشمان کەلەباپیرانمانەوە بۆمان مابۆوە تێداچوو. بەڵام، خۆشبەختانە من زۆربەیم لەبەربوو. هەرچەندە لەم دووایيانەدا کۆپییەکیم لەهندستان دەست کەوت لێ تامی ئەوی نەدەدا چونکە ئەو کتێبە لاپەڕەکانی پڕ بوون لەجریوەی کاتە جادووییەکانی منداڵیم و بۆن و بەرامەی پێشینەکانمانی لێ دەهات و تەواو جودابوو.

لەلاوێتیمدا، سەرسەخت و یاخی بووم. زۆر بەکەمی دەچوومە ژێر باڵی فەرمانەکانی دەوروبەرەوە. هەمیشە بەدووی نهێنییەکدا دەگەڕام کەنەمدەزانی چییە! دابڕانم پێ ئەوپەڕی سەرکێشی و یەکەم هەنگاوی سەرکەوتنیش بوو. کەچی لەدابڕاندا بێزار دەبووم. لەگۆشەگیریدا پەکم دەکەوت. بەسەر پەرتوکەکانەوە خەوم لێدەکەوت و خۆم بەتەواوی ون دەکرد. دەگەڕام و خۆم پێ نەدەدۆزرایەوە. تائەودەمەی گەیشتمە ئەو ڕاستییەی کەمن بەدوای ئازادییەوەم. ئازادییەك کەدەتوانێت نەوەی خۆی بخاتەوە. بەڵام چۆن؟ لەکاتێکدا من، باوكێك و گەورەیەك لەئاسمانێکی دوورەدەستدا، لەهەست و جیهانبینییەکانمدا هەبن، ئەو، بەتواناترین و بەدەسەڵاتترین بێت، چۆن من کەسێکی ئازاد دەبم؟ بۆیە، گرێکوێرەکان تادەهاتن زیاتر دەئاڵۆسکان. دەیانبردمەوە ناو دێری کتێبەکان و بەردەم ژن و پیاوە بەتەمەنەکانی ئەزموونکردەی ڕۆژگارە بەسەرچووەکان و ئەوانیش تینوێتییان نەدەشکاندم. ئەی ئازادی چیە؟ ئێمەی مرۆڤ چیین؟ کێین؟ لەکوێوە هاتووین؟ ئاژەڵ و درەخت و بوونەوەرەکانیتر چین؟ گێتی و بوون چییە؟ ڕۆح چییە؟ ئیدی چی و چییەکان زۆر دەبوون و ئەوەندەیتر دەئاڵۆسکان.

مێژوو، گوزەری دووردرێژی مرۆڤە لەناو بووندا. هەربۆیە ڕاستی خودی مرۆڤە. منیش ئەو ڕاستییە بووم کە لەسەرخۆ و بەبێ چرپە و بەبێ هەستپێکردن و پەیپێبردنی، تێیدا گوزەرم دەکرد. دڵنیابووم ئێستا نا دەمێکیتر ئەم ڕاستییە نامێنێت و کۆتایی پێدێت. ئەمە نائومێدی بوو. لەم نائومێدییەوە ماخۆلانەکەی خۆمم چنگ کەوت. بۆیە، گەڕامەوە و چاوێکم بەناو گوزەرەکەمدا خشاند، تا ئەوەی ئایا نائومێدی و دەستبەرداربوون دەمگەیەنێتە چی؟ بوونی من وەك ڕاستی کە ژیانی بەرجەستەکردووە چ بەردێك لەسەر کەلاوەکانی گوزەری ئەوانیتر دادەنێت؟ جادووی مرۆڤ لەگێتیدا چییە؟ ئایا ژیری جادووی مرۆڤی بەرهەم هانیوە یان مرۆڤ بۆخۆی دەرهاویشتەی ژیریی گێتییە؟ هۆشمەندی ئەزەلییە یان ئەزەل بۆخۆی ئەوپەڕی پوچێتییە کە مرۆڤی خستوتەوە؟ کەتوار( واقیع) لە ڕاستیی بوونی مرۆڤی ژێردا دەبێتە بوون و گوزەری ئەم جێپێیە ئافراندوویەتی، یان جێپێکانی چیرۆکێکی ئەفسانەییە کە مرۆڤی لەسەر بوونی تەنەکانی دەروبەری وەك هەمیشەیی خۆییبوون هێشتوتەوە؟ کێ لەپشتی هەموو ئەمانەوەیە ( مرۆڤ، سرووشت و دەوروبەر، بوونەوەرەکانیتر، گێتی)؟ خودا؟ چ ئەفسانەگەلێکن ئەم چیرۆکانەی ژیان و مرۆڤ و بوون ! من، ئەوەم بۆ دەردەکەوت کە بێژم، چەند سەرسەختە مرۆڤ کە لەنائومێدیدا خودای بەرهەم هانیوە و خۆیشی بەو خودا سەیروسەمەرەیەوە بەستۆتەوە! چ ئومێدبەخشێکە ئەم ئەفسانەی خودایە کەمرۆڤ بەبێ ترس و بەمتمانەوە پێوەی دەژی و گوزەرەکەی خۆی لەناو بووندا پێ تەواو دەکات و عاشقی خۆی دەکات! پرسیارگەلێکی زۆر و زەوەندە کە مرۆڤیان بەخودی مرۆڤەوە سەرقاڵ کردووە و هەر خۆشی خاوەنی خۆی و پرسیارەکانە لەخۆی. وەڵامەکانیش هەر خۆی بەدوویاندا دەگەڕێت و هەرخۆشی

بەوەڵامێکی گونجاو، وەك ئومێد، دەیانبەخشێتە خۆی. لەلایەکەوە خۆشەویستیی خۆی دەبەخشێتە بەشێك و وێنەکانی خۆی تێدا دەکێشێت، لەلایەکیتریشەوە ڕك و کینە دەبەخشێتە بەشێکی و لەخۆی قێزەون دەکات. لەکاتێکدا هەردووبەشەکە هەرخۆی کاراکتەری سەرەکییە و بێجگە لەخۆی کەخودایە هیچ تەلبەندێکی دیکەی نییە.

مرۆڤ، ئافرێندراوێکی ترسنۆکی بەرژەوەندخوازە. ترسەکەی لەیەکەم گریانی لەدایکبوونیدا کەلەئەنجامی هاتنیەتی بۆ دۆخ و سرووشتێکی نوێ، دەردەکەوێت. کەپێیشی ڕاهات، سەرەتای بەرژەوەندییەکانی بەخواردنی یەکەم قومی شیر دەستپێدەکات کەهۆکاری ژیانکردنیەتی. فێری پێکەنین دەبێت و پێدەکەنێ، بەمەش درۆ لەوپەڕی پوچییدا بۆ خواستەکانی لەجیهاندا بۆ ژیان نمایش دەکات و بوونی خۆی پێدەسەلمێنێت و ئەوانیتر بە خستنەوەی بەرهەمەکەیان کە خۆیەتی خۆشبەخت دەکات. ئیدی خودئاگاهی بۆ خودپێناسەکردن و خودبوون بەتێکەڵەیەك لەگەڵ جیهاندا سروشتی بوونیەت و ڕەچەڵەکی دادەڕێژن. لێرەوە خواستی نەمرێتی لەهەرە خواستە گرنگ و باڵاکانی خودی ناوەوە و ئاوێنەی خودی دەرەکیی مرۆڤ لەتەواوی بیرو ئەندێشە و جیهانبینییەکانیدا لەسەرووی توانای خۆیەوە کەناتوانێت پێی بگات، دەکاتە ئاین و مژدەی نەمرێتیی لەلایەن خوداوە بۆخۆی دەهێنێت و ئیدی کەتوار( واقیع) کەسروشتی خۆیەتی و ( ئەشا) ڕاستی کە خودی خۆیەتی داگیر دەکات و بەژەهری ڕۆحگەرایی نەمرێتی دایدەپۆشێت. ئەمە ئەو نهێنییەیە کەلە ترسی یەکەم لەدایکبوونییەوە سەرهەڵدەدات تا بەترسی مردن و کۆتاییهاتن دەگات. لەیەکەم گریانی ترسدا لەمردنە و بە گوشینی باوەشێکی گەرمی دایکی و خواردنی قومێك شیر، ئومێدی ژیانێکی ئاسایشی پێ دەبەخشرێت و لەدووەم پێگەشیدا کەرۆحێکی جاویدانیی خوداییە و خۆی بەرهەمی هانیوە هەر ترسەکە لەمردنە و بەرهەمەکەشی کەجیهانی ڕۆحگەراییە، بۆ نەمرێتییە. لەم بارەیەوە ئەناهیتا دەفەرموێت( ئەگەر هێزی ئاوم هەبووایە ئەوا وزەی نەمرێتیم بەدەست دەهێنا). کەواتە بەپێی ئەم دەقەی ئەناهیتا نەمرێتی ووزەیە نەك ژیان. بەڵام بەپێی زانستی موغەکان ووزە، دەرەنجامی کارلێکی دوو گەوهەری پێچەوانەی یەکترین و بەپرۆسەیەکدا تێپەڕ دەبن و دەبنە ووزە و ئەویش جارێکیتر بەرهەم دەهێندرێتەوە و لەبوونێکی نوێدا گەشەدەکاتەوە کەپێی دەبێژن دۆناودۆن. هەرچی میثراشە پێی وایە نەمرێتی خواستی بەرژەوەندخوازانەی مرۆڤ خۆیەتی و بەووزە بەرهەم ناهێندرێت بەڵکو ژیانێکیتری پێ دەئافرێندرێت کە لەسەر کەتواری جیهان بوونی خۆی دەسەلمێنێت هەر چۆن مانای خودی میثرا ( فەڕوغ) بەواتای فریشتەی ڕۆشنایی هاتووە کەپەیمان و بەڵێن و خۆشەویستی بۆ ژیان ئاراستەی دەکات بەو پێیەش تەنۆچکەکانی خۆر کەلەزەوی دەدات دەبنە هەوێنی ژیان و ئەم تەنۆچکانەش ژیانێکیتر دەبەخشنە ئەوانیتر و بوونی لەسەر کەڵەکە دەبن و ژیان دەرەنجامی شیبوونەوەی ئەوانیترە و ئەمەش زیندوومانەوە و زیندووبوونەوەی بەرهەم

هێناوە. بەڵام، لەشێوازی ووزەدا کە ڕوناکییە و ناوەکەی خۆشی کە میثرایە لەسەر ڕەگی فوڕوغ( ئەستێرەی ڕوناکی) بنیاد ناوە. لەو بارەیەوە زەرەثۆشترا دەفەرموێت( دوو گەوهەری لفەودووانە کەدژ و پێچەوانەی یەکترن ئەم جیهانەیان ئافراندووە). کەئەمیان پێی وایە بوون دەرەنجامی ووزەیە نەك ووزە دەرەنجامی کارلێك و شیبوونەوەی ماددەبێت. ئەو پێی وایە کە حەوت جۆر لەووزە جیهان و بوونیان ئافراندووە و بە ئەمیشاسپەنتاکان واتا گیانە نەمرەکان ناوی هێناون. کەچی لەپاش ئافراندنە گەورەکە کە جیهان دێتە بوون، جارێکیتر ئەمەی پێچەوانە کردۆتەوە و ووزە جارێکیتر بەرهەم دێت بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی بگۆڕێت و هێزی سەربەخۆیی خۆی لەدەست بدات. بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئەو شەش گیانەی ئەو باسی دەکات و بیروباوەڕ و ئەندێشەکانی لەسەر هەڵچنیوە نەمرن. هەربۆیە مرۆڤ کە خودئاگاهیی بەدەست دەهێنێت بەهۆی بوونی خودپەرستی و بەرژەوەندی و خواستە نائاگاهییەکانیەوە کەلەپاشدا دەبنە ئاوێنەیەك بۆ خودی دەرەکی و شوناسی دەوروبەری دەیەوێت ئەم نەمرێتیی شەش گیانە بۆخۆی دەستەبەر بکات و بگات بەنەمرێتی. کەپێیشی ناگات، ئەوا نەمرێتی لەڕێگای داهێنانی پەیامی خوداییەوە دادەهێنێت و ڕۆحگەرایی دەخولْقێنێت.

ڕۆحگەرایی( ئورڤانگەرایی) سیستەمێکی دژ و پێچەوانەی ئەقڵگەرایی( ئاوەزگەرایی) زانستییە. هۆکارێکە بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگە لەبازنەیەکی چەقبەستووی کۆیلەکردندا، بیر و جەستەی مرۆڤ دەکاتە دەزگایەك بۆ بەردەوامیدان بەخۆی. هۆشمەندی و هۆشیاری و ڕۆشنبیری نەك هەر دووادەخات، بەڵکو لەناویان دەبات.  لەسەرووی ئەمانەوە ڕەخنە و شیکردنەوەی پێچەوانە قبوڵ ناکات، بەپێچەوانەوە، ڕەگێکی خوداییانەی پێدەدات و دەیکاتە هەمیشەیی لەبووندا کە واقیعە  و بنچینەی ژیان کە ڕاستییە. هەرچەندە هەردوو ئاراستەی ئورڤانگەرایی و ئاوەزگەرایی ڕەگێکی دێرینیان لەناو کایەی ژیانی مرۆڤدا هەیە و بەدوو ئاراستەی پێچەوانەی دژبەیەك دەجولێنەوە. بەڵام، واپێدەچێت هەر لەسەرەتای گەشەی کۆمەڵگەوە لەبیروباوەڕیاندا ئەم دوو ئاراستەیە لەدایك بووبن. چونکە ئەگەر ئورڤانگەرایی نەبووایە ئاینەکان سەریهەڵنەدەدا و ئەگەر ئاوەزگەرایی نەبووایە ئەوا هیچ شارستانیەتێك لەدایك نەدەبوو. وەك ( ئیبن خەلدون) دەڵێت: خودا پێغەمبەری بۆ ناردووین تاکو یاسا شەرعیەکانمان فێر بکات، بۆ ئەوەی نەناردووە کە پرسە نۆژدارییەکان یان زانستمان فێر بکات. لێرەوە ڕۆحگەرایی و زانست دیاریدەدات، کەهەریەکە و بەقۆڵێکی جودادا دەڕۆن و دوو پرسی تەواو لەیەکتری جیاوازن.

چووارینەی مرۆڤ و جیهان ( ڕاستی و واقیع) مێشك و جەستە ( ئاوەز و دەزگا) چووار کۆڵەکەی هۆشمەندین بەکات و جێگاوە بەستراونەتەوە. بەڵام سیانەی ( ترس و خواست و بەرژەوەندی) سیانەی ( خەون و ئەندێشە و ئورڤان) ی لێبۆتەوە کە لەلوتکەدا گەیشتووە بە( نەمرێتی). لەکاتێکدا ئەم بەرەنجامە نەیتوانیوە مردن ڕابگرێت. کەچی مرۆڤ

لەهاوکێشەیەکدا کەسەر بەجیهانی سیانەیە، ئەو تەلیسمەی لەڕێگەی ئەندێشە و خەیاڵەوە شکاندووە و جارێکیتر و پاش مردن خۆی هەڵدەستێنێتەوە. پەرجوییانە دەگەڕێتەوە بۆ ژیان کەسەر بەپایەی چووارینەی ڕاستی و واقیع و مێشك و جەستەیە. لەترسی ئێگجاریی مردنەوە، بەخواست و بەرژەوەندیان تێکەڵ دەکات.  لەدەزگا و ئاوەز دایاندەبڕێت و نەمرێتی لەڕێگای خەون و ئەندێشە و ئورڤانەوە بۆخۆی دەستەبەر دەکات. بەمەش لەئەفسانەگەلێکدا کەبەرگێکی ئاینیی بەسەردا بڕیوە، سەرلەنوێ زیندووبوونەوەی بەرهەم هێناوە.

ململانێی گەوهەریی نێوان دوو ئاراستەی ڕۆحگەرایی و عەقڵگەرایی خواستی نەمرێتییە، کە بەردەوام لەمپەر بووە لەبەردەم سەرکەوتنی یەکێکیاندا. ڕۆحگەرایی، لەسەر بنەمای ( ترس و خەون و ئەندێشە) خۆی هەڵچنیوە و لەڕێگای دارِشتنی ئەفسانەوە پێی دەگات. هەرچی عەقڵگەراییشە، لەسەر بنچینەی ( ڕاستی و واقیع)، ئەفسانە، بە ئاوەز و دەزگای جەستە ووردوخاش دەکات. کەیەکەمیان لەئومێد خاڵییە و دووەمیشیان نەیتوانیوە نەمرێتی بەدەستبهێنێت. کەواتە لە ئەنجامگیریی ئەم بەراوردکارییەماندا پێویستە ئەفسانەی ڕۆحگەرایی و ڕاستخوانیی ئاوەزگەرایی، وەك دووبەردی بناغەی ئەم باسە تاوتوێ بکەین و ووردیان بکەینەوە چونکە هیچیان دەستبەرداری ئاراستەکەی خۆی نابێت و لەفراوانبوونی بەردەوامیدانی خۆیان ناسرەون. نە ڕۆحگەرایی دەتوانێت لەڕووی هۆشیارییەوە ڕاستی بەرهەم بهێنێت و نە ئاوەزگەرایی لەتوانایدایە بچێتەوە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ و بەتەواوی ئەفسانەکان بسڕێتەوە. چونکە ئەفسانە توانیوێتی مانا بە بوون بدات و ئاوەزیش واقیعبوونی مسۆگەر کردووە.

مرۆڤ، ڕاستییە و بوون و گەردوونیش ( کەتوار) واقیعە. بەم پێیە بوون بەستراوەتەوە بەمرۆڤەوە. مرۆڤیش بریتییە لەمێشك و جەستە. مێشکیش بریتییە لەبەرهەمهێنانی ئاوەز کە ئەندێشە ڕیشاڵۆچکەکانییەتی. لێرەوە ئەندێشە ئافرێنەری بوون و تاکە کەرەستەی سەلماندنی بەڕاستیبوونی مرۆڤە و کایەی هەموو بوونگەرایی و وەدیهێنانی زانستەکانی بەردەستیەتی کەمانا بەهەموو ئەوانیتر دەدات و بەپێچەوانەشەوە، سەرانسەریان بێواتا دەکاتەوە. لێرەوە ئەفسانە زانستی مرۆڤە بۆ مانادان بەخۆی، بەژیان، بەبوون، بەمانەوە و بەنەمرێتی. ئەمانەش هەمووی دەرهاویشتەی تەنۆچکەکانی ئەندێشەن بۆیە ئەندێشە( خەیاڵ و وێنە ئاوەزییەکان)، بۆ وێناکردن لە بەدەستهێنانی شادیدا لەبەختەوەریی خودی ئەندێشە، سوود و مایە وەردەگرێت. سوود، بۆ باوەڕهێنان بەسەرکەوتن و مایەش، بۆ ئەو سامانە جاویدانییەی کەهەیەتی و هەرگیز ئامادەنییە خۆی بدات بەدەستەوە.

ڕامان لەخود، گەڕیدەیی نێو ئەندێشەی خودناسی و خودناسینەوە ئەزموون دەکات، تابە ئارەزووی باڵارەویدا ڕۆبچێت.  گەڕیدەگەرایی ئەندێشەیی، قاڵبوونەوە و شیتاڵکردنی

ڕیشاڵۆکە ووردەکانی ناو تەنۆچکەکانی هۆشیارییە لە پێنەگەیشتن یان شکست و دەستنەگەیشتن بە ئامانج و ئارەزوو و خواست، کە لەشێوەفراوانەکەیدا دەبێتە گێتی، لەئەوێستاشدا بە ( گیوش) ناوی هاتووە و خودڕامانیی لەباڵاڕەویدا قایل نەکردوە، بێجگە لەئەنجامگیرییەك کە دەیباتەوە بۆ دوورەڕێیەکی چەپەك و بەزۆریش وون، تاریك، بەڵام بەردەوام. ئەوەش دەبێتە گەوهەری ئەزموونەکانی خودڕامانی و ئەفسانە پەیپێنەبراوەکان. لەوانەش ( ئورڤان، ڕۆح، ڕەوان، وەك ئەفسانەی مەحاڵ) کەئەمانە خودڕۆچوونی گشتین نەك تایبەتی، کەزۆربەی ئەوانەی لەم دەرگایەیان داوە بەتایبەت و زۆر ووردیان دەستنیشانکردووە لەکاتێکدا ئەمە تەنها بەرگی دەرەوەی ئەنجامگیریی ئاوەزە لەناو خڕەتۆمدا و سەلمێنەری ڕاستیی بوونە کە مرۆڤە.

چوونەوە ناو مەنگییەکانی خود، لەوپەڕی ئەندێشەگەرایی باڵادا، بەشێکی گەورە لەجەستە لەبیر دەکات و دەیسڕێتەوە. لەکاتێکدا، ئەوە جەستەیە وەك دەزگایەکی بنچینەیی ژیانی بەمرۆڤ بەخشیوە. جەستە، پاڵێوگەیەکی بەرهەمهێنانی ووزەی بەرق( کارەبا) یە بۆ وەگەڕخستنی خڕەتۆم( مێشك). ناکرێت ئێمە لەپرسی ( ئورڤان، ڕۆح) دا جەستە لەبیر بکەین و تەنها بەپێی چیرۆکە ئەفسانەییەکان نیگا بخەینە سەر تاکە ناولێنراوێك، پێمان وابێت جاویدانی و هەمیشەییە و لەڕێگەیەوە ژیان دەگوزەرێت. بەڵکو، پێویستە بچینە سەر ئەو بەشەی کە وزەکە بەرهەم دەهێنێت و گیان دەبەخشێتە خڕەتۆم و ئەویش لەڕێگەیەوە ژیان بەرهەم دەهێنێت. ئەم پەرتوکە خۆی لەسەر پرسی ( ئورڤان، ڕۆح) هەڵئەچنێت و دەیەوێت تەنها ئەو پرسە تاوتوێ بکات، لەهەمان بابەتدا باسەکە چڕ بکاتەوە و نەچێت بۆ ئەملاولای بابەت و باسی دیکە. بۆیە لەدیدی موغەکانەوە دەڕوانێتە باسەکە و لەژێر سێبەری ئەناهیتادا و لەدیدی زەرەتۆشترای پێغەمبەری کوردنەژادی جیهانییەوە، باسەکە تاوتوێ دەکات. هەر لەبەر ئەوەشە زیادەڕەوی ناکات.

## ڕۆح( ئورڤان)، لە نسا و هیرنسا، دوو بەشی پێکهاتەی مرۆڤ:

لە ئاین و بیروباوەڕی زەرەتۆشترادا مرۆڤ دەکرێت بەدوو بەشەوە. ئەوانیش ( نسا و هیرنسا) ن. هەرچی نسایە بەتەنە زیادە و بێسوودەکان ناویان هێندراوە وەك نینۆك و موو. کەئەمانە ئەگەر لەجەستە بکرێنەوە بێزیان و بێئازارن. هەندێك کات لابردنیان وەك نینۆك ئەرکە. لەهەندێك باریشدا هێشتنەوەیان پێویستە وەك مووی سەر. بەڵام بڕین و کورتکردنەوەیان ئازاربەخش نین و زیان بەدەزگای هرنسا ناگەیەنن.

هرنسا، دەزگایە و بریتییە لەجەستە. جەستەش دووبەشی سەرەکییە. کە یەکەمیان پێکهاتەکانی ئۆرگانییە و دووەمیان وزەگەلێکن کە جەستە بۆخۆی بەرهەمیان دەهێنێت بۆ وەگەڕخستنی خۆی و لەلایەن خرەتۆم( مێشك) ەوە سەرداری دەکرێت و خودپادشایی( خودبەڕێوەبەری)ە. هەر بۆیە شەش قۆناغی بۆ تێگەیشتن لەمە داناوە کە لەپەرتوکی ( بەهەشتی ئەهورایی) دا بەووردی باسی ئەو شەش قۆناغەمان کردووە کە وەك قۆناغەکانی عیرفانی زەرەتۆشترا ناساندوومانە و هەروەها باسمان لەهەستەوەرەکانی جەستەش کردووە کە لەڕێگایەوە هەم کاردانەوەکان و هەم خۆپارێزی و هەم بەکاربردنیان لەلایەن جەستەوە بۆ بەردەوامیدان لەژیان و دەستڕاگەیشتنەکانی جەستە بەسەرچاوەکانی ژیان باس کراوە. هەربۆیە، لێرەدا جارێکیتر شۆڕنابینەوە بۆ ئەو باسانە و ڕاستەوخۆ لە جەستە، وەك دەزگا و پاڵێوگەیەك بۆ بەرهەمهێنانی وزە دەستپێدەکەین.

دەزگای جەستە بەبەشە جۆراوجۆرەکانییەوە کەهەر بەشە و بەڕێکخستنێکی تایبەت، ئەرکێکی جیاواز و بەیەکەوە گرێدراویان هەیە، سێ ئەرکی گرنگ و بنچینەیی هەیە ئەوانیش، تەندرووستی( پارێزگاری) جەستە و بەرهەمهێنانی وزە بۆ خرەتۆم( مێشك) و پرۆسەی ڕێکخستنی زۆربوونن. ئەمانەش سێ یاسای نەگۆڕن کە خرەتۆم لەسرووشتی بوونیدا داڕشتووە و پاساوی بەرهەم و هاوسەنگین. هەربۆیە سرووشتی جەستە وایە کە وەڵامدەرەوەیە بە داخوازییەکانی خرەتۆمی پادشا و ئاستی ململانێکەی لەبووندا و بۆ ژیان

هەڵاوێرد دەكات. خڕەتۆم، پادشایەكی ئاگامەند لەسرووشتی خۆی و خاوەن سرووش( وەحی) ە بۆ جیهان و سەلمێنەری بوونە. بۆئێمەش تێگەیشتن لێی زۆر ئەستەم نییە بەڵكو تەنها لێكۆڵینەوەیەكی وردی گەرەكە تاكو لەتەنیشتییەوە تەماشای بكەین و یەك یەك كار و كردەوە و ئەركەكانی شیتەڵ بكەین.

ئێمە هەر ئەوەندە باسی جەستە دەكەین كە وەك دەزگایەكی بەرهەمهێنانی وزە بۆ خڕەتۆم( مێشك) لەجێگای شیاوی خۆیدا داینێین. شیكردنەوە و وردكردنەوەی بەشە جۆراوجۆرەكانی ئەركی پسپۆڕانی ئەو لایەنەن. تەنها ئەوەندە بۆ ئێمە بەسە كەبزانین جەستە ئەو دەزگایەیە كە سەرچاوەی داهاتی وزەی ژیانە و تێیدا شۆڕ نابینەوە. ئەوەی گرنگە تەنها ئەوەندەیە كە خواردن و خواردنەوە و هەناسەدان سێ سەرچاوەكەی بەدەستنهێنانی وزەی ژیانن بۆ مرۆڤ و وزەكەش بەشێكی بۆ جەستە و بەشەكەیدیكەی بۆ خڕەتۆمە.

لەخڕەتۆمدا، ئاوەز، چاوگی هەموو ئەو قوربانیانەن كەجەستە پێشكەش بەپادشاكەی دەكات. ئەم خاوەنی هەموو وێنە ئەندێشەییە ئەزموونكردەكانە كە لەڕێگای بەپڕۆسەكردنی بیركردنەوەوە ئومێدیان بۆ ڕوناكی لێهەڵئەچنێت و پایەی ئەركەكانی لەسەر دادەڕێژێت و دەیانكات بەیاسا بۆی، تاكو بتوانێت لەئاسایشی بەردەوامی ژیاندا بەسەركەوتنی بگەیەنێت. هەر ئەو، ئومێد، وەك ئاسایشی ئاوەزمەندیانەی خڕەتۆم، لەئەرزشی ژیانكردنی بەردەوام و نەمرێتییەوە، دەیەوێت، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك، تاكو بەبنبەست نەگات، بەرهەم دەهێنێت.

خڕەتۆم( مێشك)، بەوزەی بەرق ( كارەبا) كار دەكات و كۆی گشتیی بڕەكەی لەتەواوی جەستەی مرۆڤدا نزیك بە شەش ئەمپێری بەردەوامە. ئەم بڕە زۆرەی بەرق، كە جەستە وەك دەزگایەك لەئەنجامی شیكردنەوەی مادده ئۆرگانییەكان و پیتاندنیان لەڕێگای ئۆكسجینەوە بەرهەمی دەهێنێت ئەو نهێنییەیە كە تەواوی ئاینەكان لەژێر ناوی ( ڕۆح، ئورڤان) دا ئەفسانەی زیندووبوونەوەی دوای مردنیان لەسەر هەڵچنیوە و بووە بەبیروباوەڕی باوی ناو كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. پرسیارەكەشمان ئەوەیە كەئایا بەرق( كارەبا) لەپاش بچڕاندن و نەمان و كوژانەوەی، بەبێ هیچ كەرەستەیەكی بەرهەمهێنان هەرلەخۆیەوە دادەگیرسێتەوە؟ ئاسانتر لەماناكەی خۆی ئەوەیە كە (ڕۆح، ئورڤان، ڕەوان)، بریتییە لەبەرق( كارەبا)، لەپاش مردنی مرۆڤ و لەگەركەوتنی جەستەی بەرهەمهێنەر، جارێكیتر دادەگیرسێتەوە؟ یان هەر بەرقەكە( كارەباكە) بەتەنیا دەمێنێتەوە و جارێكیتر لەلایەن هێزێكی نەناسراوەوە بەبێ هیچ كەرەستەیەك بەرهەم دەهێندرێتەوە؟ بەوەشەوە نەوەستاون و لەئەفسانەكاندا هاتووە كە جەستەش لەگەڵیدا بەبێ هیچ هۆكارێك درووست دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی لەپڕۆسەی درووستبوونی جەستە ڕابمێنن و

خەیاڵکردانە، پەرجۆیەکیان لەهێزی خوداوە بۆداناوە، لەکاتێکدا هێشتا ئاینەکان نەیانزانیوە تەنانەت خودا چییە!

ئەفسانە، ڕەگێکی قوڵی هەیە. هەر لەسەرەتای درووستبوونی شارستانییەتەوە ئەفسانە نەك تەنها وەك چیرۆك، بەڵکو وەك ڕسکاندنی کۆمەڵێك بابەتی هەمەجۆری جیهانبینی لەڕووداوەکانەوە لەلای مرۆڤ وەك چیرۆك و داستان و دوایە وەك بنیادی ئاینی لەدایك بووە.

لە ( هرنسا) دا کەجەستە شیتەڵ دەکات، وەك وتمان دوو بەشی سەرەکییە. یەکەمیان ماددەی ئۆرگانییە و دووەمیشیان مینۆییە. لەپرسی ئۆرگان و بەشەکانی جەستەدا پسپۆڕی ئەوبەشانە و زانست، بەووردی ئەوەیان شیتەڵ کردووە بۆمان و هیچ پێویست بەوەش ناکان لێرەدا زانیارییەکان دەربارەی بەشەجۆراوجۆرەکانی جەستە و ووردەکارییەکانی باس بکەین. بەڵکو ئێمە، تەنها جەخت لەسەر پرسی ڕۆح دەکەینەوە و ئەولایەنانەی پەیوەندیان بەم بەشەوەیە باس دەکەین.

لەزانستی موغە کوردەکاندا، لایەنی مینۆیی جەستە دەبێت بەسێ بەشەوە. ئەوانیش ( فرەوەهر، گەرمی، ئورڤان( ڕۆح) ) ن. ئاینە سامییەکان نەیانتوانیوە لەڕەوان( ڕۆح) بگەن و چیرۆکگەلێکی ئەفسانەیی پەرجۆئامێزیان بۆ هۆنیوەتەوە و ئەم چیرۆکانەشیان خستووەتە گەردنی خودا و لەپەرتوکەکانیاندا( زەبوور و تەورات و ئینجیل و قورئان) لەیەك چیرۆکی ئەفسانەییدا، کە هەموویان جەخت لەسەر یەك شێوە دەکەنەوە، داڕشتووە.

گەرمیی جەستە کە ڕێژەیەکی نەگۆڕی هەیە، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە هێشتنەوەی مرۆڤەوە هەیە لەبارێکی تایبەتدا کە بۆ ژیانکردن دەست بدات. ئەم بڕە گەرمییە، لەهەمان ئەو وزەیەوە بەرهەم دەهێندرێت کەپێی دەڵێن ( ئورڤان، ڕۆح) کە بەرقی ناو جەستەیە. لەپەرتوکی ( بەهەشتی ئەهورایی) دا باسمان لەپێکهاتەکانی زیندەوەران کردووە کە ( خاك، هەوا، خۆر، ئاو) ن. بەم پێیە گەرمی پێشتر لەسەرەتای درووستبوونی زیندەوەراندا لەخۆرەوە وەرگیراوە و دووایە بەپێی پەرەسەندنی زیندەوەران کە یەکترییان خواردووە ( نموونە: مرۆڤ بەری درەخت و سەوزە و گیاندارانی دیکە دەخوات) لەجەستەکانیاندا وەك دەزگایەك شییانکردۆتەوە و وزەکەیان لێ بەرهەم هانیوە. لەهەرکاتێکیشدا، ڕێژەی گەرمیی جەستە بۆ کەم یان زۆر، بەهەر هۆکارێکەوە بگۆڕێت و لەئەگەری چارەسەرنەکردنیدا یان جەستە خۆی ڕێکینەخاتەوە، ئەوە بێشك مرۆڤەکە دەمرێت و کۆتایی بەژیانی دێت. هەربۆیە گەرمیی جەستە، بەشێکی گرنگی ژیانە و هەر بە بەرقی جەستەوە وابەستەیە.

ئەو وزەیەی دەزگای جەستە بەرهەمی دەهێنێت، کە بەرقە، بەپێی سیستەمی ( ئەشا) ڕێکیدەخات، چونکە جەستە تەنها وەك دەزگایەك ناتوانێت خۆی ڕێك بخات، ئەگەر خاوەنی بیردۆزێکی تێکهەڵکێشی ژیانکردن نەبێت کە مێشك، وەك ڕاهاتن و سرووشتی کارەکەی بەفەرمانگەلێکی پڕ لەنهێنی بۆ خانەبەخانە و بچوکترین بەشی جەستە ڕایدەپەڕێنێت کە فرەوەهرە و لەبەشی کامڵبووندا.

{( فارابیی فەیلەسوف)، لەپەرتوکی ( اراء اهل المدینه الفاضله)دا، کامڵبوون، بەرەها دەبینێت بۆ دەستەبەرکردنی خۆشبەختی و شادی کە پەیوەستە بەژیریی مرۆڤەوە و بەکۆششکردنی بێوچانی بیرکردنەوە دەستەبەری دەکات}. بەڵام پێچەوانەی ئەم وتەیەی فارابی، لەجەستەدا، کامڵبوون بریتییە لە دابەشکردنی وزە بۆ هەموو بەشەکانی جەستە و ڕێکخستن و زیندووڕاگرتن و بەردەوامی بەژیانکردن و گەشەکردنەوە، کە مێشك وەك سەرۆکێك بەبێوچان ڕابەرایەتیی دەکات. بەم پێیە، فرەوەهر، کەشەش قۆناغی عیرفان و جیهانبینیی زەرەتۆشترا و موغەکانن و هەردوو گەوهەری ماددی و مینۆییان بەیەکەوە بەستۆتەوە، بەش بەش لەگەڵ جەستەدا بەگشتی هاوکێشەی ڕێکخستن بۆژیان پێك دەهێنن.

( ابن علی ابن سینا)، کە بە ( ئیبن سینا) ناوبانگی دەرکردووە، پێی وایە ( بوون بەگشتی چاکەیەکی گونجاوە) ( عثمان امین، شخصیات و مذاهب فلسفیە، لاپەڕە ٧٠). لەم ڕووەشەوە ئەگەر جیهان گونجاندن بێت ئەوا هاوکێشەکانی جەستە لەفرەوەهرەوە دەگونجێندرێت. وەك ( حسن بن هیثم، ناسراو بە ئیبن هەیثەم) لە پەرتوکی ( المناظر) دا دەڵێت ( یاسا و ڕێسای سیستەمی بوون، لەڕابردوو و ئێستا و داهاتووشدا، هەر وەك خۆیەتی و سرووشتێکی لێکچوو و دادگەرییە.) بەڵام ئەو، ئەم دادگەرییە بە خوداوە دەبەستێتەوە. لەکاتێکدا، موغەکان، بەسیستەم و ڕەوت و ڕیتمی ئەمیشاسپەنتاکان ( گیانە نەمرەکان) کە توخمە سیستماتیکیە ئەندازەگیریەکانی ژیانن، گرێی دەدەن.

ئەگەر بەووردی بڕوانینە پەیامەکانی زەرەتۆشترای پەیامبەری کورد نەژاد کەدەفەرموێت ( بوون لەڕوناکی و تاریکی پێکهاتووە. ئەم جوتە بۆ هەمیشەیی لەململانێدان. ڕوناکی ژیانە و تاریکی مردن و کۆتایی ژیانە). لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە قوڵبوونەوە لەئەندێشەگەرایی پەیامبەردا، لەمەڕ ڕوناکی، ئەو ڕێکەوتەیە کە مرۆڤێك لەئەنجامی جووتبوونی ژن و پیاوێکدا دێتە بوون و دێتە ژیانەوە. ئەمە بەختەوەری و پێشکەشکردنێکی سروشتە بۆ مرۆڤێك کە چانسی ڕوناکیی پێدەبەخشرێت کەژیانە و چاکەیەکی بەخشراوە لەلایەن سروشتەوە، بەڕێکەوتێکی تایبەت بەسروشتی زۆربوونی مرۆڤ. هەر ئەم چاکەیەشە وا لەمرۆڤ دەکات بەدووی ئەو نهێنیانەدا شۆڕبێتەوە کە چاکەکەی بەرهەم هێناوە تادەگات بەتاریکیی مردن و کۆتایی بەرهەمەکە، کە خۆیەتی. بەڵام، مرۆڤ سەرکێشیی ئەوە دەکات کە نەمرێت و ئەو خۆشبەختیەی کە لەئەنجامی

ڕێکەوتەوە پێیبەخشراوە لەدەستینەدات، هاتووە و ئەفسانەگەلێکی بەخستنەگەڕی ڕۆحگەرایی بۆ هۆنیوەتەوە، تا بەنەمرێتی بگات.

ژیان، لەدید و جیهانبینیی مرۆڤەوە کە ڕوناکییەکی بەخشراوی سروشتییە، خۆشبەختییە. سیستەمێکی نەگۆڕی ژینگە و سروشتی مرۆڤە، وەك هەر گیانداریکی دیکە، کە زۆربوون بۆ مانەوەی خۆی بەگشتی و لەبنەچەوە لەبوونیەتیدا دارِشتووە و بەشێکە لەژیان. کاتێك کە ئاوەز( عەقڵ)، لەوپەڕی شۆڕبوونەوەیدا، بۆناو ئەندێشەکانی، ترسی لەمردن کە (کۆتایی و تاریکیە) دایدەگرێت، بۆ هێوربوونەوەی، پێویستیی بە لەهۆشخۆچوونە. واتا پێویستیی بە بیر و ئەندێشەگەلێکە وەك ماددەیەکی سڕکەر لەخۆی لابات و خاڵیی بکاتەوە. بۆ ئەمەش، ئەفسانەی ڕۆحگەرایی بەرهەم هێناوە و لەئایندا ڕێکی خستووە و پێی ئاڵودە بووە. ئەگەر ئەم ئاڵودەبوونە نەبێت، ئەوا ناتوانێت لەبەردەم مەرگ و کۆتایی ژیاندا خۆی بگرێت. چونکە هەرکە بگاتە ئەوجێگایەی کەئیدی ژیان جێگایەکی بۆ ئەو تێدا نەماوە و کۆتایی بوونیەتی، بەرگە ناگرێت و پەنا بۆ ئەفسانەی ڕۆحگەرایی دەبات و ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر ئەو باوەڕی ڕۆحگەراییەی کە جارێکیتر زیندووی دەکاتەوە. ئەمەش بۆئەو بەختەوەرییە، هەموو ئەوکار و کردەوانەشی پێشکەشی دەکات، کەلەسەری وەك فەرمانێك ڕێکخراوە، پێویستە ئەنجامیان بدات. بۆیە دەبێتە کۆیلە و ژێرچەپۆکی ئەفسانەکان و دەیانکات بەبنچینەی بیرکردنەوە و بیروباوەڕ و جیهانبینی و ژیانی سروشتیی خۆی. ئالێرەوەیە ژیان بەتەواوی تێکدەچێت و ڕاستیەکان فەرامۆش دەکرێن و ڕێگاکان پێچەوانەی ڕاستیی ئەشاییانە دەبێتەوە.

## ئاڵوودەبوون و ئورفانگەرایی( ڕۆحگەرایی) :

ئورڤانگەرایی یان ( ڕۆحگەرایی)، داهێندراوێکی سڕکەری مرۆڤە، کە لێوەی ئاڵودەبوونی ئاوەز( عەقڵ) بە ئەفسانە و چیرۆکە هەڵبەستراوەکانەوە بۆ ڕزگاربوون لەکۆتایی ژیان، دەبەستێتەوە بە بەردەوامیدان بەسڕکردن.

مرۆڤ کاتێك لەبیر و ئەندێشەکانیدا دەگاتە خاڵی مردن، ترسێکی مۆتەکەیی جەستە و مێشکی داگیر دەکات کە لەلێواری شێتبوون و پوچێتیدا دایدەنێت. دەگاتە ئەوتاریکییەی کە زەرەشتشترای پێغەمبەری کوردنەژاد باسی لێوەدەکات و هیچ درز و کەلێنێکی ڕوناکی بۆنامێنێتەوە، کە لێوەی خۆی قوتار بکات. تەنها ئەوەنەبێت کە پەنا دەباتە بەر بێهۆشکردن و سڕکردنی خۆی بە فەرهەنگ و ئاین و ئەفسانەی ڕۆحگەرایی، کە لێوەی ئاڵودە دەبێت و ئامادەیە ببێتە کۆیلە و بچوك و هیچترین بوونەوەر لەسەر زەوی. تەنانەت ئامادەشە، گیان و ژیانی خۆی بۆببەخشێت و لەپێناویدا سامانەکەی دابنێت، و ئەوانیتریشی لەپێناودا لەناوبەرێت. ئەمە ئەو ئاڵوودەبوون و دەردە کوشندەیە کەئێستا زۆرێك لەخەڵکی کورد و جیهان پێوەی دەناڵێنن و زۆر بەزەحمەت و سەختیشە ئاڵودەبوویەك بەڕۆحگەرایی لەو دەردە کوشندەیە ڕزگار بکرێت، ئەگەر ئاینێکیتر، بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئاڵوودەبوونەکەی پێشکەش نەکەیت.

لەکۆمەڵگەی ڕۆحگەراییدا، گفتوگۆ و مشتومڕ دەربارەی ئایا ڕۆح ( ئورڤان) بوونی هەیە یان نا، یان بگوترێت ڕۆح ( ئورڤان) چییە؟ جێگەی قبوڵکردن نییە و بەدەستکاریکردن و دەستبردن بۆکاری خودای دەدەنە قەڵەم. چونکە ئەوان ڕۆح لەژێر سێبەری ئەفسانە و ئاینەکانیاندا بەبەشێك لەخودای دەزانن. کۆمەڵگەیەکی لەوچەشنە کە ئەفسانەی ڕۆحگەرایی تەنگی بەهەموو بیرکردنەوە و جیهانبینییەکانیان هەڵچنیوە و هیچ جێگەیەکی بۆ نەهێشتونەتەوە تاکو لێوەی قوتار بن، پشت تێکردنی نەنگی و عەیبە و شکاندنیی شکۆیە. لێکۆڵینەوە لێی ( کوفر و ئیلحاد) ە.

کێشەی هەرەگەورەی ئەفسانەی ڕۆحگەرایی ئەوەیە کە ئاین لەسەری هەڵچنراوە. ئاین، بەبێ ڕۆحگەرایی بۆش و بەتاڵە. هەرچۆن ئەگەر سیستەمی بەڕێوەبردن و دەوڵەتداری لەئاین بکەینەوە ئیدی هیچ نامێنێتەوە خەڵکی پێکۆبکەنەوە و خەفەیان بکەن یان سامانیان لێوەی بەدەست نایەت. ئاواش ڕۆحگەرایی، یەکێکە لەبنچینەکانی ئاین و سەدان چیرۆکی ئەفسانە، دەربارەی ڕۆحگەرایی لەناو ئاینداىە کە وەك زنجیرەیەك لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتری شارستانی و شێوەژیانی مرۆڤ دەیانگوازێت و ڕێکیان دەخات.

ئاڵودەبوون بە ڕۆحگەراییەوە، بەپێی سەرهەڵدانی ئاینەکان، ڕەگی لەیەکەم وەچەی مرۆڤی خاوەن بیرکردنەوەوە دەستپێدەکات. بەوپێیە مرۆڤ، لەوکاتەوە کەبیرکردنەوە لەدەوروبەر و لە خۆی، لە ئاسمان و نهێنییەکان و لەمردن، تێیدا سەریهەڵداوە، ڕۆحگەرایی لەناویدا چەکەرەیکردووە. هەرچەندە تاکو ئێستا هیچ داتایەکی کەمەرکێش

نییە بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە تاکو بیخاتە سەر ئەو کانیاوە پڕ لەزانیارییەی کە بەتەواوی بیسەلمێنێت لەکەیەوە ئاڵودەبوون بەئاین و ڕۆحگەرایی بەشێوەیەکی بنجبڕ سەریهەڵداوە، بەڵام کەمیشی لێدەست نەکەوتووە و گەلێ نهێنیی لێ ئاشکراکردووە و دۆزیوێتیەوە.

ترس و دیاردە سروشتیەکان ( شەو و ڕۆژ، کەوتنەخوارەوەی نێزەك، خۆر و مانگ، هەورەبروسکە و گرمەونالەی هەور، زەمینلەرزە، بورکان، تۆفان و سیۆنامی، مانگ گیران، خۆرگیران، .... هتد) ، لەدایکبوون و مردن، ڕووداوەکان و بێدەستوپاچەبوون لەبەردەمیاندا، برسێتی و قاتوقڕی و نەخۆشی، وشکەساڵی و لافاو و سەرماوسۆڵە، گەرما و ئاگرکەوتنەوە و سوتان... زۆریتریش کەسەراپایان بریتین لە ( بوون) و توانای بیرکردنەوەی مرۆڤ و گەشەی بەردەوامی تێیدا، هۆکاری سەرهەڵدانی ئاین بوون، کە نهێنیەکانیان نەزانرابوون.

مرۆڤ، لەسەرەتای گەشەی مێشکیەوە کە بەرەو زیرەکی چووە، ئاینیشی لەگەڵ زیرەکیەکەیدا لەچوارچێوەی ( خودا و ڕۆح) دا بەرهەم هێناوە. ئەویش بەپێی توانای خەونبینینەکەی خۆی بووە. چونکە خەون بینینی مرۆڤ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆسەر ئەم سەرهەڵدانەی ئاین و ڕۆحگەرایی هەبووە. لێکدانەوەی بۆکردووە و شیبکردۆتەوە و بیردۆزی خودای تێدا بەرهەم هانیوە. خوداش ئاین و ڕۆحگەرایی و سیستەم و پێغەمبەر و کتێبی ئاسمانی و پیرۆزیەکانی لێ بەرهەم هاتووە.

لەباس و لێکۆڵینەوەی ئایندا، هەمیشە لێکۆڵەرەوەکان، خۆیان لەهەندێك ڕاستی وەك سیستەمی ئەشا نەداوە. ئێمە کەباس لەم سیستەمە دەکەین، زۆرینە دەستوەردانە مرۆییەکان دەکەنە بوارێکی ئاسمانی و پیرۆزی دەکەن. وادەکەن مرۆڤ لەداهێندراوەکانی خۆی دادەماڵن و دەیدەنە بەرۆکی خودا، لەکاتێکدا خودا، لەمرۆڤ بووە. هەرچۆن سیستمی ماتماتیك دید و تێڕوانین و ووردبوونەوە و ناسینەوەکانی مرۆڤن، دەنا خودی ماتماتیك بۆخۆی نییە و ئەویش زادەی مرۆڤە و مرۆڤ لەوڕێگایەوە ماتماتیکیانە ڕێکی دەخات.

هەستەوەرەکانی مرۆڤ، تەواوکاریی سیستەمی ئەشای سروشت و گێتی نین، بەڵکو بەپێی بوونیەتی مرۆڤ پێویستیی بەکەرەستەگەلێکە، تاکو لەبیرکردنەوە و هەستەوەرەکانیتریەوە، لەمێشکیدا ڕێکیان بخات، داهێنانی بۆ دەکات. هەرچۆن قەبارە و ڕاکێشان و پاڵنان و سوڕانەوە و تەنانەت ڕوناکیش بەشێکی گرنگی سێ نمادەکەی دیکەی ژیان( ئاو، خاك، هەوا) یە، نەیانتوانیوە تەواوکەری سیستەمی ئەشا بن، ئەگەر مرۆڤ بەپێی مێشکە زیرەکەکەی خۆی لەکۆمەڵێك بیردۆزی ماتماتیکی فیزیکیدا، ڕێکی نەخات و شوناسیان بۆ دانەنێت. کەواتە ئاڵودەبوون، کە یەکەم جار و لەسەرەتادا، کە لەمێشکی مرۆڤدا و بەگەواهیدەری بەکۆمەڵی بەیەکەوەژیاندا و دووایە داهێنانی زمان و هەڵکۆڵین و گێڕانەوە لەشێوەی چیرۆکدا، سەریهەڵداوە و پەرەی پێدراوە، و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر و

لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیتر و لەسەرزەمینێکەوە بۆ سەرزەمینێکیتر گەشەی کردووە. ئەم چەکەرەی ڕسکانە، بەبەردەوامی لەگەڵ مرۆڤ وەك دیاردەیەکی دانسقەی خاوەن ئاوەز و خەرەد( عەقڵ) بەتەبایی هەنگاوی هەڵهێناوە، و بەسەراپای بوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا تا ئەم سەردەمە گوزەری کردووە و هاوڕێی هەمیشەیی بووە.

مرۆڤ، لەبەرچاوی خۆی، ئەوانیتری دیتووە کە مردوون و گەیشتۆتە ئەوجێگایەش کەئەویش هەردەبێت بمرێت و ئەوە دووا وێستگەی ژیانێتی. لەپاڵ ئەمەشدا، خەونی دیتووە و ئەوانەی کە مردوون بینیونی و چێژی لێ بینیوە و جێگەی سەرسوڕمان و پرسیارەکانیشی بووە. بۆیە، مردن و خەون، لەڕوانگەی ئەوەوە، دوو کەرەستەی بەهێز بوون بۆ دڵنیابوون لەخودا و نەمرێتی.

مرۆڤ، ناکۆکییەکی بێچارەسەری لەڕێگەی خودویستن و هەڵپەی پڕکردنی ( تێرنەبوونەکان) ی بۆخۆی بەرهەم هێناوە، کە خۆی تێدا، بەجەمسەری ژیان و بوون و گێتی دەزانێت. ناکۆکی لەودۆخەوە، کە پێی وایە ئەم، باشترین و زیرەکترین و چاکترین و بەهێزترین و تەواوترین بوونەوەرە لەگێتیدا و لەکۆتاییدا کە دەمرێت، لەڕێگەی ڕۆحگەراییەوە، زیندوو دەبێتەوە و بەنەمری دەمێنێتەوە. کەچی، خودایەکی دروست کردووە کە هەموو ئەو سیفاتانەی تێدایە کە خودی مرۆڤ بە (باشترین و زیرەکترین و چاکترین و بەهێزترین و تەواوترین) دەزانێت و پێناسەی دەکات و ناشمرێت و هەمیشەییە. لەم ناکۆکییەوە دەردەکەوێت، کە ڕەوشت و تواناکانی خودا، خواستی مرۆڤە. ئەگەر لەو دیدەوە ڕاستگۆیانە ڕۆبچینە ناو ئەم ڕیشاڵۆکە وردانەی ژیان و ئەندێشەکانی مرۆڤەوە، دەبینین خودا، خواستی مرۆڤە و مرۆڤ ئافرێنەر، یان دروستکەر، یان بەرهەمهێنەری خودایە. لەو چوارچێوەیەدا، کەمرۆڤ دەخوازێت، و باوەڕی بەهەموو ئەو ئەفسانانەش هێناوە، کە لەڕێگەی ڕۆحگەراییەوە ئاینی لەسەر هەڵچنیوە و بۆ خودا بەرهەمی هێناون. ئەوەتا زەرەتۆشترا لە گاثاوەکاندا و لەیەسنا هاتی ٢٨ و بڕگەی سێیەمدا دەفەرموێت( یێی ڤاو ئەشا ئوفیانی، مەنەسچا ڤوهۆ ئەپەئوورڤیم، مەزدامچا ئەهوریم، یەیئیبیۆ خشەثریمچا ئەغژەونڤەمنیم، ڤەرەدەیتێ ئارمەیتیش، ئامۆی ڕەفیذڕای زەڤێنگ جەسەتا) واتا( بۆتۆ ئەی ئەشا( ڕاستی) و بۆ وەهومەن( ئەندێشەی پاك) سرودگەلێك دەبێژم کەپێشتر نەگوتراوە. بۆ ئەهورامەزدا و ( خشەثرا، خودپادشایی) کەهێزی بێپایانن و ( ئارمەیتی، ئاسودەگی) بەرهەم هێن، بۆ پشتیوانی لەم خواستەم ڕووم تێبکە). بەو پێیەی کە ئەو، سرودگەل و گوتەگەلێك پێشکەش دەهات، یان زانیاریگەلێکی بەرهەم هێناوە، یان نهێنیگەلێکی دۆزیونەتەوە، کە هیچ کەسێکیتر، بۆ ئەو پرسە، درکی پێنەکردووە و نەیزانیوە و تەواو نوێن.

ڕۆحگەرایی، باشترین و چاکترین و بەهێزترین کەرەستەی بێدەنگکردنی مرۆڤە لە نهێنیەکانی بوون و پەردەیەکی جاویدانییە بۆ داپۆشینی ترس لەمردن. ئاینیش دەستورێکی ستەمگەرایيە بۆ پارێزگاریکردن و مانەوەی ئەفسانە و بیرکردنەوەی ڕۆحگەرایی. شمشێرتیژەکان تێیدا دەبنە دەسەڵاتدار و زمانلوسەکانیش دەبنە نوێنەر و ڕێبەرانی ئاین. خەڵك و کۆمەڵگەش بەئاراستەی بەدەستهێنانی بەهەشتێك لەپاش مردنیان لەتێکۆشاندا دەبن و هیچ نارەزایەتیەکیش دەرنابڕن. بەپێچەوانەوە، خەڵك، سەرقاڵی دەمبەدەمبێی ئەو چمکانە دەبن کە مەرجن بۆ گەیشتن بەو لوتکەیەی لەپاش مردنی خۆیان پێی دەگەن. وەك سوپایەکی ئامادە هەمیشە سازن بۆ قوربانیدان لەپێناویدا. چونکە ئاین، مرۆڤ دایهێناوە، جا بەهەر زمان و لەناو هەر نەتەوەیەکدا و لەسەر هەر سەرزەمینێك و لەهەر سەردەمێکدا بووبێت، تەواوی بەندەکانی ڕەوشتێکی مرۆڤانەیە. ڕۆحگەراییش، خواستەکانی مانەوەی هەمیشەیی و نەمرێتیی مرۆڤە کە دەستووری ئاینی لەسەر هەڵچنیوە. چونکە مرۆڤ، هەرشێوازێك لەدەستوورێکی ئاینی یان زانستی و عەقڵانی هەڵبژێرێت بۆ ژیانکردن و جیهانبینییەکانی، پێش هەرشتێك، مرۆڤانە دەبێت. بۆیە، ناتوانێت ببێتە جێگەی باوەڕ و متمانە و جیهانبینیی گشتیان. لێرەدا نموونەیەکی ئێجگار سادە دەهێنینەوە بۆ تێگەیشتنی زیاتر: ( چاو، بۆ بینینە) لەم ڕستە بچوکەدا کەباسلێکراو هەیە و لەبەردەستە کەچاوە. کارەکەشی بینینە و دیارە و سەلمێندراوە. هیچ تاکێك لەمرۆڤەکان دژی ئەمە نابێتەوە و چ کەرەستەی باسلێکراو و چ ئەرك و کارەکەی ڕاست و دروستە و تاك بەتاکی مرۆڤەکان ڕازین لەسەر ئەمە. بەڵام پرسی ڕۆحگەرایی هەرگیز نەیتوانیوە ڕای گشتی بۆخۆی کۆبکاتەوە. چونکە ڕۆح، نەوەك کەرەستە لەبەردەستە و نەکارەکەی بەدیاریکراوی سەلمێندراوە. لەسەرووی ئەمەشەوە ( چاو)، بوونی هەیە و دیارە. بەڵام، ڕۆح( ئورڤان) بوونی نییە و دیار نییە. بۆیە، جێگەی تێفکرین و قوڵبوونەوە و باسکردنە و بووەتە بەشێکی گرنگ و بنچینەیی لە ( باوەڕ).

ئەفسانەی ڕۆحگەرایی، گرێیەکی دەرونیی ناو ناخ و ئەندێشە و بیرکردنەوەکانی هەر تاکێکە لەگێتیدا. چونکە، ڕەگێکی دوورودرێژ و مێژوویی زۆر کۆنی هەیە. فیساگۆرس، کە زۆر لەپێش سوقرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆدا کە بەگشتی سێکوچکەی فەلسەفەی یۆنانین، ژیاوە. فیساگۆرس، پێی وایە ( جەستە، بەندیخانەی ڕۆحە). لەپێش فیساگۆرسیشدا، کە خۆی یەکێك بوو لەپەیڕەوکارانی ئاینی ئورقی سۆفیگەرایی، ئاینەکە، واتا ئاینی ( ئورقی) پێی وایە: سروشت و دەوروبەر، پوچییە و تەنها بوونی بەستراوەتەوە بەڕۆحی مرۆڤەوە و تەواوی بوون، لەپێناوی مرۆڤدا هاتوتە بوون. ئەگەر مرۆڤیش ڕۆحی نەبوایە ئەوا ئەویش نەدەبوو و جەستەی مرۆڤیش تەنها بۆ خزمەتی ڕۆحە. باشترین مرۆڤی سەرکەوتووش ئەو مرۆڤەیە کەلەڕێگای زانسی بیرکاری و

حیکمەتەوە خزمەت بەڕۆح دەکات و بەختەوەری دەکات، تاکو بتوانێت لەکاتی زیندوبوونەوەیدا بگەڕێتەوە لای خودا و بچێتە بەهەشتەوە.

تەنانەت فیساگۆرس، پێی وابوو کە نمونە باڵاکان کۆمەڵێك ژمارەی نەگۆڕن و لەجیهانەکەی تردان، مرۆڤ، کە لەم جیهانەدا دەژین دەیانەوێت وەك ئەوانە بن کە لەجیهانەکەی تردا دەژین و لاساییان بکەنەوە. چونکە لەلای فیساگۆرسیەکان، ژمارە پێوەر بوو بۆ توانا و هەست و کار و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ و پێگەیانی دەخەملان. بەم پێیە، مێژووی سەرهەڵدانی پرسی ڕۆحگەرایی، زۆر لەمێژووی سەرهەڵدانی ئاینە سامیەکانیش کۆنترە.

ئەگەر لێرەوە دیدی ( زەرەثۆشترا) ی پەیامبەری کورد نەژاد، بێنینە سەر باس و لێکۆڵینەوە، لەکاتێکدا زیاتر لە هەزار ساڵ لەپێش فیساگۆرسدا ژیاوە، دەبینین جیاوازیی زۆری لەگەڵ ئەوانەی دووای خۆی و پێش خۆشیدا هەیە. وەك لەیەسنا، هاتی ٣١ و بڕگەی ١ دا هاتووە ( ئەی پەیجۆرەکانی زانست، ئێستا گوتارێکتان پێشکەش دەکەم کەپێشتر هیچ کەس نەیگوتووە. بۆ فێرکارانی درۆ کە جیهانی ڕاستی بەهەدەر دەبەن ناخۆشە، بەڵام بۆ ڕێبوارانی ڕێگەی مەزدا خۆشترینە). کەواتە، ئەو پەیامبەرە کوردنەژادە، زۆر لەپێش سەرهەڵدانی ئەوانی دووای خۆیەوە ڕایگەیاندوە( فێرکارانی درۆ)، جیهانی ڕاستی و زانیاری دەربارەی بوونی سروشتیانەی مرۆڤ، بەهەدەر دەبەن. پێی وابووە، ئەم فەیلەسوف و پەیامبەرانەی لەشێوەی فیساگۆرسدان، کۆمەڵگە بەئاراستەیەکی هەڵەدا دەبەن و ژیانیان لێ تاریك دەکەن. ئەگەر خەڵکیش ڕاستییەکەی زانی، ئەوا ئەوان، کە ڕێبەرانی زانیاریی هەڵە و ئەفسانەگەلێکی خەیاڵکردی مرۆڤن، توشی ناڕەحەتی دێن. بێگومان هەر ئەمەشە هەڵگرانی بیروباوەڕی ڕۆحگەرایی دژی هەموو زانست و ڕاستیەکن.

هەر دووابەدووای ئەوە لەهەمان هاتدا و لەبڕگەی ٧ دا دەبێژێت( ئەو، سەرەتا بەئەندێشەی خۆی شادمانی و ئاسودەیی لەنەبووندا هێنایە بوون. بەژیریی خۆی ڕەوتی جیهانی لەسەر ڕاستی بەدیهێنا، تا پاسەوانی ئەندێشەی چاك بێت. ئەی ئەهورا مەزدا، بەهزری بێسنووری خۆت هێزی بیر و داهێنانمان کەوا ڕووی لەڕاستی ناوە، بژێنەوە و فراوان کە، هەتا ڕێگامان ڕوناك و ژیانمان گەشاوەبێت).

لەم دیدەی زەرەثۆشتراوە کە بۆ پەیجۆری زانستوان و تێکۆشەرەکانی جیهانی زانستگەرایی گوتووە، واتا ئەوانەی بەدووای نهێنییەکانی بوون و ژیانەوەن و ڕاستی دەدۆزنەوە و هەموو ئەوانەشی دژی زانستن و باوەڕیان بە ئەفسانەیە کە بەهەدەربەری زانستی بوون و ژیانن. زەرەثۆشترای مەزن پێی وایە بوون پوچێتی نییە و ڕۆح، هیچ وجوود و بوونێکی نییە. بەڵکو، تەواوی کۆی بوونی لەناو هەستپێکردن و تێگەیشتنەکانی

مرۆڤەوە دەبینێت و پێی وایە مرۆڤ کەخاوەنی مێشك و بیر و هزر و ئەندێشە و تێگەیشتنە و داهێنانی بۆ کردووە، کە خۆیشی گوتەگەلێکی پێشکەش کردووە، و پێی وایە کەس نەیگوتووە، چەقی قورسایی بوون و ژیانە و ژیانیش بریتییە لە خۆشبەختی، یان شەنسێکی بەڕێکەوتە بۆ مرۆڤ کەدێتە بوون و پێشکەشکارییەکە لەلایەن سروشتەوە و بەختێکی گەورەیە و جیگەی سوپاسگوزارییە. تەنانەت دەگاتە ئەوجێگایەی کە نەبوونیشی کردووە بەتەواوکاریی بوون. واتا بوون و نەبوون، بەستراوەتەوە بە بوون و کۆتایی ژیانی مرۆڤەوە. بەئاراستەی ئەو تێگەیشتنەدا کە ژیان بوونە و مردنیش نەبوونە. هەرچۆن پێی وایە، ژیان، واتا ڕوناکی و مردنیش، واتا تاریکی. ئاسانتریش ئەوەیە کە ئەو پێی وایە، مرۆڤ بەتەنها وێنەی بوونی لەناو ئەندێشەکانی خۆیدا کێشاوە و شوناسی بۆداناوە، کە مرۆڤیش دەمرێ، ئیتر بوون هیچ شوناسێکی نابێت. لێرەدا پرسی ڕۆحگەرایی ڕەت دەکاتەوە و باوەڕی بەوە نییە کە ڕۆح هیچ ڕۆڵێکی بۆ بوون هەبێت، تەنها ئەوەندە نەبێت کە وزەیەکە بۆ وەگەڕخستنی جەستەی مرۆڤ و مردنیش، بەواتای کۆتایی بوون و ژیان.

کێشەی ڕۆحگەرایی، کێشەی لۆژیك و ئەفسانەی موتڵەقە. چونکە لۆژیك و ئەفسانەی موتڵەق، هەمیشە کۆمەڵێك بیردۆزی ڕێژەیی و چەقگەلێکی نەگۆڕ دەکاتە بەرگی جیهانبینی و دیدوتێڕوانینەکانی مرۆڤ بۆ ژیان و سروشت و دەوروبەر. لۆژیك و ئەفسانەی موتڵەق، دەچێتە ئەدەبیات و بیروباوەڕەباوەکانی مرۆڤەوە و دەستوورنامەی ژیانلەسەرکردن، بۆ دوڵەت و یەکە کارگێڕیەکان و کۆی گشتیی سیستەمی بەڕێوەبردن بەرهەم دەهێنێت، کە ئاین تێیدا، دەبێتە کەرەستەی هێشتنەوەیان و ئەویش بەڕۆحگەراییەوە بەستراوەتەوە. لەپاڵ ئەمەدا فەرهەنگ و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە تێکەڵەیەکە لەبەهێزکردنی دیواری ڕۆحگەرایی کە لێوەی کۆمەڵێك ( نەریت) عادات و تەقالید، بەرهەم دەهێنێت کە واینیشان دەدات کردارگەلێکە بۆ گەیشتن بەبەختەوەریی ڕۆح کە ئایندەگیریی لەسەر هەڵدەچندرێت.

ڕۆحگەرایی، بابەتێکی ئەوەندە هەستیار بووە لەمێژووی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، کە هیچ فەیلەسوفێك! ئەوانەی کەخۆیان لەسەر حەقیقەت و عەقڵگەرایی و زانستیش هەڵچنیوە، کە خۆیان لەقەرەی داوە، سنوور و ئاستی عەقڵی مرۆڤیان بۆ ڕاڤە و پۆلێن کردووە. تەنانەت ئەوانەشی کەخودا وەك دروستکەر و ئافەرێنەری گێتی و گەردوون ڕەت دەکەنەوە، ڕۆحیان ڕەت نەکردۆتەوە و ئەندازەگیرییەکی هەبوونی دانسقەیان بۆ داناوە و بەفیزیای ژیانیان زانیوە. لەکاتێکدا، هیچ سەلماندنێکیان بۆی نەبووە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی وەرگرتوە، کە ئەوانیش مرۆڤ بوون. خەسڵەت و تایبەتمەندیی مرۆڤیش ئەوەیە، کە نایەوێت بمرێت و نایەوێت باوەڕ بەوە بکات کەلەناو دەچێت و کۆتایی پێدێت.

بیر و بیرکردنەوە و بیرمەندی، کەچاوگیان ئاوەز( عەقڵ)ە، بەرهەم و داتاشراوی مێشکن، کە ئەنجامی گەشەی بەردەوام و قۆناغ بەقۆناغیەتی و لەگەڵیدا جەستەی بۆ ئاسانتر ڕادەستگەیشتنی بەخواردن بۆ مانەوە گەشەپێداوە. ئەمانە، دەفتەرگەر و ڕەچەتە و نەخشەڕێگاکانی مێشکن بۆ ژیانکردن، کە شارستانیەت و زانست و ئاین و فەرهەنگی مرۆڤایەتیان بەگشتی لەسەر بنیاد نراوە. تەواوی دەستکەوتەکانی مرۆڤ، لەسەر ڕووی زەوی، هەر لەوکاتەوە دەستپێکردووە کە مرۆڤ، لەسروشتی دەوروبەریەوە، ڕوانیوێتیە ژیان و کەرەستەی ئاسانکاریی بۆ تێرکردنی سکی خۆی و کوشتنی بوونەوەرەکانیتر، یان کۆکردنەوەی بەرەوبوومە ڕوەکیەکان و هەڵگرتن و کایەنکردنیان بۆ ژەمی دوواتر داهێناوە. خۆی لەسەرما بەداپۆشینی جەستەی، ئاگر بۆ خۆگەرمکردنەوە و ڕوناککردنەوە، و ئەشکەوت بۆ حەوانەوە، کەرەستەگەلی ڕاو و دووایە کێڵانی زەوی و زۆریتر، ژیانی مرۆڤ و ئەندێشەکانی گۆڕیوە و لەوێوە و لەناو سروشتی ژیانی خۆیەوە، لەدەوروبەری ڕاهەڵڕوانیوە.

مرۆڤ، وابەستەی سروشت بووە و تەواوی ژیان و شارستانیەتی سەرەتایی خۆی لەسەر بنچینەی ( خاك، هەوا، ڕوناکی، ئاو) داڕشتووە. بیرکردنەوەی خاکیانە و تێڕوانینی بائاسا و خەوی ئاوی و ڕەوتی خۆریی لەوانەوە وەرگرتووە. دیدگای ئەفسوناویی لەدرەخت و شێوە و سروشتی گژوگیاوە هەڵهێنجاوە. لەناو ڕوخسار و هێزی ئاژەڵانەوە پادشایەتی بەدەست هێناوە و لاسایی کردوونەتەوە. ترسی لەتارمایی ئەنگوستەچاودا دۆزیوەتەوە و دەستەمۆی بووە. لەئاگر ڕاماوە و سروشی خوداییانەی تێدا بینیوە. خولیاگەلێکی لولپێچی بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکانی ناو دەریای فراوانی سەرزەوی کردووەتە بنچینە تا لەودیو ژیانی سەرووشکانیی خۆی بگات و ئامانجی بووە ئەویش ڕام بکات، بەڵام سروشتی هەڵکەوتەی ژیانی مرۆڤ کەلەسەر ووشکانییە بەربەست بووە لەبەردەمیدا. هەرچۆن، کەنەیتوانیوە وەك هەڵۆیەك بفڕێت، یان نەیتوانیوە باڵی هەبێت بۆ فڕین، بەڵام، خەونی بەوەوە بینیوە کە لەسەر ئەسپێکی باڵدارە و بەئاسماندا، گەشتی سەرزەویی فراوانی پێدەکات.

ئامانجی مرۆڤ، تەنها لەنەمرێتیدا خۆی نەبینیوەتەوە، بەڵکو من وای بۆدەچم کە ئامانجەکەی لەپرسی ڕۆحگەراییدا چەند بەشێکە و ئەوانیش بەلێکۆڵینەوە و ووردکردنەوە و ڕیشاڵڕیشاڵکردنی ژیانی مرۆڤ، تێیدەگەین، کە هەموویان لەنیگەرانی لەمردنەوە، سەریان هەڵداوە، کە زۆربەیان ناکۆکن بەیەك و لق و پۆپیان لێبۆتەوە. هەرواش ئەگەر بڕوانینە ئاینەکان دەبینین هەر ڕێگایەك بەشێوەیەك دەڕوانێتە ئامانجەکەی و ئەو ڕێگایەش چەندین لقی تری لێدەبێتەوە تا دەگات بەوەی هەر لقێکیان وادەربکەوێت کەسەربەخۆ بن.

ژینگەی جیاوازی زەوی، بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، کاریگەریی لەسەر پەندوەرگرتن و فێربوون و داهێنانیان کردووە. زمانی جیاواز و ڕەنگی جیاواز و خواردنی جیاواز و پۆشاکی جیاواز و کەش و هەوای جیاواز، دابەشی کردوون بەسەر نەتەوەی جیاوازدا، کە هەر یەکەیان، جوگرافیای جیاوازی خۆیان هەیە و جیهانبینی و فەرهەنگی جیاوازیشیان هەیە. بۆ نمونە ئەگەر بچینە ڕۆژهەڵاتی دوور، دەبینین لاوتسۆ و کۆنفۆشیۆس ( لەپەرتوکی تاویزمەوە) کە هەریەکەیان لەباکور و ئەویتر لەباشوور سەریان هەڵداوە، بەجۆرێکی جودا بەڵام لەناوئاخندا یەك، دەڕوانن ڕوحگەرایی. ئەوان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکان، لەجیهانبینییەکانیاندا، پشت بە بوونی ڕۆحی ئەزەلی و نەمر و بەردەوام دەبەستن. بەڵام، لەو کاتەوە لەدایکبوون دەستپێدەکات کە ژن و پیاوێك لەکاتی جووتبوونیاندا، لەگەڵ ئەستێرەیەکدا ڕێکخراین و بەمەش، بوونەوەرێکیتر، کە مرۆڤێکی نوێیە پێدەنێتە ژیانەوە. ئەم مرۆڤەش کەدەمرێت، ڕۆحەکەی ئەزەلی دەمێنێتەوە و بەردەوام لەسەر زەوی دەبێت تا ئەوکاتەی ئازاد دەبێت لەو تەوقەی لەگەردنیەتی، کە ئەرکی گەیاندنی نامەیەکە لەڕێگەی خەوەوە بەوانیتر. بەم لێکدانەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە خەون بینین و ئەستێرەناسی ڕەگ و بنچینەی ئاینەکانی ( تاوی و کۆنفۆشیۆس) ن.

لەئاینە یۆنانیەکاندا، ڕۆح بەرجەستەی خوداگەلێکن کەپێشتر مرۆڤ بوون. یان خودابوون و لەبەرگی مرۆڤدا ژیاون و نمونەکەیان زیۆسە. هەرچۆن مەسیحیەکان باوەڕیان وایە عیسا، کوڕی خودایە یان لەخودابووە یان هەربۆخۆی خودایە. بەم پێیە دەردەکەوێت، کە ڕۆح بەشێکە لەخودا و مرۆڤ ئەو بەشەی خودای پێبەخشراوە. ئەمانە درێژکراوەی بیروئەندێشەی ئەو خودایانەن کە موسایان بەرهەم هێناوە، یان موسا لەناویاندا بەرهەم هاتووە، کە فیرعەونەکانن و هەر هەمووشیان لەسەردەمی خۆیاندا خودا بوون. ئەگەر نەختێك خۆمان هیلاك بکەین و بەرەو سەرووتر هەڵکشێین، دەبینین، لەسەردەمی کۆنتردا، ژنان، پیاوێکیان وەك مێرد و خاوەندار، یان وەك هاوسەر و خێزان نەبووە. بەڵکو ژنان، بەزۆری لەناو ئەشکەوتەکاندا، بەهۆی منداڵەوە، ماونەتەوە. خواردن و دانەوێڵەیان کۆکردۆتەوە و خۆیان و منداڵەکانیان پێبەخەم کردووە. هەر واش باو بووە و باوەڕیش وابووە، کە منداڵ تەنها لەدایك دەبێت. تەنانەت، ئەفسانەی کوڕی خودا، لەوەوە هاتووە کە هیچ منداڵێك باوکی دیار نەبووە. بۆیە، زۆربەی چیرۆك و ئەفسانەکان، ئەوەمان پێدەڵێن کە گوایە خودا، فوو دەکاتە دەمی ژنان و منداڵیان دەبێت. بۆیە لەکۆندا، ژن، هەمیشە دەسەڵاتدار بووە و دایکی کوڕانی خودا بووە بۆ کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی. هەر بۆیەشە زۆربەی خودا کۆنەکان ژنن. هەڵبەت ئیتر، تا ئەودەمەی پیاوان، شۆڕش بەسەر ئەم خوداگەلەدا دەکەن و دەسەڵات وەردەگرن، ژنان خودا بوون. ئەو ئەفسانەیەی ( عیسا) ش هەر لەوەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە پێیان وابوو( خودا، لە ڕوناکیی خۆی، لەدەمەوە، فوو دەکاتە ژنەوە و منداڵی دەبێت).

له ( تەورات) ی یەهودیدا، موسا، یەهوەی نەدیتووە بەڵکو گفتوگۆی لەگەڵ کردووە. کە داواشی لێکردووە خۆی نیشان بدات نموونەی داوەتێ و لەبەردەمیدا و تەنها بەخۆنیشاندانێك کێوێکی سوتاندووە. بەم پێیە ڕۆح، لەو سوتێنەرەوە دروست بووە کە زەوی خۆی بۆ ناگرێت و لەناوی دەبات. ئیسلامیش، کە پێی وایە ڕۆح، خودا دەیبەخشێتە مرۆڤ، درێژکراوەی خوداگەلی فیرعەونەکانە، کە خودابوون. وەك یەکێکیان بەناوی ئەخناتۆنەوە، لەسەر دیوارەکان و گۆڕەکەی خۆی، لەهەرەمەکانی میسر بەنوسینی وێنەیی هەڵکەندراوە( من، خودام، نامرم، بەسواری کەشتیەکەم دەچمەوە بۆ بارەگای خۆر). محەمەدیش، بەشێك بووە لەخودا و نامە و گفتوگۆکانی ئەوی لەڕێگای کەسانیتری خوداییەوە گەیاندۆتە کۆمەڵگەکەی و کەدەشمرێت، ڕۆحەکەی وەك خۆی بیەوێت، زیندوودەبێتەوە و دەچێتە جێگەیەکی تایبەت، کە پڕیەتی لەو کەرەستانەی کە ئارەزووەکانی دادەمرکێنێتەوە و بۆتاهەتایە دەژی و نامرێت.

له ( میثرایزم) دا، میثرا، باوەڕی وابوو کە ڕۆح ئەزەلییە و بەشێکە لەخودا و لەپرۆسەی پاکبوونەوەیدا بۆ گەیشتنەوە بە بەرزەخی خودا، پێویستیی بەوەیە کە هەرجارە و بچێتە جەستەی بوونەوەرێکیترەوە. بەمەش دۆناودۆنی بەرهەم هێناوە، کە هیچی لەئاینگەلی فیرعەونەکان کەمتر نەبووە و زۆربەی پێشەواکانی بە تەواوکەری ئەویتر داناوە.

له پەرتوکی کۆنی ( گیوش) دا، ئەناهیتا، پێی وابووە کە ژیان بریتییە لە ڕاستی و بوون، ڕۆحیش تەنها وزەیەکە بۆ ژیان، کە بوونیەتی مرۆڤ وایە، وەك دەزگایەك کە بەکۆمەڵێك گۆڕانکاریی پەرەسەندنی خۆیدا تێپەڕیوە و بەرهەمی هێناوە. وەك دەبێژێت( ژیان، ڕەوتی ڕاستیی بوونە. ئەگەر مرۆڤ نەبێت ژیانیش بوونی نامێنێت).

زەرەثۆشترا، زیاتر تەواوکەری ئەناهیتایە و له ( ئەوێستادادا لەبەشی یەسناکاندا)، پێی وایە ژیان و بوون بەیەکەوە و لەدوو گەوهەری بوون و نەبوونەوە بەڕێکەوت و بەپێی سیستەمی ئەشا پێکهاتووە. مرۆڤیش، بوونەوەرێکە وەك ئەوانیتر و ڕۆحیشی بە ووزەی بەرقی ناومێشکی مرۆڤەوە بەستۆتەوە و لەکوژانەوەیدا کۆتایی بەژیان و بوونی مرۆڤەکە دێت و ئیدی نامێنێت. وەك دەڵێت ( ژیان و بوون، لەهەردوو گەوهەری سپەنتا مائنو: ئەندێشەی چاك و ئەنگرا مائنو: ئەندێشەی خراپ، بەپێی سیستەمی ئەمیشاسپەنتا: گیانە نەمرەکان، پێك هاتووە.... هەروەها هاتووە: ژیان و مردن، پرۆسەیەکی هاوبەشە و ڕاستییە). بەم پێیە بوون و ژیانی وەك ململانێ داناوە و کۆتاییشی هەیە.

دڕدۆنگیەکانی مرۆڤ لەمردن، گەلێ ئاینی جۆراوجۆری بۆ نەمرێتی بەرهەم هێناوە کە چەند دانەیەکیان بەدەگمەن نەبێت تەواویان کۆششیان کردووە کە ڕۆحگەرایی بەرهەم بهێنن و کردویانەتە گەردنی خودا. لەکاتێکدا خودا، تا ئەم دەمە وونە، و هیچ کەسێك، هیچ سۆراخێکی نەزانیوە. کەچی چەندین پەرتوکیان بەناوەوە داناوە و کاریشی پێ دەکەن.

لەکاتێکدا زمان و نووسین و پەرتوکیش مرۆڤ خۆی دایهێناوە. تەنانەت هەموو ئەو چیرۆك و باسانەی ناو پەرتوکە ئاینیەکان تەنها باسی چیرۆکە ئەفسانەییەکان و ژیانی مرۆڤ و ڕوداوەکانی سەرزەوی دەکەن و بێجگە لە وەسفەکانی مرۆڤ بۆ خودا، بەیەك ووشەش باسی خودای تێدانەکراوە. بەڵکو زۆرینەی بەرهەمەکانی ناوپەرتوکەکان، باس لە پاڵەوانێتی و داستانی هەمەچەشنەی قارەمانێتی و چێژ و دەسەڵات و خواردن و جووتبوون و فڕین و گەشتی ئەستێرەکان و سەدان چیرۆکی جەنگی و خوێنڕشتن و ترسی هەمیشەیی لەمردن و باس و خواسی پاش مردن دەکەن. تەواوی کارەکتەرەکانیش مرۆڤ و دەوروبەری خۆیەتی. جا ئەگەر زۆر لێی وورد ببینەوە بەئاسانی ئەبینین و بۆمان دەردەکەوێت کەئەم پەرتوکانە داهێندراوی مرۆڤن و هەر مرۆڤەکانیش بۆخۆیان نووسیویاننەتەوە. کێشەی هەرە گەورەی ئەم پەرتوکانەش ئەوەیە، کە ئەگەر بچێتە ناو هۆشیاری و بیرکردنەوە و جیهانبینیی هەستیمەندیی هەر مرۆڤێکەوە، ئەوا ئەشکەنجەئامێز دەبێت، ترسێکی هەمیشەیی و درێژخایەنی دەداتێ، دەبێتە مایەی ئازارێکی کوشندەی ناخ هەژێن، لەڕاستی دووایدەخات و سنووورداری دەکات، وەك بوونەوەرێکی تۆقیو، پەنادەباتە بەر ئاڵودەبوون بەڕۆحگەرایی و بەئێجگاری ئاوەز و ئەندێشەکانی زڕ و ئیفلیج دەکات. ئەمە ئەودەمەیە، کە مرۆڤ بانگەشە بۆ ئەوانیتر دەکات کە لەناو تەمەنی سنووردارياندا وون بن و ئەشکەنجەی هەستکردن و پەیبردن بەمردن، بەدارووی ڕۆحگەرایی سڕ بکەن. تا لەبێئاگاییدا، هەستەکانیان بمرێنن.

باوەڕداریی ڕۆحگەرایی، لەڕەچەڵەکدا، ڕواڵەتیانە نییە. بەڵکو، لەناو هەست و ئەندێشەکانی مرۆڤدا، پشت بەقوڵبوونەوە دەبەستێت. سروشتی مرۆڤیش وەهایە، زیاتر مامەڵەی دەوروبەر دەکات. بۆیە، ڕاستەوخۆ لەتی دەکات و دوو ڕووی جودای دەداتێ. ڕوویەکیان، ئەزەلییە و سروشتییە و خاکیانە دەیگوزەرێنێ و تیژڕەویی بائاسایە و مەنگیی ئاوی دەداتێ و ئاوەزی ڕوناکیی پێدەبەخشێت. ڕووەکەی تریش، خۆشاردنەوەیەتی لەڕاستیی خۆی و شەرمن و دڵڕەق و ئینکار و خۆبەبچوکزان و بەرژەوەندخوازی دەکات. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە خودی ڕاستەقینەی خۆی نییە و داتاشراوی بیروباوەڕی ڕۆحگەراییە کە بەشە ڕاستەقینەکە، ناچار بەبێدەنگی دەکات، کە دووایە سەخت دەبێت بۆی خۆی راست بکاتەوە، لەلایەکەوە، ئارەزووی ئەو ئازادییە سروشتییە دەکات کەلەبونیادی خۆیدا هەیەتی و بەلادان گوزارشتی لێدەکات. لەلایەکیتریشەوە، گیرۆدەی یاسا کۆمەڵایەتییە ڕۆحگەراییەکەی دەبێت و بەناچاری درۆی پێدەکات و لەکۆتاییدا لەناو دوو کەسێتیی جودا و دژبەیەکدا دەژی.

لەناو کۆمەڵگەی ڕۆحگەراییدا، دەستەواژەی ڕەوشتبەرزی، کە کۆمەڵێك پرەنسیپی باو و یاسای ڕۆحگەرایی کۆمەڵایەتین، ملکەچترینیان، ڕەوشتبەرزترینیانە. کە توانیوێتی لەزۆرانبازییدا، بەسەر هزر و خەیاڵ و ئەندێشە سروشتییەکانیدا. زاڵ بێت، و بیانسڕێتەوە

و کەسێتیەکی نوێی خاڵی لەڕاستیی و سروشتی واقیعی مرۆڤ و ئاڵودە بەڕۆحگەرایی، نیشانی کۆمەڵگە بدات، ئەوان، پێیان وایە کەسێتییەکی سەرکەوتووە. لەکاتێدا، ناتوانن لەودیو سنوورەکانی ڕۆحگەرایی بگەن و بۆ ڕێکخستنی شیرازەی کۆمەڵایەتی و بەستنەوەی بە دیاردەکانی دەوروبەرەوە، تاکو تامی خۆشەویستی و ئارەزوو بدەن، پەنا دەبەنە بەر ئاینگەلێکی کردەی ناو ئەزمونەکانی خۆیان. هەر بیرکردنەوە و دۆزینەوە و تەنانەت پرسیارگەلێکی دژەباو، کە ئاگایی خەڵك یان کۆمەڵگە لەبنیادی سروشتی و دەرخستنی ڕاستی چڕبکاتەوە، بەلادان و دەستبردن بۆ قەدەغەکراوەکان هەژمار دەکرێت، لەبوارێکی زۆر ئاساییشدا چاوەڕێی سزادانی مەرگی بۆ کەسەکە لێدەکرێت. ئالێرەوە ڕۆحگەرایی و کەسێتیی ڕۆحگەرایی پانتایی هەموو زەمینەی کۆمەڵگە داگیر دەکات و ڕەگی خۆی بەناو تەواوی ئەندێشەکانیدا دادەکوتێت و دەبێتە فەرهەنگ.

زەرەشتوشترای ڕێبەر و پەیامبەری زەردەشتیان، لەوبارەیەوە، لەیەسناکاندا و لەهاتی ٤٨ و بڕگەی پێنجدا، دەڵێت: ( ئاوەدانیی ئاوەزمەندی( عەقڵگەرایی) بۆ جیهانیان، واتا بۆ کۆمەڵگە، باشترینە. چونکە، دەبێت جیهانیان بەدروستی پەروەردە بکرێن و بەرەو ڕوناکیی زانست ببرێن). هەر لێرەوەیە دەردەکەوێت کە مرۆڤگەل هەمیشە تامەزرۆی بەختەوەری و ژیانێکی باشترن و لەکۆششدان تاکو زانست بەئامانجی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی پێش بخەن.

ئاین و فەرهەنگی ڕۆحگەرایی، بەدڵ دەڕوانێت و بەدڵ دەبینێت و بەدڵ بیر دەکاتەوە و ژیان و ئارەزوو و خۆشەویستیش وابەستەی دڵ دەکات، سۆز و بەزەیی و ڕق و توڕەیی و ئەندێشە و مەنگیەکانی بیرکردنەوە، بەدڵ دەبەخشێت. دڵ دەکاتە چەقی هەموو دەرگاکانی ژینگە و ژیان و خۆشی دەکات بەدڵی هەستەوەرەکانی مرۆڤ و تەنانەت دادوەری بیرکردنەوە و بڕیارەکانی، لەکۆتاییشدا، خودا دەکات بەدڵی تەواوی دیاردەکان و سەرچاوەی هەموو بوون. هەربۆیە سۆزی ڕۆحگەرایی جۆرە دڵدارییەکە پەتەکەی بە عیشقی خوداوە بەندە، کە لای وایە دڵی ژیان و مردنیەتی، کە دووا چرکەساتی بوونیەتە. بۆیە، ناڕونی و بێسەروبەری لەدیوارەکانی ڕۆحگەرایی ئەنجامگیریەکمان پێشکەش دەکەن، کە مرۆڤ لەئێستای ژیانی کۆمەڵگا و سەردەمەکەیدا بەدەستی خۆی هەڵی نابژێرێت. بەڵکو، دڵی جارەنووسە، وایلێدەکات بیکاتە بەشێك لەخۆی، کە تاك بەتاکیان تامەزرۆی سەرەڕۆیی و دەرچوون لەژێر ڕکێف و کاریگەری و هەژموونی بیابانی ووشکهەڵاتووی خەسڵەتەکانی ڕۆحگەرایی هەڵدەزنێ، بەرەو عەقڵگەرایی و زانست. چونکە مرۆڤ، بوونەوەرێکی تەلیسماویی خاوەن مێشکێکی دانسقەی زیرەکە و هەمیشە بیردەکاتەوە و هەمیشەش لێکدانەوە بۆ دیاردە و ڕوداوەکان دەکات و لەگەڵیشیدا خۆپارێزی لەچەرمەسەری و نەخۆشی و ئازارەکانی جەستەی خۆی دەکات،

پارێزگاریش لە بەرژەوەندی و خاوەندارێتی خۆی دەکات. لەسەرووی ئەمانەشەوە دەیەوێت تێ بگات و بەو خواستانە بگات کەمێشکی پێوەی جەنجاڵە.

تێگەیشتن لە ڕۆحگەرایی، هەڵوەشاندنەوەی بنچینەکانی بیرۆکەی ڕۆحگەراییە کە یاساکانی لەئاینەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە. هەر ڕەخنە و تانە و شیکردنەوە و باسکردنێکی دەقە ئاینیەکانیش نامانبەنەوە بەرەو سەرەتای دەستپێك و لەدایکبوونی بیرۆکەکە، یان لێی کەم ناکاتەوە، بەڵکو زیاتر دەیکاتە باس و خواسی ناو کۆمەڵگە و پەرت و بڵاویان دەکاتەوە و توندوتیژی و لێکدابڕان و شەڕ و شۆڕ بەرهەم دەهێنێت، هەستی ڕۆحگەرایی وەك دەمبەدەمبێ و قسەوقسەڵۆك لەچووارچێوەی ڕۆحگەرایی خۆیدا بەرهەم دەهێنێت، وەك کەشێکی کوشندە بەسەریاندا زاڵ دەبێت، کە خۆزگە بۆ دەستبۆنەبردنی پێشوەختەی دەخوازین. بەڵکو، پێویستە زانست و حەقیقەتی سروشتیانەی مرۆڤ و زانستەکانی ئەستێرەکان و تەنەکان و فیزیا و دۆزینەوەکانی مرۆڤ، بخەینە جێگەیان و ئەو ئەنجامگیریانە بدۆزینەوە کە بەرەو نهێنیی پەیوەندیەکانی مرۆڤ و ڕۆحگەراییمان دەبەن. یان ئەوەتا، ئاین، ببێتە هەڵبژاردە، تاکو کۆمەڵگە بەگشتی، ئاین وەك بیروباوەڕ و فەرهەنگێکی زانستی وەربگرن و گۆڕانکاری لەدەقەکان و ئەحکامەکانیاندا بکەن. بۆ نموونە، ئاینی مەزداسەنایی زەرەتۆشترا، بۆ ئەم سەردەمەی کۆمەڵگە یەکجار بەنرخ و گونجاوە، کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ و زانست و ڕاستیی بووندا یەکدەگرێتەوە و بەڕاددەیەکی باشیش خاڵییە لەڕۆحگەرایی. ئەگەر ئاین، پێی وابێت لەبنچاخی هەستییەوە ڕۆح زادەی خودایە و مرۆڤ ئافرێندراوێکی نموونەییە، بۆ تاقیکردنەوەی ململانێی نێوان خۆی و ئافرێندراوێکی لەمرۆڤ باڵاتر، ئەوا گاڵتەجاڕیەکە و بەئێستەی ئەقڵی مرۆڤگەل دەکرێت. لەوێشەوە کە ڕۆح لەوەسفێکی خەیاڵیانەی نەزاندراوی نەبیندراوی  ونبوودا کەسێتی و پێگەیەکی بنچینەیی بۆدابڕێژێت و لەسەر تەختی بڕیار و دادوەری دابینێت، ئەوا هیچ بۆ ژیان و سروشت و بوون بەو فراوانی و گەورەییە و لەسەرویانەوە بۆ مێشك، بەو ئاڵۆزی و توانامەندیەی خۆیەوە ناهێڵێتەوە، و تاك بەتاکی کۆمەڵگەی مرۆڤگەل بەخۆیەوە ئاڵودە دەکات و بەو دەردەی دەبات کە مێژوو و ئێستا گەواهیدەریەتی. جیاوازیی بیرکردنەوەی ئاوەزمەندانەی ئێستای تاك بەتاکی مرۆڤگەلیش ئەو نیشانە و خاڵانەن، کە دەرخەری تایبەتمەندیی لەیەکچووی مرۆڤگەلن، کە مێشك بەزیرەکیی خۆی هاوبەشیانە بەیەکەوە، و دەستە دەستە کۆیان دەکاتەوە و لەژێر هەژمونی ڕۆحگەراییدا هەڵدێن. ئەمە ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە کە لەئەنجامگیریی دوو فەرهەنگی دژ بەیەك و پێچەوانەوە سەرچاوە وەردەگرێت.

با لەوە بگەین و بەراوردی بکەین، کە جەمسەری فەرهەنگیی ڕۆحگەرایی، چەندە ئەو نیشان و ئامانجانەی بەواقیع پێکاوە کە لەبەردەم مرۆڤگەلدا بوونەتە کۆسپ و بیرکردنەوە ئاڵۆزەکانی داگیر کردوون؟ هەڵبەت خوێندنەوە و بەدوواداچوونی لێکۆڵینەوە و

وردکردنەوەی ئاوا باس و بابەتێك لەلای ڕۆحگەراکان هێندەی ئازاربەخشە، نیوهێندە دەروون و مێشك ئەهۆن ناکاتەوە. چونکە، لەلای ڕوحگەراکان، هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەو خەون و خەیاڵانەیە کەباڵەخانەی ئێستا و ئایندەیان لەسەر هەڵچنیوە. ئەمەش، سروشتی مرۆڤە، کە ئارەزووی ئەوە ناکات ماڵە باجێنەی بیر و باوەڕەکانی تێك بچێت. وەك ئەو نموونەیەی لەمێژوودا هەیە، لەکردنەوەی تەوقێکی ئاسنین لەملی کۆیلەیەکدا، دەرەنجامەکەی ئەوە دەبێت کەنازانێت و ناتوانێت نەخۆی بەخێو بکات و نەلەگەڵ ئەو کەشە نوێیەشدا هەڵبکات کەبۆی ڕەخساوە. نموونەیەکیتر، لەناو مرۆڤگەلی کوردا، ئەوەیە کەبووەتە فەرهەنگ، ئەگەر حیزبێك یان بزووتنەوەیەك یان ڕەوتێك دروست ببێت بۆ ئامانجێکی گشتیی نەتەوەیی و نیشتمانی، لەلایەن خەڵکەوە پرسیاریان لێدەکرێت، ئایا کام دەوڵەت پشتگیرییان دەکات؟ خۆ ئەگەر نەڵێن فڵانە دەوڵەتی زلهێز پشتیوان و پشتگیرمانن، هەرگیز کەس نەمتمانەیان پێدەکات و نەدوواشیان دەکەوێت. ئەمە لەوەوە سەرچاوەی وەرگرتووە و خزیوەتە ناو فەرهەنگی کوردییەوە چونکە کورد، هەمیشە داگیرکراو و ژێردەستە و بچوك بووە و بەردەوامیش پەنای بردۆتە بەر داگیرکەری بەشێکیتر لەخاکەکەی خۆی یان دەوڵەتێکی جیهانی. یان ئەو نموونەیەی کە کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ ئاینەکانی تردا مامەڵە دەکەن و بەپرسیارە سەیر و سەمەرەکانیان جیهانی خۆیان دەوروژێنن بۆ نموونە پرسیار لەزەردەشتیەکان( مەزدا سەنایییەکان) دەکەن کە پیاوێك بۆی هەیە چەند ژنی هەبێت؟ لەکاتێکدا لەلای زەردەشتیەکان پیاوێك هیچ ژنێکی نییە، بەڵکو هاوسەری هەیە و ئەوەش زۆر شەرمەزارییە لەلایان کە پیاوێك، چەند هاوسەرێکی لەیەك کاتدا هەبێت. هەر وەکو ئەوە وایە لەئیسلامدا، ژنێك چەند هاوسەرێکی پیاوی هەبێت. ئەم نمونانە هەرچەندە ڕەنگە سادەبن، بەڵام بۆ ئەنجامگیری کاریگەر و بەرچاو و واقعین و ڕێڕەوێکی قوڵ و پڕمانایان هەیە لەتێگەیشتنندا.

جیهانبینی و ئەندێشەگەرایی ئاوەزمەندیانە، بنچینەی باوەڕی مرۆڤە لەبڕیارەکانیدا، بەرامبەر گێتی و ژیان، هەر ئەمەشە زیندوێتی و دووربینی و ووردکردنەوە و بەردەوامیی پێ دەبەخشێت. هەستی هەبوون و زیندوێتی لەلای مرۆڤ وایکردووە ململانێیەکی بێکۆتایی لەپێناویدا بکات. بەڵام ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی مرۆڤ، کاتێك ئومێدبەخش دەبێت بۆی، کە نەمرێتیی چنگ بکەوێت. لەو پێناوەشدا، ڕۆحگەرایی بەرهەم هێناوە کە هیوابەخشی زیندووبوونەوەی پاش مردنیەتی. بەڵام، لەواقیعدا، دەزانێت بیرۆکە و بیروباوەڕێکی ناکامڵە و کاتێك، ئەوانیتر دەمرن، هیچ دەستکەوتێکی سەلماندنی چنگ نەکەوتووە و مردنیش لەبوونیەتیدا خاڵی کۆتاییە. بەڵام نایەوێت باوەڕ بەمردنی کۆتایی بکات. هەر لەبەر ئەمەشە خۆی ئاڵودەی بیرکردنەوە و ئاینگەلی ڕۆحگەرایی دەکات و خۆی پێ مەست و سەرخۆش دەکات و واقیعی ڕاستەقینەی سروشتی ژیان بەجێدەهێڵێت. ئەوە ئەو وێستگە خاڵی و پوچییەیە، زۆرینەی مرۆڤگەلی سەر زەوی و بەتایبەتی

کۆمەڵگەکانی ئاسیای ناوەڕاست و لەناویاندا نەتەوەی کورد بەویستی خۆیان وەك نێچیرێکی ئامادە و سازی بەردەم ئاینی ڕۆحگەرایی، گیرۆدەی خۆیان کردووە و سرەوتی لێ بڕیون. ئیتر لێرەوە جیهانبینی و ئەندێشەگەرایی ئاوەزمەندیانە توشی وێرانکاری بووە و ڕاستیی سروشت و بەهای ژیان کە چۆنە، لەناو قوڵایی هەستەکانیاندا، لەناوچووە. لەکاتێکیشدا، دەیانەوێت دەلاقەیەك بۆ بیرکردنەوەی زانستیانەیان ئاوەڵا بکەن، ئیتر هێند گیرۆدەبوون، تازە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆدواوە و هەر دانپێدانانێکیش بەو ڕاستیەدا ڕزگاریان ناکات. مەگەر، ئەوەی کە ژیانی خۆی وەك نرخ و تێچونێك بۆ هەست و بیرکردنەوە و هەڵوێستەکانی بدات کە دەستوور( شەریعەت) ی ئاینەکان، یاسای لەسەر داناون و بۆ تەواوی ژیانیان پێویستە پێوەی وابەستەبن. ئەم شیکردنەوە و باسگەلە ئەوە دەسەلمێنێت کە مرۆڤ ناتوانێت واز لەئاینده بهێنێت. هەربۆیە، ڕۆحگەرایی لەسەر بنچینەی ئایندەگیری، ڕێچکەکەی هەڵگرتووە و مرۆڤ بۆخۆی دەیخولْقێنێت و هەر بۆخۆشی کۆشش دەکات تالەچنگی ڕزگاری بێت. سەراپای ڕۆحگەرایی و ئاینەکانی سەر بەم لقەی ئەندێشەگەرایی لەناو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی دژ بە زانست و عەقڵانیەتی کۆمەڵگاوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە نەیتوانیوە ئایندەگیریی پاش مردن شیبکاتەوە، یان خودی مردن بوەستێنێت، یان هیچ نەبێت تێگەیشتنێکی قوڵ دەربارەی لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤگەلدا وا بڵاوبکاتەوە کەجێبگرێت. بەپێچەوانەوە، بە یاسا کۆمەڵایەتییەکانەوە خۆی ئاڵاندووە و بەخۆگونجاندنێکی ترسنۆکانە و بەرژەوندگیریانە بەناوی پیرۆزیەکانی خەڵکەوە خۆی قوتار کردووە و هێشتوویەتی ڕۆحگەرایی، کۆمەڵگە وردوخاش بکات و لە پەلوپۆیان بخات.

لەدایکبوونەوە، وەك بنچینەی ڕۆحگەرایی، چەند پەیوەندیی بەمانەوە و نەمرێتیەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندیی بەلەدایبوونی سەرەتاوە هەیە. یەکەمیان خۆجێکردنەوەیە لەناو واقیعدا، کەعەقڵ بەڕاڤەکردنەکانی، شێوازی خەیاڵی و وێناکردنی بۆ دادەڕێژێت و دەیەوێت هەر لەڕێگەی عەقڵانیەتەوە هاوڕێژەی بکات و بە دووەمیانەوە ببەستێتەوە و بیکات بەواقیع. لەکاتێکدا، لەدووەمیاندا، لەدایکبوون، پرۆسەیەکە بەجووتبوون لەنێوان نێر و مێیەکدا وەك ڕوداوێك ئەنجامی بەرهەمهێنانی مرۆڤێکی لێ دەکەوێتەوە. کەچی، یەکەمیان بەبێ ئەم پرۆسە واقیعیە کەسەکە وەك خۆی و لەڕێگەی ڕۆحەوە لەدایك دەبێتەوە. لێرەوە ڕۆحگەرایی جیهانی ناعەقڵانی و جیهانی عەقڵانی وەك یەك چمکی دووانەیی یەکترتەواوکار لەکۆمەڵێك هاوکێشەی دژبەیەکدا دەگونجێنێت و دەیکات بەدەستووری ژیان و گێتی و ڕەوایەتیان پێدەدات بەمەش دۆخێکی پڕاوپڕ لە ململانێ و گرفتاریی بۆ کۆمەڵگە خولْقاندووە. وەك ( لیۆ چیستۆڤی) ڕوسی یەکێك لە هەرە ڕۆحگەراکانی جیهانی ئاینیی مەسیحی، دەڵێت ( تاکە چارەسەری ڕاستەقینە ئەوەیە کەمرۆڤ وایدەبینێت چارەسەر نییە. ئەگینا چ پێویستیەکمان بەخودا دەبوو؟ ئێمە، بۆیە

دەگەڕێینەوە بۆلای خودا تامەحاڵمان دەست بکەوێت، ئەگەر نا، ئەوەی کە ئەبێت هەبێت لەسەر دەستی مرۆڤ دێتە دی. بۆیە ئەگەر لەگەڵ کەرەستەکانی ژیان و عەقڵگەرایی و واقیعیشدا نەگونجێت هەر پێویستە پشت بەخودا ببەستین)( ئەفسانەی سیزیف، ئەلبێرت کامۆ).

لەهاوکێشە سادەکەدا، بۆ تێگەیشتن پێویستە جارێکیتر مرۆڤ ئەو ڕاستیە بێنێتە پێش چاوی خۆی کە ئەو لەئەنجامی چی و چۆن هاتۆتە جیهانەوە؟ کەئەمەی زانی، ئەودەم لەگەڵ لەدایبوونەوەی جارێکیتری ڕۆحگەراییدا، بەرابەری بکات، زۆر بەئاسانی ئەوە تێدەگات، هەڵەیەك هەیە لەمەڕ لەدایکبوونەوەی دووەمجاردا. بەڵام، کێشەی ڕۆحگەرایی ئەوەیە، لەدایکبوونی یەکەمیش هەر دەبەستێتەوە بە ڕۆحگەراییەوە و ڕۆح دەکاتە بنچینەی لەدایکبوون و بەبەشێك لە بەخشندەیی خودای دەزانێت. هەروەك چۆن لە هەردوو کتێبی ( ئینجیل و قورئان) دا، لەباسی عیسادا هەیە کە ( خودا فوی کردۆتە ناودەمی مریەمەوە و سکی بەعیسا پڕ دەبێت). لەکاتێکدا، مرۆڤ بەزانستەکانی، بەتەواوی ئەوەی بۆڕوون بۆتەوە و سەلماندویەتی، پرۆسەی زۆربوون، لەڕێگای دەمەوە نییە و بەفووتێکردنیش ئەنجام نادرێت. هەرچەندە لەواقیعدا تاك بەتاکی خەڵك ئەمە بەچاوی خۆیان دەبینن و تەنانەت زۆرینەی هەرە زۆریان ئەزمونی دەکەن و دڵنیاشن لەڕاستیەکەی، کەچی هەرواش ڕۆحگەراکان ئەمە ناسەلمێنن. چونکە، پێیان وایە ڕۆح سەرچاوە و هێز و وزەی یەکەمە بۆ لەدایکبوون و زۆربوون. پاساوەکەشیان ئەوەیە، ڕۆح بەشێکە لەخودا و خوداش مەحاڵیان بۆ دەستەبەر دەکات. لێرەدا ئەمەوێت نمونەیەك دەربارەی ئەم گرفتە بهێنمەوە کەخۆم ئەزمونم کردووە.

لەسەرەتای نەوەدەکانەوە، کەنیسە مەسیحیەکانی ئەڵمانیا و ئەمریکا، لەهەرێمی کوردستاندا، هەڵبەت هەرسێ پارێزگەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆکی گرتەوە، بەهۆی دروستبوونی کەشێکی نالەباری هەژاری و نەبوونی و بێدەرەتانی کە ڕووی لەخەڵکی کوردستان کردبوو و زۆرێك دەستیان کرد بەکۆچکردن بۆ ئەوروپا و ئەمریکا و ئوسترالیا و وڵاتانی دیکەی جیهان، بۆ ئەوان لەبار و گونجاو بوو بێنە ناو زەمینەکەوە و لەڕێگای کۆمپانیا و دەزگا هەواڵگریەکانیانەوە دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی لەناو خەڵکدا. هەر لەسەرەتای دەرکەوتەکەوە، سەدان کەس بەخانەوادەوە و بەتاك تاك بەدەم بانگەشەکانیانەوە چوون و بوون بەمەسیحی. هەڵبەت هەردوو کەنیسەکە دژ بەیەك بوون، سوکایەتیان بەیەکتر دەکرد و پەلاماری یەکتریان دەدا. جەنگی دەرونی و خیتابیان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ئاوارەکانی ناو زەمینەی سەرلێشێواو و ڕوخاوی فکریانەی خەڵکی کورد دژ بەیەك دەستدابوویە. لەناو ئەو زەمینەیەدا گەلێ قەشە و شێخی مەسیحیان پەروەردە کرد. جا لەدەمێکدا کە من بەشار و شارۆچکە و لادێکانی کوردستاندا دەگەڕام و بانگەشەی ئاینی زەردەشتیم دەکرد، یەکێك لەو کەسانەم بووە هاوڕێ و لەکارە

پێکەوەییەکاندا لەژێر ناوی بەیەکەوە ژیانێکی ئاشتیانەدا، زۆرێك چالاکیمان ڕێك دەخست. ڕۆژێکیان لەگەشتێکماندا بۆ لادێیەکی دوورەدەست کەتەواویان یارسانی بوون و ئێمەش زەردەشتی و ئێزەدی و یارسانی و مسوڵمان و مەسیحی بەیەکەوە چووبووینە ئەوێندەر، لەدانیشتنێکماندا، بەدەم برژاندنی گۆشتی بەرخەوە کە خەڵکی گوندەکە بۆیان ئامادەکردبووین، گفتوگۆیەکم دامەزراند. هەڵبەت مەبەستم ئەوەبوو کەبزانم داخۆ ئەم بانگخوازانە کە هەریەکە و لەئاینێك بوون چۆن ئەڕواننە ڕۆحگەرایی. کاتێك پرسیارم ئاراستەی هاوڕێ مەسیحیەکەمان کرد، دەربارەی ئەوەی کە چۆن دەبێت خودا کوڕی هەبێت؟ ئەو زۆر سادە و ئاسان وەڵامی دایەوە و وتی: ئەو تەنها کوڕی خودا نییە، بەڵکو عیسا خودایە! چونکە خودا لەڕۆحی خۆی بەتایبەت دروستی کردووە و بەشێکە لەخودا، بۆیە ئەو خودایە. لەوەڵامی بانگخوازە مسوڵمانەکەشدا کە بەشێوەیەکی گشتی هەموویان بەهەمان گوتار بۆ قایلکردن و ڕەزامەندی و ئومێدبەخشین بەخەڵك مامەڵە دەکەن ئەوەبوو وتی: ( ڕۆح بەشێکە لەخودا و تەواوی مرۆڤگەل ئەوبەشەی پێبەخشراوە و ئەگەر ڕۆحیش نەبێت ئەوا ژیان بوونی نابێت، بەو پێیەش تەواوی مرۆڤگەل بەو بەشەی خودا دەژین و هەر بەو بەشەش هاتوونەتە بوون). ئەم شێوەیە لەگوتار، فێرکارییە، قوڵایی عیرفانی ئەوانە، ڕاڤەکردن و تێگەیشتنە بۆ ڕۆحگەرایی و ئەو دەرەنجامەشمان دەداتێ کەباڵاڕەوی تێیدا، لەڕادەی خۆی زیاتر تێپەڕیوە و ڕۆچۆتە ناو کۆی گشتیی ئەندێشەکانی مرۆڤەوە و عەقڵگەرایی دەکاتە وەهم. چارەسەرکردنیشی هەروا ئاسان نابێت.

## جادووی ڕۆحگەرایی، ڕەگ و ڕۆچوون و دەرەنجام:

ڕۆحگەرایی، مامەڵەی جادوگەرایی لەگەڵ دیاردە و ڕوداوەکاندا دەکات. ئەو کەنەیتوانیوە وەڵام بەو دیاردە سروشتیانەی دەوروبەری بداتەوە و لەئاستی ئەو هەموو پرسیارە زۆروزەوەندەدا کە هیچ وەڵامێکی ڕازیکەری پێ نییە، دۆش داماوە. بۆیە بەناچاری مامەڵەیەکی جادوگەرانەی ئەفسانە ئامێزیان لەگەڵ دەکات. لەو ڕووەوە نمونەیەکی ئاشکراو بەرچاوی دیاریکراو دەهێنینەوە کە تا ئێستاش بەدەقی پەرتوکە ئاسمانیە سامیەکان لەناو خەڵکانی ئاینیدا باوە و بەهەزاران وتار و سەدان دێری کتێبەکانی پێپرکراوەتەوە و لەتەواوی خوێندنگا ئاینیەکان و لەناو کڵێسا و مزگەوتەکاندا دەخوێندرێت ئەویش باران بارینە.

لەلای ڕۆحگەراکان، باران بارین، پرۆسەی خواست و فەرمانی خوداکەیانە. بەبێ ئەوەی حساب بەچۆنێتیی دروستبوونی هەور بکات و شیکردنەوەی بۆبکات بەشێوەی فەرمانێك دروستی دەکات. دووای ئەوە دوو کەسێتیی ڕوحانیی بەتایبەت بۆ دروست کردوون و ئەوانیش بەقەمچی لەهەورەکان دەدەن و هەورەکانیش لەتاو ئازاری گیانیان هاوار دەکەن و ئاو دەبارێنن بەسەر زەویدا. ئەمە کورتە و پوختەی چیرۆك و ئەفسانەی ڕۆحگەراییە بۆ پرۆسەی بەهەڵم بوون و باران بارین. بەڵام بابێینە سەر پرۆسەکە و بزانین ئەناهیتا و موغەکان چۆن ئەم پرۆسەیەیان شیکردۆتەوە.

ئەناهیتا، لەوتەکانیدا، لە پەرتوکی ( گیوش) دا، کە پشتی بەئەزموون و تاقیکردنەوەی موغە لەپێشینەکان بەستووە و بە سیستەمی ( ئەشا) وەی دەبەستێتەوە پێی وایە ( هەورەکان، هەڵمی ئاون و لەدوو پرۆسەی جوداوە هەورەکان دروست دەبن کە یەکەمیان لەڕێگەی گەرمییەوە ئاو بەهەڵم دەبێت و دووەمیشیان بریتیە لە پرۆسەی ( دەردانی ئاویی ڕوەکی) کە لەلایەن گژوگیا و ڕوەکەوە ئەنجام دەدرێت).

ڕێگای یەکەم، بەهەڵمبوونە لەڕێگەی گەرمییەوە ئاسان و بەرچاوە و تێگەیشتنی ئاسانە. بەڵام، دەردانی ئاویی ڕەوەکی کە پرۆسەیەکی سروشتییە ڕەنگبێ لەلای ڕۆحگەراکان و تەنانەت زۆرینەی دانیشتوانی جیهان سەرسوڕهێنەر بێت. هەڵبەت گژوگیا و ڕوەك لەڕەگەکانیانەوە و لەناو زەویەوە ئاو هەڵدەمژن. بەشێك لەو ئاوە بۆژیانی خۆیان بەکار دەهێنن و زۆرترینیشی لەڕێگەی قەد و گەڵاکانیانەوە دەردەدەن و دەیدەنە بەر با و دەیکەن بەهەڵم. بەم پێیە ڕەوەك و گژوگیا بەپێی سروشتی خۆیان و بۆ مانەوە و ژیانیان بەردەوام

ئاو لەزەویەوە هەڵدەمژن و دەیکەن بەهەڵم و هەڵمەکەش لەناو هەوادا دەمێنێتەوە و پاشان دەبێتە هەور و لەئەنجامی ساردبوونەوەدا چڕ دەبێتەوە و دەبێتە باران.

ئەم شیکردنەوەیە، کە هەزاران ساڵ لەمەوبەر لەناو موغە کوردەکاندا باو بووە و زانراوە، دوورە لەچیرۆکە ئەفسانەیەکانی ڕۆحگەرایی و وەڵامێکی زانستیانەی پرۆسەی بەهەڵم بوون و باران بارینە. کەچی، لەلای ڕۆحگەراکان ئەم زانست و زانیاریانە بەکاری دەستبردن بۆ زانستی ئەودیو مرۆڤی دەزانن و لەوتارەکانیاندا هەڕەشەی مەرگ لەوکەسانە دەکەن هەڵگری بیروباوەڕی ئاینە ڕاستەقینەکانن کە پڕاوپڕن لەزانست و ڕاستی.

جادووی چاك و خراپ، لەسروشت و بووندا، ئەو دوو پنتە فەرهەنگیەی ڕۆحگەراییە کە ململانێیکانی خۆی لەناو ئەندێشە و جیهانبینیی کۆمەڵگەدا لەسەر هەڵچنیوە. لەکاتێکدا، هیچیان، نەچاك و نەخراپ نین، بەڵکو سیستەمن. بالێرەدا نمونەیەك لەسەر تێڕوانینی ( ئیبن سینا) لە پەرتوکی ( شخصیات و مذاهب فلسفیه) وەربگرین. ئەو دەڵێت ( چاکە، لەخراپەوە بەرهەم دێت. ئەگەر ئاگر زیانی سوتانی لەگەڵ نەبایە، سودەکەی دەرنەدەکەوت. ئەگەر هەور، بەری خۆر نەگرێت و ڕوناکی نەشارێتەوە، ناتوانێت باران ببارێنێت و گشتەکانیتر ئاوبدات. بۆیە، پێویستە خراپەیەك هەبێت تاکو چاکەیەك ڕوبدات. ژیانیش لەخراپەوە سەرچاوە دەگرێت و باشە بەرهەم دەهێنێت). ئەمە ڕەگی هەرە بەرزی و ئەوپەڕی دیدگای ڕۆحگەراییە بۆ ئەزمونکردن کە لەڕێگەی چیرۆکەکانیانەوە دایدەڕێژن و دەیکەنە فەرهەنگ و جیهانبینی. لەوانەش با بزانین وەك سەرەتای ئافراندن و خراپەکردن بۆ بەرهەمهێنانی چاکی لەدیدی شەهرستانییەوە لەپەرتوکی ( الملل والنحل) چی دەبێژێت؟ ئەو دەڵێت ( ئیبلیس، لەلای الله ناڕەزایەتیی دەبڕی و لێی پرسی، ئەی خودا، تۆ ئاگادار و زانابووی بەرامبەر ئەو خراپەکاریانەی لەمن دەوەشێتەوە. کەواتە بۆچی دروستت کردم و زاڵت کردم بەسەر بەندەکانتدا و مردنی منیشت دواخست بۆ ڕۆژی کۆتایی ژیان؟ خوداش لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا ووتی: ئەی ئیبلیس، ئەگەر تۆ ڕاستگۆ بویتایە لەوەدا کەبڕوات هەبێت بەوەی من پەروەردگاری تۆ و پەروەردگاری خەڵکم، ووشەی ( بۆچی) ت لەبەرامبەرمدا بەکار نەدەهێنا. من خودام و هیچ پەرستراوێك نییە بێجگە لەخۆم. من بەرپرس نیم لەوەی دەیکەم بەڵکو ئەوە خەڵکە بەرپرسیارێتیی کردەوەکانی خۆیان هەڵدەگرن).

ئێمە، ئەبێت بزانین، مرۆڤ و جیهان، بریتین لەژیان و بوون. ئەگەر ئەم دوو کەرەستەیە نەبێت، ئەوا بوون هیچ مانایەکی نابێت. لەنێوان خواستی مرۆڤ و ئەوەشی لەجیهاندا هەیە تەنها بەیەکەوەبەستن و گرێدانیانە بەیەکەوە، چونکە ئەگەر لەیەکتریان بترازێنین ئەوا ڕێژەکە دەگۆڕێت و هەرگیز هاوکێشەی پێکەوەبوون بۆ ژیان و بوون ڕوونادات.

بۆیە، ( خودا) وەك بوونی جیهانێکیتری لەسەروو مرۆڤەوە، نەدەبێتە بەشێك لەژیان و بوون و نەهیچ پێویستیەکیش پڕ دەکاتەوە. چونکە بوون، بەهەموو ململانێ و چاك و خراپەکانیەوە کە دید و تێڕوانینی مرۆڤ بەرهەمی هێناوە و بۆ ناسینەوە ناوی لێناون، هەستەکانی هۆشمەندیی مرۆڤە کە بوونی خۆی پێ سەلماندووە و ڕووبەڕووی بۆتەوە تاکو ڕامی بکات.

ئیبن سینا، نەیڕوانیوەتە سیستەمی ڕاستەقینەی ئاودانی گشتەکان لەیاسای بوونی ژیانی زەویدا. زەوی کە دایکی ئافرێندراوەکانی خۆیەتی بەو سیستەمەی ئەشا، ئەوانیتری بەرهەم هێناوە و هەر لەڕێگەی سیستەمی مانەوە وەك خۆی، پارێزگارییان لێدەکات. لەلایەك لەڕێگەی ڕوناکیی خۆرەوە کۆمەڵێك سودیان پێشکەش دەکات و لەلایەکیترەوە لەڕێگەی هەورەکانەوە ئاویان دەداتێ. ئەمانە گەوهەری جموجوڵ و ململانێکانی سیستەمی بوونن لەسەر زەوی، هیچ خراپەکاریان تێدا نییە و بەرگرتنی خۆر نین، بەڵکو هەر لەڕێگەی گشتەکان و خۆرەوە هەورەکان دروست دەکات و پاشان چڕیان دەکاتەوە و بۆ گشتەکان و بۆ خۆی، دەیانکاتەوە بەئاو. سوتانیش، خراپە نییە. بەڵکو، پرۆسەیەکی گۆڕینە بۆ ڕوناکی و گەرمی. ئەوکاتە دەبێتە خراپە کە زیان بەگشتەکان دەگەیەنێت. وەك ( ئەلبێرت کامۆ) نوسەری بەڕەچەڵەك فەرەنسی و یەکێك لەبەناوبانگترین فەیلەسوفەکانی دانیشتووی جەزائیر، لەپەرتوکی ( ئەفسانەی سیزێف) دا دەڵێت( مەرجی بەردەوام بوون ئەوەیە کە هەمان ئەو شتە بپارێزم کە وردوخاشم دەکات و لەهەمان کاتدا ڕێز لەو شتە بگرم کە گەوهەرییە تێیدا. هەر ئەمەشە کە من وەك ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێیەکی بێکۆتایی وێنای دەکەم).

لەچیرۆکە ئەفسانەییە ڕۆحگەراییەکەی شەهرستانیدا، کە بەشێکی گرنگی فەرهەنگی کۆمەڵگەی ئیسلامیی داگیر کردووە و جادووی ململانێی نێوان الله و ئیبلیس، چەقی قورسایی چاك و خراپە لەژیانی مرۆڤدا، کراوەتە ڕێگەی تاقیکردنەوەیەك بۆ هەڵبژاردنێکی ئاوەزمەندیانەی عەقڵگەرایی زانستیانەی مرۆڤ کە لەڕێگای هۆشمەندی و هەست و بەرپرسیارێتیەوە لەسەر نەخشە و بەرنامەی پەرتوکەکەیان ( قورئان)، پرسەکان ورد دەکەنەوە و لەبێژنگی شەریعەتی دەدەن و دووابڕیاری یەکلاییکەرەوەی لەسەر دەدەن. هەڵبەت لەم پرۆسەی هەڵاوێرد و جیاکردنەوە و بڕیاردانەدا هەردوو پرسی( بۆچی و هۆکار)، قەدەغە و حەرام و ڕێگەپێنەدراوە. بەڵکو مرۆڤ ملکەچە و تەنها ئەوە پیادە دەکات کەئەرکە لەسەری.

کێشەی چرۆکەکە، تەنها ئەوەندە نییە کە باڵاڕەویی خودا، تێیدا خاوەنی ئافراندنە. یان، خواستی مەحاڵی مرۆڤ، خودای بەرهەم هێناوە. بەڵکو، دووڕوویی چیرۆکەکە و ڕێگەگرتنیەتی لە ( بۆچی)، کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ئاینی جادوگەری و مرۆڤ

لەتوپەت و پارچەپارچە دەکات. لەلایەکەوە ڕێگەدەدات پرسیار بکرێت ( مافی گفتوگۆکردن و دەبڕین دەپارێزێت) و لەلایەکیترەوە قەدەغەی دەکات. لەلایەکەوە ڕوداوێك دەخولقێنێت و لەلایەکیترەوە هۆکارەکەی دەشارێتەوە و لەکۆتایی هەمووشیدا خۆی لەبەرپرسیارێتی دەشارێتەوە و لە ڕووبەڕووبوونەوە و لێپرسینەوە ڕادەکات. کەچی، لەچیرۆکەکەدا کاراکتەری خودا، هێشتا نازانێت بۆچی، ئەو تاکە پەرستراوە؟ بەڵکو، سزادەبەخشێتە هەرکەسێك، یان هەر لایەنێکی بەرامبەر، کەئەو نەپەرستن. چیرۆکەکە، کەسایەتی ئیبلیسی خولقاندووە کە ململانێ دەکات لەناو خەیاڵ و تێفکرینەکانیدا و دەیەوێت بزانێت کامە سزا ( چۆن و بۆچی) چاکە یان خراپە؟ ئەتوانین بشڵێین لەکێ پرسیار دەکات؟ هەڵبەت لەچیرۆکەکەدا هاتووە ( الله، داناترین و زاناترینە). هەر ئەم هۆکارەشە ڕووی پرسیارەکەی ئاراستە کراوە. بەڵام ئەو، لەوەڵامدا، پێی وایە ئیبلیس ڕاستگۆ نییە و نەفام و نەزانە، ئەگەر ئاوەزمەند و ژیربوایە ( بۆچی) ی نەدەگوت. چونکە، ئیبلیس دەزانێت کە ئەو، ئافەریدەگاری خۆی و مرۆڤیشە. ئالێرەدا دوو تەپۆلکە لەبەردەم تێڕوانینێکی ڕۆحانیی ئاوا قوڵدا بەرز دەبنەوە ئەوانیش یەکەمیان، دووڕوویی و دووەمیشیان، خۆدزینەوەیە لەبەرپرسیارێتی. لەیەکەمیاندا کاتێك کە ئیبلیس بزانێت الله ئافەریدەگاری خۆی و مرۆڤە و دەیپەرستێت کەواتە بۆ سزا دەدرێت، ئەی چیی نەزانیوە؟ دووەمیشیان کەمرۆڤ نەیزانیبێت و بێئاگابێت لەو ئافرێنەر و ئافراندنە و دەستی لەململانێکەدا نەبێت بۆچی بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت؟

مرۆڤ، نرخی لەچوارچێوەی زیندووبوونەوەی پاش مردنی لەسەر خۆی داناوە، بەڵام پرسە ڕۆحانیەکانی خستۆتە سەرووی نرخاندنی خۆیەوە و بەستوویەتیەوە بەکەرامەت و ئەو پیرۆزکردنەی کەدەستبۆبردن و باسکردنی قەدەغە کردووە. ئەفسانەی پێش پەیدابوونی مرۆڤ و ئەو چیرۆکە خەیاڵیەی لەکاتی پەیدابوونی مرۆڤدا لەلایەن ئاینە سامیەکانەوە داڕێژراوە، چووارچێوەیەکی ڕۆحگەراییە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە پرسی نەمرێتی لەزیندووبوونەوەی پاش مردنیدا ئەزەلییە و لەدەستی خودادایە. لەکاتێکدا ئەفسانە، ناتواندرێت هیچ سەلماندنی بوون یان نەبوونی بۆ بکرێت و لەناو بازنەی ڕاستیدا نییە. بەتێگەیشتنێکی ئاسانتر، ئەفسانە، بریتییە لە ڕووداوگەلێکی خەیاڵی کە ڕودانیان بەو شێوەیەی باسدەکرێت لەئەفسانەکەدا مەحاڵە و لەناو بازنەی بەڵگەدا نییە. وەك ئیبن ڕوشد لە پەرتوکی ( تهافت التهافت) دا دەڵێت: ( بەڵگەی عەقڵانیی مرۆڤ لە دوو بەشی کرداری و تیۆریدا، هێز و جوڵەی لێ بەرجەستە دەبن کە بوون و وجودەکەی وایلێدەکەن لەوانیتر جیاواز بن). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بوون خاڵییە لەئەفسانە و ڕووداوەکانیش لەتێگەیشتنی عەقڵانیەتی مرۆڤەوە خەمڵاندنیان بۆ دەکرێت و سیفەت و ناسنامەیان پێدەبەخشرێت بۆ بەدەستگەیشتنی مەحاڵیش، مرۆڤ ئەفسانەی بەرهەم هێناوە تاکو وەك ( مەعقول) یێك نرخداری بکات و لەڕێگایەوە بەئامانجە هەستیمەندیەکانی بگات. بەڵام

ئەلبێرد کامۆ، بەشێوەیەکیتر عەقڵگەرایی ڕوحانی شیدەکاتەوە، ئەو، لە ( ئەفسانەی سیزێف) دا دەڵێت: ( باڵاڕەویی عەقڵانی، توانای پەیپێبردن و ڕۆچوونە بەناو قوڵایی ئەزموونەکاندا لەبەدەستهێنانی هۆشیاریدا بەناو ئەو گێتییەی کە شکست دەوری تەنیوە و مەغزای باڵای ژیانە). کەواتە توانای هەستکردن و پەیپێبردن بە بوون و گێتیی دەوروبەری مرۆڤ بەرەنجامی باڵاڕەویی ژیان و عەقڵانیی مرۆڤە کە شوناس و نرخیان بۆ بوون دەداتێ و لەئەزموونی شکستی دەستخستنی مەحاڵیشدا کە نەمرێتییە ئەفسانەی بۆ دادەڕێژێت و چێژ لەم ئەنجامی سەرکەوتنە دەبینێت چونکە بیروباوەڕی ئاینی و پیرۆزکردن، دوو نەریتی کۆمەڵایەتین و پایەی تێکۆشان و سەرکەوتنن بۆ هەر کۆمەڵگەیەك کە بیر و ئەندێشەی ئەفسانەیی تێیدا باڵابێت و ئومێد، ڕیشەی هەڵاوسانەکە بێت.

ئەفسانەی سەرکەوتوو، لەکاتێکدا جێپێگەی خۆی دەکاتەوە و بەتەواوی دەبێت بە نەریت، کە لەگەڵ شێوەی ژیان و جوگرافی و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت. بۆ نمونە، ( عەلی وەردی) گەورە کۆمەڵناسی عەرەب، سەبارەت بە هەڵکێشانی خودای عەرەب( الله) بۆ ئاسمان و وونکردن و دەستپێڕانەگەیشتنی و هەروا دوواندنی لەشێوەی ڕاستەوخۆدا، لە پەرتوکی ( ئەفسانەی باڵا) دا، ئاوا دەگێڕێتەوە: ( عەرەبەکان کۆچەری و دەشتەکی بوون و نەیاندەتوانی بتەکان بەبەردەوامی لەگەڵ خۆیاندا بگوێزنەوە. هەربۆیە ئەودەمەی قورەیشیەکان لەمەککەدا و لەناو کەعبەدا بتەکانیان دادەنا، زۆرینەی خێڵە عەرەبەکان بەردبارانیان دەکردن و میزیان پێدا دەکردن یان ئەگەر بتێك لەخورما درووست بکرایە بەلەقە دەچوونە سەری و تێکیان دەدا. چونکە ئەوان بەوە ڕانەهاتبوون کەلەڕێگەی نێردراوەوێکەوە داخوازیی خۆیان بگەیەنن، بەڵکو ئەوان لەگەڵ سەرۆك خێڵەکانیاندا ڕاستەوخۆ دەدوان و گفتوگۆیان دەکرد. سەرۆکەکانیان سادە بوون و وەك خۆیان وابوون. لەناویاندا بوو و جێگەی تایبەتیی نەبوو. بەپێچەوانەوە لەشارەکاندا یاساوڵ و سەرپەرشتیار و نوێنەر هەبوو و لەڕێگەی ئەوانەوە شارستانیەکان داخوازیەکانیان بە میر و سوڵتانەکان دەگەیاند. هەر ئەمەش وایکرد کە خودا لەچوارچێوەی خانووی کەعبەدا دەربکەن و بینێرنە ئاسمان. بەو شێوەیەش ئاسانتر و ڕاستەوخۆش دەتواندرا گفتوگۆی لەگەڵ بکرێت و داخوازیەکانی ئاراستە بکرێت. لەکاتێکدا قورەیشیەکان داوایان لەتەواوی خێڵەکانیتر دەکرد بێن بۆ کەعبە و حەج بکەن) . کەواتە ئەگەرچی قورەیش نەیتوانی خوداکەیان لەجێگەیەکدا دابنێن، بەڵام توانییان جێگەی خوداکە پیرۆز بکەن و حەج، بکەن بە نەریتی کۆمەڵایەتی. ئەم نەریتە وێڕای ئەوەی نرخێکی زۆری بۆ داندراوە کراویشەتە کەرامەتی باڵا. لێرەوە ئەفسانەی باڵا لەئاینە ڕۆحگەراییەکاندا هەم وەك ئەدەبیات و هەم وەك بیروباوەڕ، ڕیشەی خۆی لەناو مێژووی کۆمەڵگەدا داکوتاوە و بووەتە نەریتێکی چەسپاو.

ئەگەر، ئاینێکیتری ڕۆحگەرایی لەبارەی سەرونگونکردنی جێگای کاراکتەرەکەیدا وەربگرین کە ئەویش چووبێتە ئاسمان، ئاینی ( مەسیح) یەکانە. خودا، لەلای ئەمان لەناو جەستەی پیاوێکدایە. کەدەمرێت، یان ڕاستر بێژین کە لەخاچی دەدەن و دەیکوژن، دەیبەنە ناو ئەشکەوتێکەوە. لەوێندەریش وەك ڕوناکی بەرزدەبێتەوە و دەچێتە ئاسمان. لەوێوە ڕێبەرایەتی و سەرۆکایەتی و ڕێنوێنی و حکومڕانی دەکات. هەرچەندە ئاسمانی بوون، یان لەئاسمان بوون، یان دەستڕاگەیشتن بەئاسمان و گفتوگۆکردن دەربارەی و جێبوونەوەی لەناو ئەفسانەکاندا پێشتر هەبووە. بۆ نموونە، یەهوە، خودای جولەکە، لەئاسمانەوە بەشێوەی ئاگر و ڕوناکی و بەدەنگی مرۆڤ گفتوگۆ لەگەڵ موسا دەکات. هەڵبەت پێشتریش ئاموون و ئەخناتوون، هەردوکیان وەك خوداوەندی میسریە کۆنەکان لەئاسمانەوە هاتبوون و کەدەشمردن دەگەڕانەوە بۆ ئاسمان. هەرچەندە کۆی گشتیان جێگە و نزرگەیان هەیە و جێگاکانیان پارێزراو و پیرۆزکراو و نرخێندراون، بەڵام کۆی گشتیان، بەپێی بیروباوەڕ و ئاینی ڕۆحگەرایی، بەرهەمی ئاسمانن و لەکۆتاییشدا لەپاش ژیانی واقیعی، کە دەمرن، دەگەڕێندرێنەوە بۆ ئاسمان.

ئەفسانەی ڕۆحگەرایی، لەتەواوی نەریتە کۆمەڵایەتیەکانیدا وەك باوەڕ و وەك ئەدەبیات و وەك بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی و هەروا جیهانبینیی گشتی و بنچینەیی لەسەر بەئاسمانی بوونی وەستاوە. ئەگەر ئەفسانەکە لەناو ئاسمانەوە لەدایك نەبووبێت ئەوا جێگەی قبوڵ و ( مەعقول) نییە. لەم نێوەندەدا ئەگەر بەووردی بڕوانین و تێگەیشتنی نەختێك بەدیقەتەوە لەسەر بکەین ئەوا دەبینین ئەوەی لەسەر زەوی گوزەراوە باسکردنی جێگەی سەرنج نەبووە. بۆیە، لەئەفسانەی ڕۆحگەراییدا ئەرزشی نەبووە.

فیرعەونێك، بیر و ئەندێشەی بەدەست پەیداکردنی نانەوە گیری نەخواردووە. بەڵکو، تێر و تەسەل بووە. پۆشتە و پەرداخ بووە و خەمی لەلای چەکمەی دڕاو و بێپێڵاوی نەبووە. باران نەبارێت یان لافاو هەستابێت، بۆ ئەو گرنگ نەبووە. ئەو خەیاڵی لەلای ئەوە بووە چۆن کەشتیەکی هەبێت و بەئاسماندا بفڕیت. هەر بۆیە ئەفسانەی ( بەسواریی کەشتیەك بەرەو خۆر دەفڕم) بەرهەم دەهێنێت و دووایە دەبێتە بیروباوەڕ و نەریتی کۆمەڵگە. ئەو کە ئاسمانییە و دەچێتە ئاسمان، خەڵك دەچنە دیاری و نزا دەکەن و دەپاڕێنەوە و قوربانیی پێشکەش دەکەن، بەڵکو لەڕێگایەوە بەئامانج و خواست و داواکاری و پێداویستیەکانیان بگەن. ئەم نزا و پاڕانەوە و قوربانی بۆکردنە، بەناو تەواوی ئاینەکانی پاش خۆیدا شۆڕ دەبێتەوە و دەبنە نەریتی بنەڕەتی.

دەسەڵات و حکومڕانیی نەریتیی جولەکە، گرنگ بووە بەلایەوە کە ڕەعیەتەکانی چۆن مامەڵە لەگەڵ کۆیلەکانیاندا دەکەن. چونکە لەژێر دەستی حکومڕانیی خودا و سیستەمی فیرعەونەکاندا مامەڵە لەگەڵ کۆیلەدا بەشێوەیەك بوو کە بەلای ئەمانەوە ( مەعقول) نەبوو.

بۆیە، بەئاسمانیکردنی کێشەکە و بردنەلای نوێنەری خوداکەیان کە موسایە، چارەسەرێکی ( مەعقول) ی بۆ دەدۆزنەوە و دەیکەنە نەریت. چونکە، ئەگەر چارەسەرەکە پشت بەئاسمانیکردن نەبەستێت و نەبێتە بەشێك لەئەفسانەی ڕۆحگەرایی ئەوا، ئەوهێزەی نابێت تاکو بتوانێت قەناعەت بە ئەندامەکانی کۆمەڵگەکەی بکات.

ڕۆحگەرایی کەگەیشتە نەریت ( پیرۆزکراوەکان)، دەبێتە دەستوور. ئەم دەستوورە لە ( مەحاڵ) سروشی خوداییەوە هەڵدەقوڵێ و لەدەرەوەی چووارچێوەی کەتوار( واقیع) و عەقڵگەرایی و پێوەری مرۆڤە، کە دەبێتە پێشداوەریکردنی تاك لەڕێنوێنیکردنیدا بۆ کۆکردنەوە و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە. ئەتوانم ئەمانە ناوبنێم ( ئەزمونکردنی نادیار) کە تاکو نادیار، زیاتر وون بێت، ئەوەندە واقعیانەتر نیشانی دەدات. ئەزمونکردنی نادیار، ڕاڤەی ڕاستەقینەی بیندراو و هەستپێکراوی بوونی ( گشت) و چمکە عەقڵانیە ئاشکراکراوەکان تێکدەشکێنێت و پاشەکشێی پێ دەکات. ( واقیع و نادیار) بەپێی ئەفسانە و گێڕانەوە و چیرۆکەکانی بۆ جارێکیتر لەدایکبوونەوەی بوون، لەوێنە و ڕاڤەکردنە ئەفسانەییەکانیدا، هاوڕێژە دەکات. ئەمەش لەڕێگەی بەنەریت کردنیەوە، مانایەکیتر لەسەروو گێتییەوە بۆ خۆی دادەنێت و ڕەوایەتیی پێدەدات. ئەم نەریتانە، لەکۆتاییدا دەبنە خو. خوپێوەگرتنی نەریتەکان هەمان ئەو یاسا کۆمەڵایەتیانەن کە کۆمەڵگە لەڕێگایەوە مامەڵەی ژیانکردنی لەسەر دەکەن. بۆ فراوانبوون و مانەوەی لەخوێنی هەمیشە تازەدا، منداڵان لەسەرەتاوە لەسەری ڕادەهێنن و ئەوانیش، ( بەبێ بەرەنگاربوونەوە)، بەچێژەوە هۆگری دەبن. هۆگر بوونی منداڵان لەو دەستخۆشی و ئافەرینانەوەیە کە باوك و دایك لەبەرامبەر بەجێهێنانی دەستوورە ئاینیەکاندا بە منداڵانی دەبەخشن. باوك، کوڕەکەی وەپێش خۆی دەدات بۆ نوێژ و نیایشی ئاینی و دایکیش، لەتەنیشت خۆیەوە کچەکەی بۆ هەمان نوێژ و نیایش ئاراستە دەکات. ئەوانیش، هەردوو منداڵەکە، بەهەستی ئەوەی دایك و باوکیان ڕازی کردووە و جێگایان لەسۆزداری گرتووە، بەوپەڕی توانای منداڵانەی خۆیانەوە تەقەلای بەردەمیدان و سەرکەوتنی تێدا دەدەن. ئیدی وانەکانی فێرکاریی ڕۆحگەرایی، وەك گەرای ڤایرۆسێکی پێشکەوتووی قۆزاخەداری بەهێزی دژ بە داروی ( دژە ڤایرۆسەکان)، بەئێجگاری دەبنە وانەکانی فێرکاریی ژیان و کۆمەڵگە، لەجیهانی ڕاستەقینە و ژیانی ئاوەزمەندیانە دادەبڕێت. ئالێرەوەیە سەرەتای خرۆشانەکە بۆ ئاشوبە گەورەکەی ( ڕۆحگەرایی) مان بۆ ئاشکرا دەبێت.

لەبارەی دیدو و بیرو باوەڕە نەریتیەکانی ڕۆحگەراییەوە، پێویستە نمونەیەك لەنوسینی یەکێك لەبەناوبانگەکانیان بهێنینەوە کە دەتوانین بڵێین کۆی گشتیی هەموویان دەکات ئەویش، ئەبو حامیدی غەزالیە، کەیەکێکە لە فەیلەسوفە ڕۆحانیەکانی ئاینی ئیسلام، غەزالی، لە ( تفاهت الفلاسفە) دا دەڵێت( فەیلەسوفەکان تەنها پێویستە لەبواری ئەندازەگیریی گونجاودا بدوێن و دەست نەبەن بۆ سروشتی ئافەریدگار، نابێت

ئەندازەگیری و پێوانەگیری لەنێوان ئافراندنی خودا و دیاردە سروشتیەکاندا بکەن. چونکە ئەوان تەنها ئەرکیان فێرکردنی خەڵکە لەزانستە بورهانیەکان، لەوانە، ماتماتیك و پزیشکی. تەنها بۆیان هەیە دەست بەرن بۆ ئەو لایەنانەی کەدژی ئاین نین. دەنا باسکردنی تیۆریی کۆنیی جیهان کەدژ بە دەقەکانی قورئانە و ئەو بیروباوەڕانەش کە گوایە خودا، تەنها ئاگاداری گشتەکانە و ئاگای لە جوزئیات نییە. هەروەها ئەو ئینکاریانەی دەربارەی زیندووبوونەوەی جەستە دەیکەن و گوایە بەتەنها ڕۆح زیندوو دەبێتەوە، ئەمانە بێئەقڵیی قوڵ و گەمژەییە. ئەم نهێنیانەی ئەوان باسیان دەکەن جێگەی پێکەنینی هۆشمەندەکانن....... ئینکاری لە شەرع و نقڵ دەکەن....... پێیان وایە ئاینەکان کۆمەڵێك شتی ئەفسانە و هەڵبەستراون...... ئەمانە ڕەگەزی بێئەقڵی و چاولێکەری و گێژین....... واهەست دەکەن ئەوان لەخەڵکیتر زیرەکترن و دەرك بەڕاستی دەکەن کە ئەم لوتبەرزییە، ڕەگی بێئەقڵی و نەفامییە..... هەرکەسێکیش گوێیان لێبگرێت یان پێیان وابێت ئەمانە پەی بەنهێنیەکان دەبەن..... منداڵەکانیان لەسەر غەیری دینی ئیسلام گەورە دەکەن...... بەڵگەیە بۆ کافربوونیان...... داوا لەخودا دەکەم، کەخاوەنی هەموو کۆتاییەکانە و بوونی تێپەڕە لەهەموو ئامانجەکان، ڕوناکیی هێزمان بەسەردا ببارێنێت و تاریکیی گومرایی و خراپەکاریمان لێ دوور بخاتەوە. بمانکات بەوانەی کە ڕاستی بەڕاست دەبینن و شوێنی دەکەون. پوچی و خراپەش بە پوچی دەزانن و خۆیانی لێ دوور دەخەنەوە. هەروەها ئەو بەختەوەرییەمان پێ ببەخشێت کە بە پێغەمبەر( محەمەد) و یاوەرەکانی بەخشیوە. بمانگەیەنێتە ئەوپەڕی دڵخۆشی و کاتێك کەلەم ژیانە دەرچووین، بە ناز و خۆشیەکانی فیردەوسی باڵا( بەهەشت) دڵشادمان بکەیت. ناڕەحەتیەکانی ڕۆژی کۆتایی( حەشر) مان بۆ ئاسان بکەیت کە نەچاو بینیوێتی و نەگوێ بیستوێتی و نەوەك ختورەیەکیش بەدڵی کەسدا هاتووە).

غەزالی، نەچوەتە ناو لێکۆڵینەوەی ژیان و جیهانبینیی ئەو کۆمەڵگەیەی ئاینەکەی خۆی تێیدا سەری هەڵداوە. لەو ڕوداوانەی نەڕوانیوە کە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی بیابانشین بەردەوام دووچاری دەبوون. دەستی بۆ ئەو هۆکارانە نەبردووە کە کۆمەڵگەی عەرەب لەپێویستیەکی حەتمیدا کردونی بەهەڵێك بۆ بەرهەمهێنانی دیدگای ( پیرۆزکراو) و پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندیەکانی ئەو ڕۆژگارەیان. خۆی لە نەریتە باوەکانی ناو کۆمەڵگەکەی نەداوە کە تویشووی پێکهێنانی دەقەکانیان بووە. تەنها پێداگری لەو بەندوباوە دەکات کە خۆی لەمنداڵیەوە لەسەری ڕاهێندراوە. بەڵام، لەپاش سەدان ساڵ لەم گوتانەی ( غەزالی) لەناو عەرەبدا پیاوێکی ئەدیب و خاوەن قەڵەمی شیعری هەڵکەوت. ئەو تیۆریەکی سادە، بەڵام سەرنجڕاکێشی هێنایە ناو ئەو دێڕانەوە کە جیهانبینیی ڕۆحگەرایی عەرەبیان لەڕێگەی وێژەوە و بەشیعر پێنوسراوەتەوە ئەویش ( تەها حسێن) بوو. ئەو، دەڵێت ( ئەو هەڵبەست و شیعرانەی لەپێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامدا نوسراون، نەفامی

نیه. بەڵكو، لادراوێكە، ڕاویەكان، لەسەردەمی دواییدا خوڵقاندویانە. ئێمە كاتێك لەقورئان دەكۆڵینەوە دەبینین نمایشی خەڵكی ڕۆژگارەكەی خۆی دەكات جیاواز لەنمایشی شیعری ئەوسەردەمە بۆیان. ئێمەش سەرپشك كراوین لەنێوان ئەوەی كە قورئان بەدرۆ بخەینەوە یان شیعری سەردەمی نەفامی. لەبەر ئەوەی قورئان ڕاستگۆیە هەردەبێت شیعر درۆزن یان درۆپێكراو بێت. قورئان، نمایشی ژیانێكی ئەقڵانیی بەهێزمان بۆ دەكات. توانامەندە لەسەر مشتومڕ و ململانێ و گفتوگۆ دەربارەی پرسە فەلسەفیەكان وەك زیندوبوونەوە و خوڵقاندن و موعجیزە. پڕە لەباسی پەیوەندیی نەتەوەی عەرەب بەجیهانی دەوروبەریەوە و كاریگەریی شارستانیەتی دەرەوە لەسەر عەرەب. باس لەچینەكانی عەرەب دەكات كەبەسەریدا دابەش ببوون. بەڵام شیعری سەردەمی جاهلی، نمایشی ژیانی جەهل و گەمژەیی و توڕەیی و زبریی عەرەبمان بۆ دەكات. ژیانێكی وشك و تەم و مژاویی پڕ گرفت، بەری و خاڵی لەهەستی ئاینی بەهێز و هەستی ئاینی خۆسەپێن، بەسەر دەروونداـ بەتاڵ لە هەستی ئاینی زاڵ بەسەر ژیانی كردەیی. نمایشی عەرەب دەكات وەك ئەوەی نەتەوەیەك بن بەگۆشەگیری لەبیاباندا بژین و بێئاگا بن لەجیهانی دەرەوەی خۆیان و جیهانیش هیچ ئاگایان لەمان نەبێت.

تەها حسێن، زۆر بەسادەیی و شەفافانە جووەتە ناو ئەو جیهانەوە كەلەڕێگەی وێژە و شیعر و زمانی سادەی خەڵكەوە گوزارشی لێكراوە. بێئومێدی و هیوابڕاوانە ڕوانیویانەتە جیهان و ژیان. دوور لەئاین تێفكریون و لێبڕاوانە ڕۆچوونەتە ناو ئەو گفتوگۆیانەوە كە ( بۆچی) ەكانی گەرموگوڕ كردووە. بەڵام، وەك ئەوەی مێژو پڕاوپڕە لەم نمونەیە، لەبەرامبەر نەریتەكاندا دۆش داماوە و ( وەك ئەو دەستەی مام ناوەندەی غەزالی، لەپەرتوكەكەیدا باسی دەكات) بەناچاری لەبەردەمیاندا پاڵەوانبازیەكە بە پشتگیری بۆ ڕۆحگەرایی، وەك پەناگەیەكی ئارام، دەباتەوە. ئەو ناچارییە هۆكارەكەی دیدو تێڕوانین و جیهانبینیی ئەو دەستور و یاسایانەیە كە ( غەزالی) ی سەرپشك كردووە بەپاشەكشێ پێكردنی ( بیركردنەوە لە گێتی و ژیان) بەتاوانی ( دەستبردن بۆ پیرۆزیەكان و نەریتە چەسپاوەكانی ڕۆحگەرایی) كە دەچنە خانەی گوناهەوە، كافریان دەكات. كەچی هەردوكیان لە ( بازی نەمرێتی) دا لەژیانی ڕاستەقینەوە، پاش ئەوەی كۆتاییان دێت و دەمرن، بۆ بەرجەستەبوونی وێنەیەكی خەیاڵی، بۆ پاشەڕۆژێكی نامۆ، بەسیستەم و هاوكێشەی ئەشا بۆ بوون و گێتی، لەڕێگەی بیرۆكە و فۆڕمی ڕۆحگەراییەوە، باڵ بەگۆڕان دەگرنو دەیكەن بەچارەنووس. وەك سووربوونی هەمیشەگیی سیستەم و بیر و ئەندێشەی ڕۆحگەرایی، بەدەستەواژەكانی ( ئافراندن و زیندووبوونەوە و موعجیزە)، بێدەربەست لە سۆز و هەست و كردەوەی مرۆڤ لەژیاندا، بەبێ گوێدانە نهێنیەكانی بوون و گێتی، كۆشك بۆ خۆیان درووست دەكەن، گرەوی جەنگ و خوێنڕشتن و زۆر و ستەم و دڵپسێنی لەسەر دەكەن. هەڵبەت بۆ ئەوان، ئەم چارەنووسە، دڵنیاییان پێدەبەخشێت. بۆ

ئەم هاوچارەنووسی و هێشتنەوە و ئاراستەگەراییەی ڕۆحگەرایی، غەزالی، لە ئامۆژگاریەکانیدا دەڵێت( دەستەی مامناوەند، کە کۆکەرەوەی هەردوو ( مەعقول) و ( مەنقول: وەحی، سرووش) ە، هەریەکەیانی کردۆتە ڕاستیەکی بنچینەیی گرنگ، کە خاڵیە لەدژایەتیکردنی ئەقڵ و شەرع کە هەقن، هەرکەسێك ئەقڵ بەدرۆ بخاتەوە، ئەوا شەرعی بەدرۆ خستۆتەوە. چونکە، بە ئەقڵ ڕاستیی شەرع ( دەستوور) زانراوە. ئەگەر ڕاستەقینەبوون بەڵگەی ئەقڵی نەبوایە، ئەوا نەماندەتوانی جیاوازی بکەین لەنێوان پێغەمبەر و بەپێغەمبەرکراودا، لەنێوان ڕاستگۆ و درۆزندا، هەرچۆن ئەقڵ بەشەرع بەدرۆ دەخرێتەوە، لەکاتێکدا تەنها بەئەقڵ دەتواندرێت شەرع بسەلمێندرێت. ئەمانە ئەو گروپە ڕاستەن کە بەرنامەیەکی ڕاستیان گرتۆتەبەر و بابەتێکی گەورەیان داواکردووە. ڕێگایەکی سەختیشیان گرتۆتەبەر، کەزۆر ناهەموارە. چونکە هەرچەندە لەهەندێك شتدا ئاسانە، بەڵام لەزۆربەیاندا قورسە). کەچی هەر غەزالی لە پەرتوکی ( فصل التفرقه بين الاسلام و الزندقه) دا ئەڵێت ( بوون، خۆیی و هەستی و ئەندێشەیی و ئەقڵی و لێکچووە). لەپاڵ ئەمەدا و لەهەمان پەرتوکدا، لەدوالیزمێکی ژیرانەدا بۆ دیوێکیتری دەباتەوە و دەڵێت( کوفر، واتا بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەر( محەمەد) لە شتێك لەو شتانەی کەهێناویەتی. باوەڕبوونیش( ئیمان) بەڕاستزانینی ئەو شتانەیە کەئەو بەڕاستی زانیون). لەجێگەیەکیتردا و لەهمان پەرتوکدا، ئەمانەی نرخاندووە و ڕۆڵی وەڵامدەرەوەی گشتی بەوەڵامێکی موتڵەق دەداتەوە و دەڵێت( وەڵامی ئێمە، لە خەیاڵکردنی وەهمدا، بریتیە لە تەقدیر و ئەندازەگیری توانا کاتیەکان لەپێش بوونی جیهانەوە( واتا پێی وایە، کاتی دروستبوونی جیهان دیاریکراوە و دیارە). وەك وەڵامی ئێوە وایە لەخەیاڵکردنی وەهم لەتوانا شوێنیەکاندا( واتا پێیوایە، کات نادیارە بۆ جیهان و ئەزەلییە)، لەپشتەوەی بوونی جیهان بەبێ جیاوازی). ئەم دەستپێك و ڕۆچوونە بەناو نهێنیەکانی بووندا و بەستنەوەیان بە دەقەکانی کتێبێکی ئاینیەوە وەك ئەوە وایە کەبەپێی پەتی و بەڕووتی، بەبێ ئەوەی خاوەنی هیچ سەرمایەیەك بیت، وەك ڕێبوارێکی نەناسراو، خۆت بخزێنیتە ناو کاروانێکی بازرگانییەوە. چونکە ئەو دەقانەی غەزالی پشتیان پێدەبەستێت، هاوسەنگیان لەگەڵ حەقیقەتدا نمونەی ( تەرازوی گاڵتەجاڕی) ە کە لە کۆشکەکانی پادشاکانی ساسانیدا بۆ گاڵتەجاڕی لەیاریکردنی کڵاوێندا بەکاریان دەهێنا. هەڵبەت تەرازووی گاڵتەجاڕی کڵاوێن ئەوەبوو کە کڵاوەکانیان دەکردە لایەکی تەرازویەکی گەورەوە کە لەحەوجۆش دروست کرابوو و کەسی دۆڕاویشیان دەخستە لایەکەی تری و هەڵیان دەگرت. ئەگەر کڵاوەکان کە لەخوری دروست کرابوون و ژمارەیان بیستویەك کڵاو بوو و بەئەندازەی لەپی دەست دەبوون، لە کەسەکە قورستر بووایە ئەوا لێیخۆش دەبوون. ئەمەش هەرگیز ڕوووینەدەدا.

ڕۆحگەرایی، لەناو دژواریی پێچەوانەبوون و دژبەیەکی ( هەڵە و ڕاست) ( هەق و ناهەق) ( ئەفسانە و واقیع) ( زانست و نەفامی) ( ڕاستی و درۆ) دا دەخولێتەوە. بۆیە ئێمەش پێویستە لەو ووردەکاریانە بکۆڵینەوە کە پایەکانی ڕۆحگەراییان ڕاگرتووە و بەهەمیشەگی دەیهێڵنەوە. چونکە، چارەنووسی دیارکردووە بۆ مرۆڤ، ئەگەر ئەو چارەنوسە نەبوایە هەڵبەت هیچ تاکێك پێی ڕازی نەدەبوو، مەگەر هۆشیاریەکی زۆر لەوی زیاتر هەبێت. بۆیە مرۆڤیش بەتەواوی قبوڵی کردووە، چونکە نەمرێتی پێدەبەخشێت و بەمەش خۆشحاڵ و شادمانی دەکات. لەڕێگەی ئەمەشەوە، لەئومێددا دەیخنکێنێت. غەزالی، لەئامۆژگاریەکەیدا، تاك و کۆمەڵگە بۆ دەستەی مامناوەند بانگهێشت دەکات کە تێکڕا پێویستە لەسەریان ( دەقەکان و دەستوور) ی ئاینەکەی بەبێ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە بەڕاست بزانن و هەوڵ بدەن ئەو زانستە فێر ببن کە لەڕێگەی ئەقڵەوە بەڵگەی پێ دەدۆزنەوە بەوەی کە ڕاستن. ئەو، ئەشزانێت کە تەنها لەڕێگەی ئەقڵەوەیە ( دەستوور) ی ئاین ئەسەلمێندرێت، کەچی بەئاشکرا پێچەوانەکەی بەزۆر دەسەپێنێت و یاسایەك دێنێتە بەر باس کە دەستووری ئاین لەتوانایدایە ئەقڵ ڕەت بکاتەوە و بەدرۆی بخاتەوە، تەنانەت ئەگەر بەڵگە ئەقڵیەکە ڕاستیش بێت. خۆ هەر کەسێکیش ئەم دەستوورە پێچەوانەیە لەڕێگەی هۆشیارییەوە ڕەت بکاتەوە ئەوا ( کوفر) ی کردووە و نەفام و گێل و نەزانە. لەکاتێکدا خۆی دەڵێت ( ئەگەر بەڵگەی ئەقڵی نەبوایە چۆنمان دەزانی حەقیقەتە؟) چونکە، ئەو پێی وایە ئەوەی پێغەمبەرەکەی( محەمەد) گوتویەتی ڕاستیەکی نەگۆڕە و هەر کەس بەدرۆی بخاتەوە کوفرە. باوەڕدارانیش ئەوانەن کەئەو جیهانبینیەی پێغەمبەرەکەی ( مەحەمەد) هێناویەتی بەڕاستی بزانن.

ڕۆحگەراکان، هەمیشە پەنا دەبەنە بەر دەقەکانیان تاکو بیسەلمێنن کە ڕاستن. وەك غەزالی پێی وایە مێژووی دروستبوونی زەوی و جیهان لەلایەن الله وە دیاریکراوە. هەر زانستێکیش نهێنیی لەمە زیاتر بدۆزێتەوە و لەگەڵ ئەم دەقەدا نەگونجێت، بەیاخیبوون لە ڕاستیی دەداتە قەڵەم. لەبارێکدا خۆی نوسیویەتی (بوون، خۆیی و هەستی و ئەندێشەیی و ئەقڵی و لێکچووە) و ئەمانەش لەگەڵ چەقبەستوویی دەقەکانی ئەودا یەك ناگرێتەوە. هەر چۆن سەلماندنی ڕاستیبوونی دەقەکان و دەستوور( شەرع) ی ئاینەکەی لەڕێگەی ئەقڵەوە ئەنجام داوە، کەچی خۆی لێ دەدزێتەوە. بەمجۆرە، لەپێناوی بەزیندوو هێشتنەوەیدا، دووڕوویی و لێکترازانی کەسی و دووکەرتبوونی ئەقڵ، دەگوێزێتەوە بۆ ئەزموونی تاك بەتاکی کۆمەڵگە. بەم کردارە پەرشوبڵاوەی ناخ و بیرکردنەوەکانی تاك، ترسێکی تۆکمەی، ناڕوونی، نەناسراوی، خۆیی، هەمیشەیی، بەگژیدا دەچێتەوە. بەئەزمونکردنی ئامادەگیەکان لەگەڵ دەوروبەریدا، لەڕێگەی میمبەرەکان و دەسەڵاتەکان و دەستوور( شەرع) ی ڕۆحگەراییەوە، درۆیەکی بێئاگای پێدەکات و بۆ هەمیشە لەگەڵیدا دەژی. وێڕای ئەوەی، ڕۆحگەرایی شکۆ لە مرۆڤ وەردەگرێتەوە و بێدەستوپێی دەکات، پاڵیشی

پێوە دەنێت دژ بەخۆی و واقیع، یاخی بێت و ژیانی پێ بێبەها دەکات. چونکە ئەگەر بەها بدات بەژیان، ئەوا ناتوانێت قایلی بکات. لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکە ئەفسانەییەکانەوە وا لەمرۆڤ دەکات بۆ دەستڕاگەیشتن بە خواستەکانی، پشت بە ناڕوونیەکی ئەستەم ببەستێت کە هەرگیز وەڵامی داخوازیەکانیشی نادرێتەوە. بەڵام، ئەو هەر بەئومێدەوە داوای دەکات و نەهاتنەدیی خواستەکەشی دەبەستێتەوە بەتاوان و گوناهەکانی خۆیەوە کە قبوڵکردن و ڕازیبوونێکی ملکەچانەی بێدەستوپێیە و لەناخەوە دەیکات بە کۆیلەیەکی تێکشکاوی لەبیرکراو. وەك لە نیایشە شیعریەکانی ( زەبوور) دا بەڕوونی ئەوە دەبیندرێت و هەست پێدەکرێت. نیایشەکان وانیشان دەدەن کە باری گرانی سەر شانی تاکی وابەستە بەڕێبازەکەوە سوك دەکەن، لە ناهەمواریەکان ڕزگاری دەکەن. بەڵام، لەکۆتاییدا دەردەکەوێت کە تاکەکە خۆی دەبێت بەتەنها، باری گرانی سەرشانی خۆی هەڵبگرێت. بەڵام، مرۆڤی هۆشیار و بەتوانا و خاوەن وزەی ئاوەزمەند تاکۆتایی دەڕوات و لێبڕاوانە بۆ ژیان تێدەکۆشێت. بەگژ نامرۆییدا دەچێتەوە. چونکە دەزانێت ئەو خۆی، بوونی حەقیقەتە.

[ هەر بۆ زانین، ( زەبور) ئەو پەرتوکە پیرۆزە ڕۆحگەراییەیە کەلەلایەن ( دەیڤد: بەپێغەمبەر ناوی دەهێندرێت) یەکێك لە چووار پادشا بەناوبانگەکەی ئیسرائیلەوە نوسراوەتەوە. ئەم نیایشە شیعریانە، تاکو ئێستا لەکەنیسەکانی مەسیحیدا( کاثۆلیك) بەدەنگ و گۆرانی و مۆسیقاوە دەوترێتەوە و ژمارەیان سەدوپەنجا کۆپلەی شیعرین. بەڵام، جولەکەکان دانی پێدا نانێن]. زەبور، یانمەزمووریشی پێدەوترێت، پێنج بەشی سەرەکییە کە یەکەمیان باس لەپێکهێنان و ئافراندنی گەردوون و زەوی و بوونەوەرەکان دەکات لەلایەن خوداوە و جێگای نیشتەجێبوونی خوداشی لە قودس دەستنیشان کردووە، هەر بۆیە باوەڕدارانی جولەکە دەچوونە ئەو شارە بۆ حەج کردن. دووەمیشیان ووردکردنەوەی پاڕانەوەکانن کە تێیدا هاتووە خودا گوێ لەم داواکاری و نیایشانە دەگرێت و لەو کاتەدا کە دەیخوێنن خودا گوێی ها لێیان. سێیەمیشیان، باسی هاوسەرگیری و جەنگی کۆمەڵێك پادشا دەکات کە ناوی هیچیانی نەهێناوە و بەنادیاری ماونەتەوە. چووارەم بەشیان، تاکی وابەستە و باوەڕدار بە ئاینەکە بۆ متمانە بەپاڕانەوەکان ڕادەکێشێت کە دڵنیای دەکاتەوە لەوەی خودا لەخراپەکاران ڕزگاری دەکات. بەشی پێنجەمیش کەکۆتاییەکەیەتی لە وابەستەبوون بە بیروباوەڕەکەوە و داواکاری و لاڵانەوە و پاڕانەوەی تاك لەوەی کە خودا تواناترین و باڵاترینە. ئەمیش، کۆیلەیەکی ملکەچی بێدەستوپێیە لەبەرامبەریدا و چارەنوسی لەدەستی خودادایە.

لێرەدا دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە جولەکە حەوت پێغەمبەری ژن و چل و هەشت پێغەمبەری پیاویان هەیە. ژنەکان: سارا، ژنی ئیبراهیم. مریەم، خوشکی موسا. دیبۆرا،

یەکێك لەچووار حاکمەکەی وڵاتی ئیسرائیل. هانا، دایکی سامیۆڵ. ئەبیگێل، ژنی سێیەمی پاشا دێڤید، دەیڤد کتێبی ( زەبور) ی نوسیوە کە ١٥٠ پاڕانەوەی شیعرییە و تا ئێستا لە جەژن و مەراسیمەکانی مەسیحیەکاندا وەك گۆرانی دەووترێتەوە. بەڵام جولەکە قبوڵی نەکردووە وەك کتێبێکی ڕۆحانی. هۆڵدە... ئەستەر، ژنێکی جولەکە بوو ژنی زەکسیس کە کوڕی دارای یەکەم، پاشای هەخامەنشیەکان بوو کە یۆنانی داگیر کرد.

ئاینە سامیەکان( فیرعەونی و جولەکە و مەسیحی و ئیسلام)، لەپرسی ڕۆحگەراییدا، هەمیشە یەك لەدووای یەك، بەپێی سەردەم و زمان و ناوچەی جوگرافی و شێوەی ژیانی کۆمەڵگاکان، یەك جۆر تێڕوانینیان بۆ ژیان و ڕوداوەکان هەبووە.

با بچینە سەر پەرتوکی تەورات و نمونەیەك لە ئاینی جولەکە بهێنینەوە کە چیرۆکی شارەکانی ( سەدەم و گەمۆڕا) یە. دەربارەی چوونی ( ئایزاك) کوڕی ئیبراهیمە و دایکیشی سارایە و ئایزاك، باوکی یەعقوب دەکات کەسایەتییەکی بەناوبانگی مێژوویی جولەکەیە. ئایزاك، ئەیەوێت بچێت بۆ ئەو دوو شارە. ئیبراهیمیش دوعا دەکات کە شارەکان کاول و خاپوور بکرێت و خوداش بەلێدانێك لەئاسمانەوە وەك هەورەبروسکە، لەو دوو شارە دەدات و وێرانیان دەکات. بەڵام لە مەسیحی و ئیسلامدا چیرۆکەکە وانییە. گۆڕدراوە بۆ شتێکیتر. لەمەسیحیەتدا ئەڵێت دوو فریشتە دێن بۆلای ئیبراهیم و پێی ئەڵێن خودا، سەدەم و گەمۆرا وێران ئەکات. بەهۆی ئەو کارە خراپانەوە کەدەیکەن. چیرۆکەکە تێیدا هاتووە: ( لوت، کۆمەڵێك میوانی دەبێت و خەڵکی هەردوو شارەکە کۆدەبنەوە و دەیانەوێت بچنە سەر ماڵی لوت و لاقەی میوانەکانی لوت بکەن و تەعدایان لێ بکەن، بۆیە خودا لەڕێگەی باڵندەی عەبابیلەوە بەردبارانی شارەکە دەکات و هەرچی دانیشتوانەکەیە دەیکوژن و هیچ کەسێك ڕزگاری نابێت. تەنانەت لوت و میوانەکانیشی دەکوژرێن). ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، ئەبینین کاری هاوڕەگەزبازی ڕەگی کۆنتری هەیە. بەڵام، گرنگە ئەوە بزانین کە ئاینە سامیەکان بەووردی باس لەم دیاردەیە دەکەن. ئەمەش ئەوە دەسلمێنێت کەهاوڕەگەزبازی لەناو ئەم نەتەوانەدا لەتەواوی کونج و کەلێنەکانی مێژووەکەیاندا تا ئەوپەڕی لوتکە، بوونی هەبووە. لەهەندێك سەردەمدا وەك ئەوەی تێکەڵاوی شارستانیەتەکانیتریان کردووە وەك کەموکوڕیەك سەرشانی گرتوون بۆیە هەوڵی بەخوداییکردنیان داوە. ئەگەر نمونەی ئەوەی قورئان وەربگرین کە منداڵی کوڕ وەك ( غیلمان) کە بۆ جوتبوونی سێکسی هاتووە، دەستکەوتی جەنگی بووە و خودای عەرەب، وەك دەستووری خۆی، ڕێگەی پێداوە و لەپاش مردنی هەر مسوڵمانێکیش، بەمەرجێك دەستوورەکانی پیادە کردبێت، خوداکەیان منداڵی کوڕ ( غیلمان) یان بۆ سێکسکردن پێ دەبەخشێت. لەیاساکانی خوداگەرایی فیرعەونەکانیشدا هاوسەرگیریی هاوڕەگەزیان هەبووە و کارێکی زۆر ئاسایی بووە. لەناو یۆنانییە کۆنەکانیشدا، پیاوی

سەرکەوتوو ئەوکەسە بووە کە دەستڕۆیشتوویەك یان پیاومەعقولێکی بەناو بانگ لەگەڵیدا جووت بووە و کەسەکە ئەو جووت بوونەی کابرای خاوەن دەسەڵات یان بەناوبانگ لەگەڵیدا ئەنجامی داوە وەك شکۆیەك لەناو کۆمەڵگەدا باسی کردووە. ئیتر کاتێك کە ئەمە دەبێتە نەریت، بەخودایی کراوە و لەناو ئاینە ڕۆحگەراییەکانیاندا جێگەی تایبەتی گرتووە.

ئەمەوێت ئەوەش بڵێم، لەسەرەتای بانگەشەی ئاینی زەردەشتیەوە لە باشووری کوردستان، کە بەندە، وەك دامەزرێنەر و جارێکیتر سەرهەڵدانەوەی ئاینەکە، لە پاش زیاتر لە چوواردە سەدە خەفەکردن و قەدەغەکردنی، سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ دەستم بەبانگەشە کرد، لەماوەی تەنها چەند مانگێکدا هەزاران کەس هاتنە ناو ئاینەکەوە. لەبەرامبەردا، پیاوانی ئاینیی مسوڵمان، کە لەم سەرهەڵدانەوە کوتوپڕە زەندەقیان چووبوو، لەتەواوی میمبەرەکانیانەوە کەوتنە هێرش و پەلامار بۆ سەر ئاینی زەردەشتی. ئەوان، بەهۆی ئەزمونی زۆریانەوە لەنەریتەکانی ناو کۆمەڵگەدا، بۆ هێرش و پەلامارەکانیان ( جوتبوونی کەسە نزیکەکان، وەك خۆیان دەیانووت زەواجی مەحرەم) یان بەکار هێنا کە گوایە، پیاوانی زەردەشتی لەژێر ناوی ( ئەیوك و سەتەر) دا هاوسەرگیری لەگەڵ خوشك و کچ و دایکیاندا دەکەن. لەکاتێکدا ( ئەیوك و سەتەر) هاوسەرگیری نییە بەڵکو پرسی میراتە لەڕێگەی هەڵگرتنەوەی کوڕێکی کچەزا، یان خوشکەزاوە.

بالێرەدا بە ووردی باسی ( ئەیوك و سەتەر) بکەین تاکو خەڵك ئەو ڕاستیەی بۆ ئاشکرابێت و نەکەونە ناو داوی ڕۆحگەرایی عەرەبییەوە کە پیاوان و چالاکوانە سیاسییە ئاینیەکانی ئیسلام، لە کوردستاندا ڕێبەرایەتیی دەکەن.

کۆمەڵگەی مەزدا سەنایی ( زەردەشتی) دوو پایە و دەسەڵاتی نەتەوایەتیی و ناوچەی جوگرافیی هەیە کە لەمێژوودا خۆی لەسەر هەڵچنیوە و خۆی هێشتۆتەوە، ئەوانیش وەك دەسەڵات ئیئنبراتۆریەتەکانی ( میدی و هەخامەنشی) ن لەڕووی نەتەوایەتییەوە ( کورد و پارثا) ن و لەڕووی جوگرافیشەوە ( ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) ی خاوەر میانەن. ئاینەکە، لە ڕۆژئاوایدا و لەناو باپیرانی میدەکاندا سەریهەڵداوە. ناوچەی لەدایکبوونی زەرەپۆشترا لە دەوروبەری گۆلی ورمێ ( چیچیست) و شاری شیزی دێرینە. لەوێوە بۆ هەورامانی تەخت، کۆچی کردووە و سەردەمی پێغەمبەرایەتیی لەناوچە شاخاویەکانی ئەوناوچانە بەسەر بردووە و هەر لەوێش لەشاری ( بەڵخ) ەوە و لە کۆشکەکەی ( گوشتاسپ)ەوە ئاینەکەی خۆی تا ئەوپەڕی لوتکە گەیاندووە.

نەریتە کۆمەڵایەتیەکان لەناو کۆمەڵگەی میدیدا، سەبارەت بە سەروەت و سامانی بۆماوە ( میرات) بەشێوەیەك بوو کە لەپاش مردنی باوك و دایکیان، کچ و کوڕ وەك یەك، بەشێوەیەکی یەکسان میراتەکەیان بەسەردا دابەش دەکرا. جا ئەگەر تەنها کوڕی هەبایە

یان بەتەنها کچی هەبایە، هیچ کێشە نەبوو. گرنگ ئەوەبوو کە مردووەکە نەوەیەکی لەپاش بەجێ بمایە و تەواوی سامانەکەی دەبرد بۆ خۆی و هیچ کەس، مافی ئەوەی نەبوو دەستی بۆ بەرێت. بەڵام لەناو پارثاکاندا، پێچەوانەی ئەمە بوو و ( کچ) بێبەش دەکرا و تەواوی سامانەکە( کوڕ) دەیبرد بۆ خۆی. هەر بنەماڵە، یان دایك و باوکێك، نێرینە ( کوڕ) یان نەبوایە ئەوا دەسەڵاتی پادشایی، بەپێی نەریتی کۆمەڵایەتی، تەواوی سامانە بەجێماوەکەی بۆخۆی دەبرد. بەمەش کچەکان، لەهەموو شتێك بێبەش دەبوون. ئەمەش سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان بوو کەلەسەر نەریتەکانی خۆیان دامەزرابوو.

دووای ئەوەی کۆرش، لەجەنگی نزیك شاری هورموز، لەنزیك پێدەشتەکانی گەرووی هورموز، سوپاکەی هارپاکی سەرلەشکری سوپای میدیی تێکشکاند، هەرلەوێدا ( هاوسەرەکەی هارپاك) کە کچی ( ئاستیاگ) شاهەنشای میدەکان بوو بەناوی ( شەهر بانو) مارەکرد. لەپاش ئەوە، بەرەو باکور و ڕۆژئاوا، دەستی بەپێشڕەویەکانی کرد و گەیشتە هەگبەتانە( هەمەدان) ی پایتەخت و ئاستیاگی کوشت. بەمەش دەستیگرت بەسەر تەواوی ناوچەکەدا.

کۆرش، ( کە لەهەندێك سەرچاوەی فارسیدا بە کچەزای ئاستاگی دەزان و ئەمەش دوورە لەڕاستیەوە و تەنها بۆ ڕاکێشانی سۆزی میدەکان بووە) لەڕێگەی کچەکەی ئاستیاگەوە سۆزی میدەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و لەدەسەڵاتەکەیدا هەردوو ( میدی و پارثا) یی جێگا کردەوە. ئاینی زەردەشتیشی وەك میدەکان کرد بە ئاینی قەڵەمڕەوەکەی. پاش ئەوەی دارای یەکەم، کوڕەکانی کۆرش ( بەردیا و کەمبوجی) کوشت، هاتە سەر تەخت و تەواوی سوپاکەی کۆکردەوە و پەلاماری موغە کوردەکانی داو زۆری لێکوشتن. بەڵام پاش ئەوەی زۆرینەی پادشاکان کەوتنە دژایەتیکردنی دارا بە بیانووی ئەوەی سامان و میراتی ئەو کەسانە بۆ خۆی دەبات کە ( کوڕ) یان نییە. دارا، دەستی لە کوشتن و ڕاوەدونانی موغەکان هەڵگرت و لەگەڵیاندا ئاشتیی کرد، لەبەرامبەردا داوای لێکردن ( کێشەی میرات) ی بۆ چارەسەر بکەن.

کوردانی موغ، کۆمەڵەیەکی خاوەن ئاوەز و هۆشمەند و زانا بوون. جیهانبینییان زۆر وورد و قایلکەر بوو. شارەزای دۆخەکە بوون و زۆر بەئاسانی لەپەرتوکی دەستووری ووڵاتی هەخامەنشیدا کە پێی دەوترا( وەندیداد، ڤەندیداد) واتا بەندەکانی دادوەریکردن، لە دوو خاڵدا جێگایان کردەوە و بەتەواوی چارەسەریان بۆ کردن. ئەوانیش بەندەکانی ( ئەیوکزا و سەتەرزا) بوو لە کەردەی ١٢ و ١٤ دا. ( هەرچەندە لەوەرگێڕانی ڤەندیداد دا پاش و پێش بەکەردەکان کراوە، بەڵام من لەخودی پەرتوکەکەوە بە نوسینی دیندەپیرە و زمانی پاڵەیی، دامناوەتەوە).

یەکەم: ئەیوکزا( شیکردنەوەی ووشەکە):

ئە، ئامرازی نەفیکردنە. کەبە ( نە، یان نا، یان نییە، نەبووە، نابێ) ناسراوە.

یوك: واتا ( کچ، مێینە، بوك) دێت.

زا: واتا ( زایین، سك و زا، لەدایك بوون)

بەگشتی و بەسەر یەکەوە ووشەکە بریتییە لە ( کچێك کە دایکی بە مێ زاوە و بەنێر نەزاوە) واتا بوکی ماڵێك، تەنها یەك مێی بەرهەم هێناوە. ووشەکە زیاتر باس لە ( بوکێك) ژنێك دەکات کە منداڵی بووە و منداڵەکەش مێینەیە و نێرینە نییە. واتا بەتەنها کچی بووە و هەرگیز تالەژیاندا بووە هیچ منداڵێکیتری نەبووە و بەتایبەت منداڵە تاقانەکەش کوڕ نییە. زۆر جار بەمانای ( کچی تاقانەی بێبرا) شیکراوەتەوە. لە نەریتی هەخامەنشیدا، ( بوك) واتا کچێك کە هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕی خانەوادەیەکدا دەکات، چارەنووسی ئایندەی بنەماڵەکە بووە. بۆیە ( بوك) هەمیشە جێگەی باس بووە و پێگەی شایستەشی هەبووە.

دوژمنانی کورد و ئاینەکەی، ئەم وشەیەیان بە ( ئەیوك زەن) ناوهێناوە کە هیچ مانایەکی نییە. واتا پێیان وایە ( ئەیوکزا) جۆرێکە لەهاوسەرگیری. کەلە ڕاستیدا هەرگیز ئەو مانایەی نییە و پرۆسەی هاوسەرگیریش نییە، بەڵکو پرۆسەی میراتە.

کاتێك بوکێك، تەنها یەك کچی ببێت، ئەوا ئەو خانەوادەیە، واتا ( زاوا و بوك) یان ( ژن و پیاو) یان دایك و باوك، کەدەمردن لەپاش خۆیان میراتەکەیان نەدەدرایە برای پیاوەکە یان برای ژنەکە، یان نەوەکانی ئەوان، بەڵکو ئەم نەبوونی کوڕە هۆکارێك دەبوو کە پادشا و دەسەڵاتدارەکان چاو ببڕنە موڵك و ماڵەکەی و بۆخۆیان ببیەن. هەربۆیە موغەکان، چارەسەرێکی گونجاویان بۆ دۆزییەوە. ئەویش بەشێوەی هەڵگرتنەوەی کوڕێکی کچە تاقانەکەوە لەلایەن باپیرە مردووەکەیەوە. کچی کابرای مردوو، ناوی کوڕێکی خۆی لە تۆماری دانیشتواندا کە زیاتر لە پەرستگەکاندا ئەنجام دەدرا، لەمەراسیمێکی ئاینیدا دەکردە سەر ناوی باوکی و بەمەش کوڕەکەی دەبووە برای خۆی و تەواوی سامانی باپیری دەدرایە. لێرەوە ئەوانەی نەشارەزایانە بەناو کەوتوون، ئەم پرۆسەی میراتەیان بە پرۆسەی هاوسەرگیری ناوبردووە. لەکاتێکدا پەیوەستە بەمیرات و هەڵگرتنەوەی منداڵەوە. ئەوان ئێژن کە گوایە ئەم کچە هاوسەرگیریی لەگەڵ باوکە مردووەکەیدا کردووە. یان دەبێژن، کاتێك باوکەکە مردووە، پاش مردنەکە، کچەکەیان کردووە بەهاوسەری باوکە مردووەکە و منداڵەکانیان بەناوی باپیریەوە ناوناوە. کە ئەم وەرگێڕانە دوورە لەڕاستییەوە و پرۆسەکە بەو شیوەیەیە کە من باسم کردووە.

دەقەکە وەك خۆی:

هەر ئەیوکزایەك، ( کچێکی تاقانەی بێبرا) ئەتوانێت و بۆی هەیە بۆ بەدەستهێنانەوەی سامانی باوکی، لەمەراسمێکی ئاینیدا و لە ئورمزگە، بەگەواهیدانی دوو کەس، کوڕێکی خۆی بەناوی باوکیەوە تۆمار بکات. ئەو کوڕە هەڵگیراوەیە، تەواوی مافەکانی باوکی پێڕەوایە و خاوەندارێتیی تەواوی سامانەکەیەتی.

دووەم: سەتەرزا ( شیکردنەوەی ووشەکە):

سەت: واتا ( کوڕ تەنها، نێری تەنها، نێرینەی تەنها، کوڕی تاقانە)

ئە( بزوێن) واتا( ئامرازی نەفیکردنە، واتا، نا، نییە، نەماوە، ناژی، نابێت)

ر : واتا( پێداو، دادار، مەند و داری دووای ووشە وەك خاوەندار، هۆشمەند، هەبوو)

زا: واتا ( زان، زایین، بوون، لەدایك بوون)

تەواوی ووشەکە بەسەر یەکەوە دەبێتە ( کوڕی تاقانەی مردوو). بوکێك، تەنها یەك نێرینەی بووە و ئەویش نەژیاوە و مردووە.

لەکاتێکدا، باوك و دایکی ئەم کوڕەش دەمردن و تەنها خوشکێك یان چەند خوشکێکی دەمایەوە، گەورەترین کوڕی کچە گەورەکەی یان کوڕی هەر کچێکیتری بێت، لە پەرستگە، بەگەواهیدانی دوو کەس و لەمەراسیمێکی ئاینیدا بەناوی خاڵیەوە تۆمار دەکرا. بەمەش تەواوی سامانەکەی خاڵوانی و باپیرەی پێدەدرا. ئەوانەی کە نەشارەزایانە دەقەکەیان وەرگێڕاوە یان لە دیدی نوسەرانیتر و تەنها دەماودەم بیستویانە، هێناویانەتە سەر ئەوەی کە گوایە ئەم کوڕە تاقانەیە کە دەمرێت، لەمەراسیمێکدا خوشکەکەی لە برا مردووەکە مارەدەکەن. کە هەرگیز دەقەکە واناڵێت و هەڵەیەکی گەورە کراوە لەم پرسەدا کەتەنها پرسی میراتە.

دەقەکە وەك خۆی:

هەر سەتەرزایەك، ئەتواندرێت و ڕێگەپێدراوە، بەوەی کوڕێکی خوشکی وەك هەڵگیراوە، بەگەواهیی دوو کەس و لە ئورمزگە، بەناویەوە تۆمار بکرێت. کوڕە هەڵگیراوەکە، مافی وەرگرتنی تەواوی سامانی خاڵی دەبێت و خاوەندارێتیی دەکات.

ڕۆحگەراکان، هەمیشە گومان لەهەموو ئەو دۆخانە دەخوڵقێنن کە دەزانن هۆکاری بچوکبوونەوە یان بێئەرزشبوونیانە. بۆ هەڵهاتن و چەواشەکردن، بەهۆکار و بەبێ هۆکار، نەستی ئەوانە دەخرۆشێنن کە گوێیان لێدەگرن. بەزۆری، بە بانگەوازەکانیان، کەزۆر بە لەخۆڕازیبوونەوە بڵاویان دەکەنەوە، خەڵك سەرسام و گێژ دەکەن. خەڵك، بە وتارەکانیان

بەرەو توانایەکی لەدەرەوەی خود، کەگوایە بڕیار و چارەنووسی خودایە، ئاراستە دەکەن. خەڵك، دەخەنە ناو بارێکی دەروونیی خراپی وەهاوە کە سەراسیمە دەبن و نازانن باوەڕ بە گوتەکانی ئەوان بهێنن یان ئەو واقیعەی لەدەوروبەریانە و بەچاوی خۆیان دەیبینن و گوێیان لێی دەبێت و بۆنی دەکەن و هەستی پێدەکەن! هەر لەو ڕووەشەوە بوو من ئەو دەقانەم وەك خۆیان نووسیوەتەوە کە دڵنیام ڕۆحگەراکان، کەتەواوی وتارەکانیان پڕاوپڕن لەفێڵ و تەڵەکە و درۆ، بیشیخوێننەوە، ( غەزالی) ئاسا، بەڵگەی ( شەرعی) بۆ ڕەتکردنەوەی ئەقڵانیەتی دەقەکان کە نوسراون و دیارن و هەن و کاریان پێکراوە، دەهێننەوە. وەك زەرەتۆشترای ڕوناکیبەخش لە گاثاوەکاندا دەفەرموێت( مامۆستایانی خاوەن بیری ئەفسانەیی، پەیامی ڕاستی بەراوەژوو دەکەن. بە گوتارەکانیان، ژیری و بیری چاك پەرێشان دەکەن. شێوەی تێڕوانینی دروست بۆ ژیان لەبەین دەبەن. مامۆستایانی لەم جۆرە، بیری ڕوناك تاریك دەکەن و خەڵکی بەلاڕێدا دەبەن. بۆیە لەبەرامبەریان ڕادەوەستمەوە).

نەریتەکان، دایکی تەواوی ئاینەکانی جیهانن. ئاین، لەناو منداڵدانی نەریتەکانی کۆمەڵگەوە، بە لەسەر وەستانێکی هێواشی بەردەوامی درێژخایەن، لەدایك دەبێت و دەبێتە جیهانبینیی ئەزمونکراو. کە گەیشتە لوليێچی جیهانبینی، دەبێتە ئاین. ئاین، لەڕێگەی نەریتەوە بڵاو ناکرێتەوە، بەڵکو نەریتەکان لەڕێگەی ئاینەوە، وەك جیهانبینی و زانستی فەلسەفی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی و حکومداریکردن( لەچووارچێوەی دەستوور( شەریعەت) و ئەندێشەگەرایی و بیر و گوتە و کردار) دا بڵاو دەکرێنەوە. نەریتەکان، ئەندێشەیی و کردارین، بۆیە لەجێبەجێکردنیاندا پێویستیان بەڕێبەرایەتیکردن و فێرکاریی بەردەوامە. بەهۆی ئەوەش پشت بە ( خوێن، نەتەوە) و ئەفسانە دەبەستێت، بەردەوام کەسانی نوێ بە دەرکەوتەی دیاردە دەروونییە دژ بەیەکەکانەوە دەردەکەون کە سروشت و دەوروبەر، لەتوانای بەرزەفڕی کەسەکەدا، لەتێگەیشتن و هۆنینەوە و داڕشتنی چیرۆکەکاندا، لەوانیتر باشتر بوو، بەبازدانێك لە ڕەوتی باو، دەبێتە چەق. بۆ نموونە، کۆنفۆشیۆس، هیچ یەکێك لەو نەریتە کۆنانەی ناو کۆمەڵگەی چینیی ڕەت نەکردۆتەوە کە گرنگی بە بەرزڕاگرتن و پیرۆزڕاگرتنی ڕۆحی لەپێشینەکانیان دەدا، بەپێچەوانەوە زیندووی ڕاگرتووە، بەڵام، بازدان و نوێگەرییەکەی لە( شیاو بوون) دا بۆ هەموو پرسێك کردووە بە بنچینە. وەك چۆن لەکاروباری بەڕێوەبەرایەتیی حکومڕانیدا ( کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو) ی کرد بە مەرجی سەرکەوتن. کەواتە، داهێنانێکی ووردی لە نەریتەکاندا کردووە. بەڵام، لاوتسۆ، هەر لەهەمان سەردەمدا و لەهەمان کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکیتر ( بازدانی نەریت)ی لەڕەوتی باو دەستپێکرد. لاوتسۆ، لێکۆڵینەوە و ووردبوونەوەی لەنەریت و بیروباوەڕە ئاینیەکاندا، کردە چمکی سەرەکیی جیهانبینیەکانی خۆی و ( ڕێگا) کانی خستەڕوو. وەك خۆی دەڵێت ( بەزمانی چینی: تاو کۆ تاو، ڤێ چێنگ تاو) واتا (

ڕێگایەك کە زانرا و لێیتێگەیشتین، ئیتر ڕێگا نییە). کەواتە ئەو پێی وایە کە نهێنییەك ئاشکرا بوو و زانیاریی وردمان دەربارەی هەبوو، لەسەروەستانی ناوێت و پێویستە بگەڕێین بۆ ڕێگایەکیتر. لەدیدگا و وردبوونەوەکانی ( لاوتسۆ) دا ( چاکە و خراپە) دوو ڕەگەزی ڕۆحگەراییین. بوونیان لەناو بیرو ئەندێشەی مرۆڤدا ئەزەلییە و لەڕێگەی ئەقڵ و زانستەوە هەڵاوێر دەکرێن. لێرەوە دەردەکەوێت کە گۆڕانکاریی بەردەوام لەپەرەسەندنی بیر و لەناو ئەقڵی مرۆڤدا کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر ڕەوتی ئاینی ڕۆحگەرایی.

گۆڕانکاری لەناو ئاینە ڕۆحگەراییەکاندا، کە بە گۆڕانکاری و تازەگەری لەنەریتەکانەوە سەرهەڵدەدات، هەروا ئاسان نایەن بەدەستەوە. بەڵکو، قۆرت و تەگەرەیەکی زۆر و ململانێی تا خوێن و کاولکاری و دەربەدەریی لێ دەکەوێتەوە و بەزۆریش ئازاربەخشن. ئەوەتا، محەمەد، بۆڕازیکردنی دەشتەکیەکان( هێزێکی زۆر و بێشومار و بێخاوەن بوون) بۆ ئەوەی بەبێ ( دەستی دوو، واتا لەڕێگەی بتێکەوە یان کەسێکەوە) گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودادا بکەن، تەواوی ئەو بت و هەیکەلە پیرۆزکراوانە تێکوپێك دەدات کەبەشێکن لەنەریتە باوەکان و خودایەك بە کۆمەڵگەکەی نیشان دەدات کە هیچ کەسێك، لەکاتی گفتوگۆی نێوان ( تاك و خودا) دا بوونی نییە و گفتوگۆکردن لەگەڵیدا تەواو ئازادە. بەڵام، نەیتوانیوە ماڵی هەیکەل و بتە پیرۆزکراوەکان و ( حەج) بگۆڕێت. چونکە، پێشتر هەم ماڵەکە ( کەعبە) و هەم حەج، ببووە نەریتی گشتی و قورەیشیەکان زیاتر لە هەزار ساڵی تەواو کاریان بۆ کردبوو( ئەفسانەی ئەدەبی باڵا، عەلی وەردی). ئەگەر بێینە سەر ( زەرەتۆشترا) ش دەبینین هەر لەیەکەم دەستپێکی بانگەشەکەیدا، کە فرەخودایی و قوربانی بۆ خوداکان و باج دان بە پیاوانی ئاینی ڕەت دەکاتەوە و یەکتاپەرستی و ئازادیی ڕەهای ئاینیی هێنا، لەسەرووی ئەمانەوە، ئاین و دەسەڵاتی لێك جودا کردەوە، ڕاستەوخۆ پەلامار دەدرێت و شاربەدەر دەکرێت. ئەویش لەکۆتاییدا ( کۆمەڵەی خوداکان) ی لە چوارچێوەی ( ئەمیشاسپەنتا، گیانە نەمرەکان) دا هێشتەوە و کردنی بە قۆناغەکانی عیرفان. لەپاڵ ئەمەشدا، بەهۆی ئەوەی کە ( ئاگر) چەقی قورسایی کۆی گشتیی نەریتەکان بوو، وەك خۆی بەپیرۆزکراوی هێشتەوە( سەرچاوە: هەرسێ پەرتوکی: یەشتەکان، یەسناکان، خوردە ئەوێستا).

وێڕای هەموو ڕووبەڕووبوونەوەکان، بڵاوکردنەوەی ئاین لەکۆمەڵگەیەکدا، کەخاوەنی هەمان نەریتە، ڕەنگە تا ڕاددەیەك لەچاو کۆمەڵگە بێگانەکاندا ئاسان بێت. چونکە، لەزۆر لایەندا ئەتوانێت قایلیان بکات، بەڵام، بڵاوکردنەوەی ئاینێك، لەناو کۆمەڵگەیەکی بێگانەدا، کە خاوەنی ئەو نەریتانە نەبێت، لەباشترین حاڵەتدا، لەوپەڕی توندوتیژییدا، بەشێوەی ( لێدانی فەرهەنگی و مێژوویی بۆ وێرانکردنێکی بەردەوام) بەسەریدا دەسەپێندرێت و بەزۆرییش، لەناو ئەو نەریتانەدا دەیتوێنێتەوە. بەهەزاران قوربانیی لێ

دەكەوێتەوە و كۆمەڵكوژ دەكرێن. وەك چۆن ئیبن كەثیر و واقیدی، هەردوكیان بەووردی باسیان كردووە كە ( عومەری كوڕی خەتاب) بەسوپایەكی بێشومارەوە هەڵیكوتایە سەر كوردستان و زیاتر لە یەك ملیۆن پیاوی كوردی كوشت و ملیۆنو نیوێك ژن و كچۆڵەی بە دیلی برد و كردیە كۆیلە و كەنیزەك، لەسەرووی ئەمەشەوە وڵاتەكەی بەتەواوی داگیر كرد و خاپووری كرد. وەك لە شیعرە بەناوبانگەكەی ( پۆراپۆژە)، مەزموگانی سەردەمی عومەر دەردەكەوێت كەلەسەر پێستی ئاسك، بە زمانی ئەو سەردەمە و بەپیتەكانی دیندەپیەرەی كوردی، نوسیبوویەوە و لەئەشكەوتی هەزار مێرد دۆزرایەوە. ئەمەی خوارەوە دەقی شیعرەكەیە كە بەتەواوی ئەو هێرش و پەلامار و كوشتارە گەورەیەی عومەر و سوپاكەی ڕوون دەكاتەوە:

ئورمزگان ڕمان، ئاثەران كوژان.... وێشیان شاردەوە گەورە گەورەكان

بەدكار ئارەب كردنە خاپوور..... گنانی پاڵە هەتا شارەزوور

ژن و كەنیلا وەدیل بشینا........ مەرد ئازا تلیا وەڕووی هوینا

ڕەئوش زەراتۆشت مانۆ بێدەست.... بەزەیكا نەیكا هورمز وەهیچ كەس.

كێشەی ڕۆحگەرایی ئەوەیە، كە لەهیچ ئاینێكیدا، بێجگە لە ( بودیزم و مەزداسەنایی) مرۆڤ، چەق نییە بۆ ژیان و بوون. وەك ئەناهیتا، ژنە پێغەمبەری كورد، لە پەرتوكی گیوشدا، ئەڵێت( ڕێكەوتی بەیەكگەیشتنی تۆوێكی نێرینە و هێلكەیەكی مێینە، هەستی پەیبردن بە بوون پێكدەهێنێت. مرۆڤ، كەزیرەكترین بوونەوەری سەر زەوییە، لەهەستەكانی خۆیەوە و بەپێی وێنە ئەندێشەییەكانی، شوناسی بۆداناوە و بوونی بنیاد ناوە. دەنا، بوون بۆ خۆی، بێجگە لەهەستیمەندیی مرۆڤ، هیچ مانایەكی نییە. تۆوەكانی بوون، لەئاسمانەوە، لەگەڵ پارچەیەك ئەستێرەدا و لەشێوەی وردەڵە متبووە قاوخدارە ڕەقەكاندا، كەبەرگەی هەزاران جار گەرمی و تیشكی سوتێنەریان گرتووە، هاتنە سەر زەوی. ئەوان، لەجێگا دوورە دەستەكانەوە بەهەزاران هەزار ساڵ، گەیشتنە سەرزەوی و دووایە گەشەیان كرد بۆ پۆلەكانی بوونەوەرەكانی ئێستا كەلەسەر زەوی هەن و لە شێوە و ژیانكردن و سروشتیاندا جیاوازن. بەڵام، بەهەموو جیاوازیەكانیانەوە، ئەوان، ڕەچەڵەكیان یەكە). بەڵام، ئاینە ڕۆحگەراییەكان، بەتایبەت ئاینە سامیەكان، بوونی مرۆڤ و زەوی و مێژووەكەی دەبەستنەوە بەوكاتەی كە ( خودا) دەستیكردووە بە دروستكردنی پیاوێك لەقوڕ. زەرەتۆشترای پەیامبەری مەزداسەنایی، دەربارەی دژ بەیەكبوونی هەردوو بیركردنەوەی ( ڕۆحگەرایی و ڕاستیگەرایی) لە یەسناكان، هایتی ٤٥ و بڕگەی ٢ دا دەبێژێت( گوێرادێرن، ئێستا پەیامێكتان پێڕادەگەیەنم. لە دوو شێوەی تێفكریندا، یەكێكیان پێشبەرندەیە و ئەویتریان ( بەرگر و بەربەست و وەستاوە). ئەو دووانە ( ئەندێشەی

ڕوناك و ئەندێشەی تاریک) ن. ئەوان، نە ئاین و نە ئاوەز و نەباوەڕ و نە گوتار و نەکردار و نە ویژدان و نە هەستیان بەیەکەوە سازگار و تەبا نین و تەواو پێچەوانەن). دەقی گاثاوەکە بە زمانی ئەوێستایی بەم شێوەیە هاتووە: ئەت فرەڤەخشیا ئەنگهێوش مەینیۆ پەئورویی. یەیاو سپەنیاو ئۆیتێ مرەڤەت یێم ئەنگریم. نۆیت نا مەناو نۆیت سێنگها نۆیت خرەتەڤۆ. نەیدا ڤەرەنا نۆیت وخذا نەیدا شیەوثەنا. نۆیت دەیناو نۆیت ئورڤانۆ هەچەینتی.

هەر زەرەثۆشترا، دەربارەی ئەو دوو جۆرە لە ئەندێشە و جیهانبینی کە ئەو بە ئەندێشەی ڕوناك و ئەندێشەی تاریکی وەسف کردووە، هەردوو ڕەگەزی چاك و خراپی تێدا هەڵاوێردە دەکات و چاك دەکاتە ڕێگەی خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بەئاسودەگی و خۆشبەختی کەبەلای ئەوەوە باشترین شێوازی ژیانکردنە، لە هەمان یەسنای ٤٥ و بڕگەی ٤ دا دەبێژێت: گوێڕادێرن، پەیامێکتان لەسەر باشترین شێوازی ژیان پێشکەش دەکەم، شێوازێك کە لەتیشکی ڕاستیدا تێیگەیشتووم، هەر بەو شێوازەی کە مەزدا ئەهورا بە مرۆڤگەلی پێشکەش کردووە. مەزدایەك کە سەرچاوەی ئەندێشەی چاکە و ئەندێشەی چاکی بۆ کار و خەبات ئافراندووە. مەزدایەك کەسەرچاوەی ئاسودەییە و ئاسودەیی بۆ کرداری چاك ئافراندووە.

ئەگەر ( لاوتسۆ) ئاسا، زۆر وردبیینەوە ئەبینین زەرەثۆشترا، بوون و ژیان لەچوارچێوەی ئایندا دەکاتە جیهانی هەستیمەندیی مرۆڤ و بەتەواوی لەڕۆحگەرایی دایدەماڵێت. هەستیمەندیی خەردمەندیانە ( ئەقڵانی) بەخۆشبەختی شیکردۆتەوە. هەر ئەوەی کە ژیان بریتی بێت لە هەستپێکردنەکانی مرۆڤ. ئەگەر هەستەوەرەکان لەمێشکی مرۆڤ داببڕدرێت، بوون هیچ مانایەکی نابێت. وەك لە یەسنا، هاتی ٤٣، بڕگەی ١ دا دەڵێت: ئەهورا مەزدای بەتوانا، بناغەی ئاینی هەستیی ئاوا داناوە، خۆشبەختی بۆ کەسێکە، کە خۆشبەختی، بە خەڵکیتر ببەخشێت..... هەر لەم گوتەیەی زەرەثۆشتراوە دەردەکەوێت کە ژیان و بوون بەستراوەتەوە بە هەست و توانای هەستپێکردنی مێشکی مرۆڤەوە کە هەستەوەرەکانی بۆی دابین دەکەن و شوناس بەدەوروبەری خۆی پێدەدات. بەم پێیە، بوون و ژیان، خۆشبەختییە و لەلایەن گێتییەوە بە هەر مرۆڤێك، لەڕێکەوتێکدا، دەبەخشرێت. ئەمە ئەو بیرۆکە نوێگەرییە بوو کە زەرەثۆشترا لەسەر بناغەی کەلاوەکۆنەکانی ئەناهیتا، هەڵیچنیوە.

ئاین، خاوەندارێتی لە بیرکردنەوەی گشتی دەکات و ڕێگە بەتاك نادات ئازادیی خۆی لەبیرکردنەوەدا، تاقی بکاتەوە. چونکە ئاین، گەورە و خاوەندارێکی بۆ تاك و کۆمەڵگە بەگشتی هێناوە، کە ئەویش خودایە. خودا، وەك بوونەوەرێکی باڵای خاوەن هێز و توانای جاویدانی و ئافرێنەری گشتی و تایبەتیی تاك و کۆمەڵگە بۆ بچوکێتی و بەباوککردنی ئاراستەی دەکات. هێزی مرۆیی پێبەخشیوە و دەستوور و دەسەڵاتی بۆ بنیاد ناوە. (

ئەلبێرت کامۆ) لە ( ئەفسانەی سیزیف) دا، دەبێژێت( کێشەی ئازادی وەکو خۆی، هیچ مانایەکی نییە. لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز، بەندە بەکێشەی خوداوە. زانینی ئەوەی کە مرۆڤ ئازادە یان نا، بەوەوە بەستراوەتەوە کە داخۆ گەورەیەکی هەیە یان نا. ...... لەسای بوونی خودادا، هێندەی کێشەی خراپە هەیە، ئەوەندە کێشەی ئازادی نییە. تۆ، ئەڵتەرناتیڤەکە دەزانیت. یان ئەوەتانێ ئێمە ئازاد نیین و خودای بەهێز و بەتوانا لە خراپە بەرپرسیارە، یاخود ئەوەتانێ ئێمە ئازاد و بەرپرسیارین، بەڵام خودا بەهێز و بەتوانا نییە). هەرچەندە ئاین، خودا بە دروستکەری گێتی و بوونەوەرەکان و ژیان دەزانێت، کەچی، بەرپرسیارێتی و خراپە دەخاتە گەردنی مرۆڤ و لەو بوونەوەرە باڵایەی دوور خستۆتەوە کە هەر خۆی دەڵێت خاوەنی هەموو گشتەکانە. ڕۆحیش وەك بەشێك لەخودا، دەبەخشێتە مرۆڤ و لەچیرۆککگەلێکی ئەفسانەدا، نەمرێتیی پێ بەرهەم دەهێنێت. کە لەڕاستیدا، ( ڕۆح، ئورڤان) بەرهەمێکی دەزگای جەستەیە بۆ ژیانکردنی و سروشتی دروستبوونیەتی. لەگەڵ کۆتایی ژیاندا، ئیدی ئەویش، وەك گڵۆپێکی کارەبا، دەکوژێتەوە و بۆ ئەبەد کۆتایی پێدێت.

کۆتایی

**سەرچاوەکان:**

١- فرهنگ واژهای اوستا/ احسان بهرامی ( بەشی یەك بۆ چووار).

٢- لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتیانە لە مێژووی خەڵکی عێراق/ شەش بەش/ نووسینی: عەلی وەردی

٢- ئەفسانەی ئەدەبی باڵا/ نوسینی: عەلی وەردی، وەرگێڕانی کامیل مەحمود.

٤- یاداشتهای گاثاها/ نگارش، پورداود

٥- زەردەشت و ئاڤێستا و فەلسەفەی یەکتاپەرستی/ نوسینی: فەرهاد عەبدولحەمید پاڵەوان.

٦- ابن ڕوشد/ نوسینی: مجدی کامل، وەرگێڕانی، سەعید بەشیر

٧- تهاتف التهاتف/ ابن روشد

٨- تهاتف الفلاسفه/ للامام الغزالی، تحقیق: سلیمان دنیا.

٩- احیاء علوم الدین/ امام الغزالی

١٠- الکشف عن منهاج الادله فی عقائد المله/ ابن روشد

١١- لۆژیکی ئبن خەلدون/ نوسینی: عەلی وەردی، وەرگێڕانی، عەبدوڵا جەبار

١٢- گیئوش، ( بەزمانی ئەوێستایی و نوسینی دیندەپیرە) یانێم ئەناهیتا( سروش، وەحی ئەناهیتا)، چاپی بۆمبای، هندستان.

١٣- خوردە ئەوێستا/ چاپی بۆمبای، هندستان ( بەزمانی ئەوێستایی و نوسینی دیندەپیرە).

١٤- ڤەندیدات.

١٥- ئەفسانەی سیزیف/ نوسینی: ئەلبێرت کامۆ، وەرگێرانی ئازاد بەرزنجی.

١٦- یشتها/ پورداود، ( بەشی یەکەم و دووەم).

١٧- واژەنامە پهلوی پازند/ سعید عریان.

١٨- هفت هات/ علی اکبر جعفری.

١٩- اوستا، نامە مینوی آین زرتشت/ جلیل دوستخواە.

٢٠- اوستا، کهن ترین گنجنە مکتوب ایران باستان/ هاشم رضی.

٢١- ويسپرد/ ابراهيم پورداود.

٢٢- كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا/ حەسەن مەحمود حەمەكەریم.

٢٣- كوردستان و پرۆسەی بەئیسلام كردنی كورد/ شوان عوسمان مستەفا.

٢٤- كوردستان و ئاینی ئیسلام/ امام واقدی، وەرگێرانی زەردەشت. ك. مكایڵی.

٢٥- گاڵتەجارِیەكانی عەقڵی مرۆڤ/ عەلی وەردی.

٢٦- گاتاها، سرودهای اشوزرتشت/ دكتر آپتن ساسانفر.

٢٧- A study of the five Zarathushtrian Gathas/ Lawrence. H. Mills. DD. 1894

٢٨- The Book of Rites (Li Ji)

٢٩- The Ethics of Confucius/ Meles Menander Dawson

٣٠- Tao Te Ching/ By: Lao tzu, John Minford

٣١- فرهنگ ایران باستان/ ابراهيم پورداود.

٣٢- تاريخ الزرادشتيه من بدايه حتى القرن العشرين/ مارى بويس، د. خليل عبدالرحمن.

٣٣- مجموعه سخنرانى هاى موبد موبدان رستم شهرزادى.

٣٤- Avesta Language/ Kavasji Edalji Kanga/ 1891

٣٥- زەبوور.

٣٦- قورئان.

٣٧- پەرتوكی پەیمانی نوێ و پەسنییەكان.

٣٨- تەفسیری نامی/ مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس ( لەبەشی یەكەمەوە تاكو بەشی شەشەم).

٣٩- المناظر/ الحسن ابن الهيثم.

٤٠- شخصيات و مذاهب فلسفيه/ ابن سينا.

٤١- قانون/ ابن سينا.

٤٢- تەورات.